
KURDISTAN


ژن، ژیان، ئازادی
WOMAN LIFE FREEDOM
ورمێ
ڕۆژهەڵات
سنە
کرماشان
لۆرستان
ئیلام
نەسرەوتن تا سەرکەوتن
بەشی: ٢١
کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

# ناملکەی(ژن، ژیان، ئازادی)

## بەشی؛ ٢١

بەشێک لە وتارو نوسراوە و وتوویژو نووسەران سەبارەت ڕاپەڕینی(ژن، ژیان، ئازادی) لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و سەراسەری ئێران کە پێشتر لە ماڵپەڕ و تۆڕەکۆمەڵاتییەکان بڵاو کراونەتەوە.

منیش ئەم کۆکراوەیە لە دووتۆیی ئەم نامیلکەیە دا دەیخەمە بەرچاوی ئێوەی خۆشەویست.

سپاس و پێزانین بۆ نووسەرانی ئەم نامیلکەیە.

کۆی نامیلکەکە ١٠١ لاپەڕەوە ٢٦ی بابەتن.

ناوەڕۆکی بابەتە و نووسراوەکان راو بۆچوونی و تێبینیی نووسەران خۆیانن. بەندە لێیان بەرپرسیار نیم.

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی



# پێڕست


١- بڕیاردان لەسەر مافی دیاریکردنی چارەنووس وەک مافێکی سروشتی و یاساییی دانپێدانراو ...... عومەر باڵەکی ..... ٥

٢- ژن، ژیان، ئازادی، میراتی خەباتی نەتەوەیەکی یەکسانیخواز، لە هەناوی کۆمارەوە هەتا شۆڕشی ژینا ..............

.............................................................................. د. کوێستان گادانی ..... ١٠

٣- کۆماری کوردستان و کۆمارەکانی سەرشەقام ..................................................... سۆران عەلیپوور ..... ١٤

٤- ئاستەنگ و دەرفەتەکانی بەردەم دروستکردنەوەی کۆماری کوردستان ............................ هاشم ڕۆستەمی ..... ١٧

٥- هاواری شوناسخوازیی کرماشان ............................................................ باوان کرماشانی ..... ٢٢

٦- وەکالەتی سیاسی و دەرەنجامە سیاسییەکانی ................................................. محەممەد سلێمانی ..... ٢٥

٧- یەکپارچەیی هەرێمی یا مافی گەل بۆ دیاریکردنی چارەنووس ................................ کەریم پەرویزی ..... ٢٨

٨- دێموکراسی لە ڕوانگەی منی کوردەوە ................................................ ئەلبورز ڕۆئین‌تەن ..... ٣٢

٩- قوماره گەورەکەی ئێران ................................................................ ئامانج زیبایی ..... ٣٧

١٠- شۆڕش لە دڵی هێزە کۆمەڵایەتییەکانەوە سەر هەڵ دەدات ................................ سۆران شەمسی ..... ٤٠

١١- ئەسلاح خوازانی حکومەتی ناتوانن کەشتی تۆفان لێدراوی ڕژیمی ئیسلامی ڕزگار بکەن .......... سایتی پەیام ..... ٤٥

١٢- وتوویژ د. ئاسۆ حەسەن زادە لەگەڵ ڕۆژنامەی «ئاگری»........................... دیمانە: حەسەن موکەرەم ...... ٤٧

١٣- کاتێک جێگای شاکی و تاونبار دەگۆڕێ ........................................................ سایتی پەیام ..... ٥٢

١٤- دوایین پەلەقاژەکان بۆ مانەوە ............................................................... ئاسۆ مینبەری ...... ٥٤

١٥- جیهان لە بەرامبەر کۆماری ئیسلامییدا ...................................................... ڕێباز مەلەکشاهی ..... ٥٧

١٦- باسی هاوپەیمانی و چەند سەرنجێک ........................................................ ئارەش ساڵح ..... ٦٠

١٧- گەڵاڵەی ڕیفراندۆم و دانی وەکالەت لە بەرانەرکێ لەگەڵ درێژەی ئاخیزێکی شۆڕشگێرانەدا ..... سایتی پەیام ..... ٦٤

١٨- وتەی بەڕێزعەبدوڵا موهتەدی بۆ کۆبوونەوەی زانکۆی جۆرج تاون لە واشنتن دی.سی ............................... ٦٧

١٩- کورد لە نێوان کۆماریخوازیی موجاهیدین و سەڵتەنەت تەڵەبیی کوڕی شادا .................. تاهیر قاسمی ..... ٦٨

٢٠- کۆبونەوەی زانستگای جۆرج تاون ........................................................... مستەفا شڵماشی ..... ٧١

٢١- شۆڕشی ژینا، ئاستەنگ و لەمپەرەکانی بەردەم پەرەسەندنی ................................ مریەم عەلیپوور ..... ٧٣
٢٢- جووڵانەوەی مافخوازانەی گەلی کورد و کاریگەریی لەسەر ڕاپەرینی ژینا ....................... عومەر باڵەکی ..... ٨١
٢٣- پەیوەندیی نێوان دیموکراسی و مافی نەتەوەیی ............................................. مستەفا شڵماشی ..... ٨٧
٢٤- هێزە سیاسییەکانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کاری قورس و ئەرکی گرانیان لەسەر شانە ... کەماڵ گرویسی ... ٩١
٢٥- بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانە و ئەو کۆسپانەی کە دەبێ بناسرێن ..................................... سایتی پەیام ..... ٩٣
٢٦- لە پێنج مانگەی شۆڕشی ژینادا ........................................................... ئەهوەن ڕۆژهەڵاتی ..... ٩٦



## بڕیاردان لەسەر مافی دیاریکردنی چارەنووس وەک مافێکی سروشتی و یاسایی دانپێدانراو



**عومەر باڵەکی**

کوژرانی ژینا ئەمینی کچەکوردی سەقزی کە ڕۆژی ٢٥ی خەرمانانی ١٤٠١هەتاوی لە تاران بە دەستی پۆلیسی گەشتی ئیرشاد شەهید بوو، نارەزایەتی بەربەرینی خەڵکی ئێرانی لێ کەوتەوە، بە چەشنێک کە دەتوانین بڵێین شەهیدبوونی ژینا و ئاخێزی نوێی خەڵک بە دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" دەستپێکی قۆناخێکی نوێ لە خەباتی خەڵکی ئێران بەدژی سیستمی سیاسی و دەسەڵاتداریی کۆماری ئیسلامییە. بە چەشنێک کە نارەزایەتییەکانی بە شەهیدکردنی ژینا ئەمینی شار و ناوچە جۆراوجۆرەکان لە سەرانسەری ئێرانی گرتەوە و بێ جیاوازیی نەتەوەیی و ئایینی و مەزهەبی، هەموو گەلانی ئێران تێیدا بەشدار بوون.

لەگەڵ ئەوەدا کە هەر لە ڕۆژی یەکەمەوە سەرکوتی خۆپێشاندەران لەلایەن هێزە سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامییەوە بەتوندی دەستی پێ کرد، بەڵام تەوژمی ڕاپەرینەکە بە چەشنێک بوو کە وا بەئاسانی هێزە سەرکوتکەرەکانی نیزام نەیانەدەتوانی نارەزایەتییەکانی سەرشەقام لە سەرانسەری ئێران سەرکوت بکەن و هەر ئەوە وای کرد کە دنیای دەرەوە بەتەواوی هەست بە پێگەی لاوازی نیزامی سیاسیی کۆماری ئیسلامی لە نێوخۆی وڵات بکا و هەم هەست بە ئیرادەی گەلانی ئێران کرا کە تێکڕا خوازیاری نەمانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانن. لەلایەکی دیکەوە ڕاپەرینی ژینا سەلماندی کە بە

ئۆپۆزیسیۆنی پرش‌وبڵاو ناکرێ بەهانای خەڵکی وەزاڵەهاتوو لە دەستی کۆماری ئیسلامییەوە بچێت و ببێتە بەدیل و جێگرەوە. هەر ئەوەش وای کردووە کە ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی لە دەرەوەی وڵات هەرکام بە شێوازی خۆیان بکەونە خۆ بۆ ئەوەی هاوپەیمانییەک لەنێوان هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن پێک بێ و بە هاوکاریی نارەزایەتییەکان لە نێوخۆی وڵات بتوانرێ هەل و بواری باشتر بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی خۆش ببێت.

لەو نێوەدا چەغماخەی ڕاپەرینی ژینا بە شوعاری "ژن، ژیان، ئازادی" لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە و بە ئیرادەی گەلی کورد و لەسەر داوای ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران لێ درا و ئەوجاریش کوردستان بوو بە ناوەندی نارەزایەتییەکان بەدژی حاکمییەتی کۆماری ئیسلامی و دەرکەوت لە خەبات بەدژی نیزامی کۆماری ئیسلامیدا، کوردستان زۆر جیاوازترە لە ناوچەکانی دیکەی ئێران. ویست و داخوازیی کۆمەڵگەی کوردستان جگە لە هەوڵدان بۆ ژیانی باش و خۆشبژیوی و ئازادییە تاکەکەسییەکان، خەباتێکی بەردەوام و خوێناوی لەو ماوەی ٧٨ ساڵی ڕابردوو دا بۆ دەستەبەرکردنەوەی مافە نەتەوایەتییەکانی هەم لە سەردەمی ڕێژیمی پاشایەتی و هەم لە سەردەمی نیزامی کۆماری ئیسلامی سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن و بەپێچەوانەی پروپاگەندەی دەزگای ڕاگەیاندن و تەبلیغاتیی هەردوو ڕێژیم ئەو ویستە نەتەوایەتی و شوناسخوازییە، ویستی ڕەهای کۆمەڵگەی کوردستانە کە لە سیاسەت و بەرنامەی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا ڕەنگی داوەتەوە و بۆتە بنەمای سیاسەتدارێژی و خەباتی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

ئێستا پاش تێپەڕینی چوار مانگ بە سەر ڕاپەرینی ژینا، هەم لە نێوخۆی ئێران و هەم لە دەرەوەی وڵات بەتایبەتی لە بازنەی سیاسەتی نێودەوڵەتیدا دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی فشاری زۆریان لەسەرە، بە ڕادەیەک کە هەموو لایەک هەست بەو دەکەن کە ئۆپۆزیسیونی دژبەری کۆماری ئیسلامی دەبێ پەلە بکات لە پێکهێنانی هاوپەیمانییەکی بەهێز کە هەموو لایەنەکان لە خۆ بگرێ، بۆ ئەوەی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی نەتوانن لەوەندە زیاتر خوێنی ڕۆڵە بێتاوانەکانی ئەو وڵاتە بڕێژن و درێژە بە دەسەڵاتی کۆنەپەرەستانەی خۆیان بدەن. بە ڕواڵەتیش هەموو لایەک لە ئۆپۆزیسیونی کۆماری ئیسلامی هەستیان بەو دۆخ و زەروورەتە کردووە، بەڵام ئەوی جێگای سەرنج و لێوردبوونەوەیە ئەوە کە بەشێک لە ئۆپۆزیسیونی کۆماری ئیسلامی لە لێدوان و گوتاریاندا بەئاشکرا دژایەتیی گەلی کورد دەکەن و لەهەمبەر مافی ڕەوا و بەرحەقی ئەو نەتەوەیە کە ڕووبارێک خوێنی بۆ داوە، هەر بە تەشییە کۆنەکەی دەسەڵاتدارانی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامی دەیڕێسن. ئەوان بەبێ ئەوەی خەبات و بەربەرەکانیی ئەو ماوە دوورودرێژەی گەلی کوردیان لە بەرچاو بێ، تۆمەتی یەکسان و وەکیەک لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بە گەلی کورد و حیزبەکانی کوردستان دەبەشنەوە.

ئەگەر گەلی کورد و حیزبەکانی کوردستانی ئێران خاڵی هاوبەشیان لەگەڵ ئۆپۆزیسیون، ڕووخانی نیزامی کۆماری ئیسلامییە، بە اخەوە ئەو بەشە لە ئۆپۆزیسیۆنیش لەگەڵ کۆماری ئیسلامی خاڵی هاوبەشیان ڕوو بە خەباتی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان ئەوەیە کە هەر دووکیان بە تۆمەتی "تجزیەطلبی" هێرشی ناڕەوا دەکەنە سەر بزووتنەوەی کوردستان. ئەویش لە کاتێکدا کە لە سەردەمی ئێستادا و بەپێی قانوونە نێو نەتەوەییەکان، جیابوونەوەی نەتەوەیەک لەو وڵاتەی کە تەنیا نەتەوەیەک دەسەڵاتدارە و مافی تاکوکۆی نەتەوەکانی دیکەی تێدا پێخوست و بە ناوی قانوون و دین و مەزهەبەوە هەموو مافە سروشتی و ئینسانییەکانیان بەئاشکرا پێشێل دەکرێ، نەک تاوان نییە. بەڵکوو مافێکی سروشتی و قانوونیی ئەو نەتەوەیەیە کە لە هەموو مافەکانی بێبەش کراوە. بەڵام باشە وەبیر ئەو لایەنانە بهێنینەوە کە لە ئەدەبیاتی سیاسیی نوسراو و گوتراوی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بە تایبەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە لە مەیدانی خەبات بۆ وەدەستخستنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لەو پارچە لە کوردستاندا هەبوون و هەن باسێکی لەو بابەتە کە کورد لە بەرنامەیدایە لە ئێران جیا ببێتەوە نەبووە و نییە. ئەدی هۆکاری چییە کە وا بزوتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کەوتۆتە بەر هێرشی هەر دوولایەنی دژبەری یەکتر؟ وڵامی ئەو پرسیارە دەتوانێ ئەمە بێت کە هەم ئەو بەشە لە ئۆپۆزیسیون وهەم کۆماری ئیسلامی کە هێرش دەکەنە سەر بزووتنەوەی کورد، ئامانجی خۆیان هەیە. ئامانجی ئەو بەشە لە ئۆپۆزیسیون بەتایبەتی لایەنگرانی زیندووکردنەوەی پاشایەتی ئەوەیە کە کورد بخەنە سەنگەری بەرگری و بە جێگای بەشداریکردنی چالاکانە لە پرۆسەی سیاسیی داهاتووەی ئێران لە هەوڵی سەلماندنی ئەوەدا بێ کە نایهەوێ لە ئێران جیا بێتەوە. دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامییش هەمان تێڕوانینیان هەیە بەڵام بەو ئامانجە کە گەلانی دیکەی ئێران لە بزووتنەوەی کوردستان بترسێنن، گوایە کوردەکان دەیانهەوێ لە ئێران جیا ببنەوە و بۆ تەکمیلکردنی ئەو سیناریویە دیسان دەست دەبنەوە بۆ ئەو تۆمەتە بێبنەمایە کە جووڵانەوەی میللی دێموکراتیکی گەلی کورد دەستکیسی وڵاتانی دەرەکییە.

لە سەردەمی ڕێژیمی پاشایەتیدا مێژووی جووڵانەوەی مافخوازانەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان چەواشە دەکرا و دەگوترا سەر بە وڵاتانی کۆمۆنیستی و بەرەی یەکیەتیی سۆڤییەتە، لە نیزامی کۆماری ئیسلامییشدا تەنیا عینوان و ئادرەسەکەیان لە ماوەی ئەو ٤٣ساڵە دا گۆڕاوە و دەڵێین بزووتنەوەی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان سەر بە دەوڵەتانی ڕۆژئاوا بە تایبەتی ئەمریکا و ئیسرائیلە، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ تێڕوانینی ئەو دەستە و تاقمە کە نایانهەوێ تێ بگەن و لە هەمانکاتدا چاوی دیتنی ئەو ڕاستییەیان نییە کە حیزبەکان و جووڵانەوەی مافخوازانەی کورد هەڵقوڵاوی ناخی کۆمەڵگەی کوردستانە و بە چەواشەکردنی ڕاستییەکان و سەرکوت و زەبروزەنگ ناتوانن گەلی کورد لە وەدەستخستنەوەی مافەکانی پاشگەز بکەنەوە و تەسلیمی بکەن.

لە سەردەمی ئێستادا مافی دیاریکردنی چارەنووس چ لە بازنەی مافەکانی نێوخۆیی و چ لە بازنەی مافەکانی نێونەتەوەییدا

بۆتە چەمکێکی دیار و بەرچاوی قانوونە نێونەتەوەییەکان و مافی مرۆڤ. ڕەنگدانەوەی مافی دیاریکردنی چارەنووس لە قانوونە نێونەتەوەییەکان و مافەکانی مرۆڤ بە ڕادەیەک دیارە کە ناتوانرێ سەرنجیان پێ نەدرێ. چونکە مافی دیاریکردنی چارەنووس لە قانوونە نێونەتەوەییەکاندا بۆتە قاعیدەیەکی ئەمری و بنەمای پاراستنی مافەکانی مرۆڤە بە چەشنێک لادان لەو قاعیدە بەرپرسایەتیی قانوونی بۆ دەوڵەتەکان دروست دەکا، بە واتایەکی دیکە ئەو ئەسڵە پابەندییەکی گشتی بۆ دەوڵەتەکان لە بەرانبەر کۆمەڵگەی جیهانیدا پێک دێنێ.

ئەسلی مافی دیاریکردنی چارەنووس وەک مافێکی بنەڕەتی بنەمای مافەکانی مرۆڤ پێک دێنی کە بەپێی ئەو ئەسلە هەموو تاکوکۆی کۆمەڵگە، بێ لە بەرچاوگرتنی جیاوازییە نەتەوایەتی و ئایینی و مەزهەبی و ڕەگەزی دەتوانن لە بڕیاردان و بەڕێوەبردنی هەموو کاروباری پێوەندیدار بە خۆیان لە بوارەکانی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیدا بەشدار بن و بڕیاری لەسەر بدەن، بەو واتایە کە مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەکان ئاکامی کۆکراوەی مافی دیاریکردنی چارەنووسی تاکەکانی کۆمەڵگەیە. مافی هەڵبژاردن و بڕیاردانی تاک لە بستێنی گشتی و نیشتمانیدا و لە ئاکامدا وەک مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوە خۆ دەنوێنێ.

گەلی کورد لەو بەشە لە کوردستان کە کەوتۆتە ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی تاران لانیکەم لە سەد ساڵی ڕابردوودا و لە دوای پێکهاتنی دەوڵەت نەتەوە لەسەر دەستی "ڕەزاخان" لە مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆی بێبەش کراوە. ماوەی ٧٨ساڵێشە حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ وەدەستخستنی ئەو مافە سروشتییە زەوتکراوەی گەلی کورد لەو پارچە لە کوردستان خەبات دەکا و لەسەر ئەو باوەڕەیە بەبێ دانان بە مافی نەتەوەکانی پێکهێنەری ئێران لەلایەن هەر دەسەڵاتێک کە لە تاران لەسەر کار بێ، ناکرێ و ناتواندرێ حکوومەتێکی سەقامگیر و هەموو لەو وڵاتەدا چێ بێ.

لە مادەی یەکەم و دووهەمی بەرنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا هاتووە کە: حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران حیزبی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی ئێرانە و شان بە شانی هێزە پێشکەوتنخوازەکانی سەرانسەری ئێران بۆ دامەزراندنی سیستمێکی دێموکراتیکی فیدرالی لە ئێران و وەدەستهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلی کورد لە کوردستانی ئێراندا خەبات دەکا و دروشمی ستراتێژیکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەدەستهێنانی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدایە. هەروەک لە ناوەڕۆکی ئەو دوو ماددەیە لە بەرنامەی حیزبی دێموکراتدا دەر دەکەوێ کە تەنیا ڕێگای گەیشتن بە مافەکانی گەلی کورد خەباتی هاوبەشە لەگەڵ هێزە پێشکەوتووەکانی سەرانسەری ئێران کە باوەڕیان بە دیاریکردنی مافی چارەنووس بۆ تاک وکۆی کۆمەڵگەی ئێران هەبێ و ئەو ڕاستییەی کۆمەڵگەی ئێرانیان لا سەلمێندرا بێ کە ئێران وڵاتێکی فرە نەتەوەیە و لە

وڵاتێکـی ئێرانـی فـرە نەتەوەدا بـۆ دامەزرانـدنی حکـوومەتێکی دێموکراتێـک و سـەردەمیانە پێویسـتی بە یەکیەتییەکـی داخوازانەی هەموو گەلانی ئێران هەیە. هەموو کات حیزبی دێموکرات لە سەر ئەو باوەرە بووە و هەیە کە مـافی بریـاردان لە چارەنووس پێوەنـدییەکی دوولایەنەیەی هەیە بە دێموکراسی وپاراستنی مافەکـانی مرۆڤ. واتـا هەر سیستمێکی سیاسیی لە داهـاتووی ئێرانـدا ئەگەر لەسـەر بنەمـای دێموکراتیـک و پاراسـتنی مافەکـانی مـرۆڤ دانەمەزرابـێ، نـاتوانی پابەنـدی ئەو ئەسڵەبێ کە تـاک لە کۆمەڵگەدا و کۆمەڵگە بەگشتی لەسەر چارەنووسی خۆی بتوانێ بڕیار بدات.

ئەم بابەتە لە ژمارەی٨٤٠ی ڕۆژنامەی کوردستان بڵاو کراوەتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٥ی ڕێبەندانی ١٤٠١ی هەتاوی = ٤ی فێبریوێری ٢٠٢٣

---

# ژن، ژیان، ئازادی، میراتی خەباتی نەتەوەیەکی یەکسانیخواز، لە هەناوی کۆمارەوە هەتا شۆڕشی ژینا




د. کوێستان گادانی

"کۆماری کوردستان" کە ٧٧ سال لەمەوبەر لەسەر دەستی حیزبی دێموکراتی کوردستان دامەزرا، لاپەرەیەکی پڕ لە شانازیی گەلێکە کە بەردەوام بۆ ڕزگاری نەتەوەیی خۆی هەوڵی داوە. دەسکەوتەکانی کۆمارەکەش بەری ڕەنج و هەروەها وەدیهاتنی ئاوات و ئامانجی چەندین پشتی خەباتگێڕانی نەتەوەکەمان بوو. ئەم کۆمارە لە ١١ مانگدا کە بۆ بنیاتنان و بەڕێوەبردنی کیانێکی سیاسی ماوەیەکی زۆر کەمە، هەندێک هەنگاوی بڕی و کۆمەڵە ڕچەشکێنییەکی کرد کە زۆربەی گۆڕانکارییەکانی دواتر لەسەر بنەمای ئەو هەنگاوانە ڕوویان دا. بەشدارکردنی خەڵک لە دیاریکردنی چارەنووسیان و کردنەوەی مەیدان بۆ تێکۆشانی سیاسی - کۆمەڵایەتی بەتایبەت بۆ ژنان یەک لەو ڕچەشکێنی و هەنگاوە بەنرخانەی کۆمارە.

ئەمساڵ لە کاتێکدا ساڵیادی دامەزرانی کۆماری کوردستان ڕێزی لێ گیرا، کە ماوەی زیاتر لە چوار مانگە شۆڕشێکی گشتگیر و جەماوەری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە هەموو بەشەکانی ئێرانی داگرتووە. ڕاپەڕینێک کە تەواوەتیی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی کردووەتە ئامانج و ڕێژیمیش بە پیشەی هەمیشەیی خۆی، واتە سەرکوتی خوێناوی، گرتن و

بەندکردنی خەڵکانی نارازی، ئێعدامی ڕۆڵە پێشەنگەکان و بەردەوامی لە سیاسەتی شەڕخوازانەی بەرەوڕووی خەڵک بۆتەوە. ئەوەش هەم بووەتە هۆی کەوتنەسەریەکی قەیرانە کەڵەکەبووەکان و دروستبوونی هەلومەرجێکی ناسک و بە ئەگەری ڕوودانی پێشهاتە چاوەڕواننەکراوەکان. کۆی قەیرانەکانی ئێستای وڵات کۆماری ئیسلامیی تووشی بۆنبەستی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی کردووە؛ بۆیەشە بە پەنابردنە بەر چەک و سەرکوت و توندوتیژی لە نێوخۆی وڵات و قەیرانخوڵقێنی لە دەرەوەی سنوورەکانی دەیەوێ بەر بە ڕووخانی بگرێت و ئەوەندەی بۆی دەکرێ تەمەنی دەسەڵاتەکەی درێژ بکاتەوە.

دەڵێن بابەتێک کە بوو بە مێژوو، ئیدی تەواو دەبێت و نامێنێت، بەلام ئێمە دوای ٧٧ سال دەبینین پێچەوانەی ئەوەی لە مێژوودا نوختەی کۆتایی لەسەر دادەندرێ، کەچی کۆماری کوردستان بە نەمانی، دەستپێکی شۆڕشێکی نوێ و سەردەمیانەی دەست پێ کرد و بوو بە خاڵوەرچەرخانێک لە مێژووی کورددا. بەدەگمەن هەڵدەکەوێ ڕێبەرێک بڕیاری نەمانی خۆی لە پێناو نەتەوەکەیدا بدات و لە دوای نەمانی خۆی ئەوندە کاریگەریی ئەرێنیی لەسەر بزووتنەوەی نەتەوەکەی هەبێت. دوای ٧٧ ساڵ ڕۆژ بە ڕۆژ و نەوە دوای نەوەی کورد بە هزر و شعووری نەتەوەیی و پابەند بە پرینسیپە دێموکراتیکەکانی بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی خۆی هەر لە مەیداندایە. ئەوەی ئەمڕۆش لە نێوخۆی وڵات دەیبینین کاریگەریی بەها و بایەخ و دەسکەوتەکانی کۆمارە کە ئەم نەتەوەیەی بەردەوام بۆ مافی ڕەوای خۆی لەسەر شەقام هێشتووەتەوە. ئەوەش کە دوای ٧٧ ساڵ ژنان و لاوانی وڵات دروشمی هەرمان و نابەزین دەڵێنەوە و بە دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" تەنگیان بە کۆماری ئیسلامیی ئێران هەڵچنیوە، هەر لە میراتە فکرییەکانی پێشەوا قازی محەممەد کۆماری کوردستانن.

لە مێژووی هاوچەرخی کورددا یەکەم بایەخدانەکان بە ژن لە کۆمارەوە گوڵی کرد، کاتێک کە شاعیری نەتەوەیی کورد لە کۆماردا پڕ بە گەرووی هاواری دەکرد "هەتا ژن ئازاد نەبێ، سەرچاوەکەی ژین لیخنە"، بەردی بناغەی مانیفێستی "ژن، ژیان، ئازادی" داندرا. دروشمێکی قووڵ، پڕواتا و هەڵگری بەرزترین چەمکەکانی مرۆڤایەتیی کۆن و سەردەم. جارێ هەر لە سەرەتاوە کە دەڵێ ژن، هەموو ئینسانێکی خاوەن بیر دەڵێ: دایکم، خوشکم، کچەکەم، هاوژین و گراوەکەم، یانی کەسانێک کە هەم زۆر زۆر لێت نزیکن، هەم خوڵقێنەری ژیان. پاشان کە باس لە ژیان دەکات، ژیان بەتەنیا بەمانای زیندوو بوون نییە! بەڵکوو بە مانای چۆنایەتیی ژینە. ئەو ژیانەی کە مرۆڤ لە ماوەی بوونیدا شایانیەتی، یانی شادی و دڵخۆشی، سەرکەوتن و پێشکەوتن کە ئەوانە واتای ژیانن. ئەو بەها و بایەخانەش هیچکات بۆ مرۆڤ دەستەبەر نابن، مەگەر بە بوونی "ئازادی". ئازاد، واتە ئەو بایەخەی کە مرۆڤ خۆی دیاریی بکا چۆن بژی و هەوساری چارەنووسی بە دەستی خۆیەوە بێت.

بایەخێکی دیکەی ئاخێزی ئەمجارە کە بە دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" دەستی پێ کردووە ئەوەیە کە هەم ڕاپەڕینەکە لە کوردستانەوە سەری هەڵدا و هەم دروشمە پڕ واتاکەی لە کوردستانەوە بە ناوچەکانی دیکەی ئێران و دنیاشەوە بڵاو بۆوە. پێشەنگی و فیداکاری و توانایی ژنانی شۆڕشی ژینا جارێکی دیکەش سەرنجەکانی لەسەر ڕۆڵ و توانا و پێگەی ژنان و قورسایی ئەوان لە ڕێبەریکردنی بزاوتە کۆمەڵایەتییەکان چڕ کردەوە، مەیدانێک کە سەرەتا لە کۆماری کوردستانەوە بۆ ژنان ئاوەڵا کرا. ئەزموونەکانی ئەم دواییانەش دەریخست کە ژنانی کورد و کۆمەڵگەی کوردەوارییش ئەم پوتەنسیەلەی تێدایە و بە کردەوەش نیشانیان داوە کە هیچ فاکتەرێک وەک بەربەستی ئایینی، ئابووری، کولتووری، دابونەریتی دواکەوتووانە، و جیاوازیی بیروڕای ئایدۆلۆژی ناتوانێ پێش بە شەپۆلی مافخوازانە و ڕۆڵی ئاوانگاردی ژنان لە خەبات بۆ چەسپاندنی بەها و بایەخە مرۆییەکان لە کۆمەڵگەدا بگرێت.

پاش ٧٧ ساڵ لە ڕچەشکێنیی کۆماری کوردستان لە هێنانەمەیدانی ژنان، ئەگەر جاران دەگوترا ژنان شان بە شانی پیاوان لە خەباتدان، لە شۆڕشی ژینادا بینیمان کە ئەوە ژنان بوون دەوری پێشەنگایەتییان گرتە ئەستۆ و ئەمجارەیان پیاوان بوون کە شان بە شانی ژنان بەردەوامییان بەم شۆڕشە بەخشیوە.

توخمە سەرەکییەکانی شۆڕشی ژینا بریتین لە شوناسخوازی، مافویستی، بایەخدان بە زمان و هۆوییەتی کوردی، پیرۆزیی خاک و پێگە و قورسایی هێزی پێشمەرگە کە هەموویان میراتی بایەخداری کۆماری کوردستانن. ئەو میراتەی کۆمەڵگەیەکی وشیاری و زیندووی لەسەر بنیات نراوە و ڕۆڵی دینامیکی ژنانیش لە دروستکردنی ئەو واقعەدا پرسێکی حاشاهەڵنەگرە؛ واقعێک کە هەروەک گوترا میراتی کۆمار و بەرهەمی بەردەوامیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو ڕێبازە و پەروەردەی بێ پسانەوەیەتی. وەک چۆن دەبینین نەوەیەک کە دوای شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ لەدایک بوون و بۆ ڕۆژێکیش دەسەڵاتی ئیداری و بەڕێوەبەریی حیزبیان نەدیوە و ئەزموونیان نەکردووە، ئەگەر پەروەردەی دروستی کوردایەتی و گواستنەوەی مێژوو، پەروەردەی دروست و تێگەیشتن لە دۆخی ڕۆژ و هەست بە بەرپرسایەتی و ئاستی بەرزی شعووری نەتەوەیی نەبێت، چۆن ئەم کۆمەڵگە زیندوو و مۆتۆڕیکەی لێ دەکەوێتەوە. کەواتە ڕۆڵی ژن لە پەروەردەی دروست و ڕێگا و ڕێبازی کۆمار، بە باوەڕبەخۆبونێک کە لە کاتی دەسەڵاتی کۆمارەوە درا بە ژنان کە نەوە لە دوای نەوە و ئەمڕۆ دوای ٧٧ ساڵ ئاکامەکەی کۆمەڵگەیەکی بەتەواو مانا بەرپرس و زیندوویە.

ڕۆڵی کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕێکخستن و بەردەوامیی شۆڕشی ژینا تایبەتمەندییەکی دیکەی ئەم ئاخێزەیە کە ئەویش سەرەتاکەی و مێژووەکەی هەر بۆ سەردەمی کۆماری کوردستان دەگەڕێتەوە کە ڕۆڵی بنەڕەتیی لە دامەزراندنی ڕێکخراو و دەزگا نادەوڵەتییەکاندا هەبوو. کۆمار لە باوەڕی خۆیدا بایەخی زۆری بۆ ڕۆڵ و بەشداریی غەیری دەوڵەتی هەبووە و لە

پێناو پەرەدان بە دەسکەوتەکانی کۆمار و نەهادینەکردنی دیموکراسیی زیاتر هەوڵی بۆ داوە. ئەمەش ئەم پەیامە دەگەیەنێت کە کۆمار و حیزبی دێموکرات هەوڵیان بۆ قۆرخکردنی دەسەڵات لە دەستی خۆیاندا نەداوە و باوەڕیان بە بەشداریی هەموو چین و توێژەکان لە دەسەڵات لەپێناو چێکردنی کۆمەڵگەیەکی یەکسانیخواز و دێموکراتیک بووە.

کوشتنی بەئانقەستی ژینا بە دەستی هێزە حکوومەتییەکانی کۆماری ئیسلامی چەخماغەی شۆڕشێکی لێداوە کە یەکێک لە توخمە سەرەکییەکانی ژنانەبوونیەتی و هاوبەشیی ژنان لە هەموو ناوچەکانی ئێرانی بەدوای خۆیدا هێناوە کە ئەمە خۆی هۆکارەکەی بۆ چەند پارامێتر و فاکتەر دەگەڕێتەوە: کورد بوونی ژینا (لە نەتەوەی ژێردەست)، ژنبوون، غەریببوون، ڕەفتاری هێزە بەناو ئەمنیەتییەکان، دەوڵەمەندنەبوون (توێژی زۆرینەی خەڵک) سوونیبوون، حیجابی زۆرەملێ و... . هەمووی ئەمانە کۆمەڵە فاکتەرێکن کە بەشیکی زۆر لە نەتەوەکانی دیکەی ئێران و خەڵکی شارە گەورەکانیش خۆیانی تێدا دەبیننەوە، بۆیە بە دەنگ بەرزکردنەوەی ژنی کورد، ئەم ئاخێزە پشتیوانیی سەرتاسەری ئێران و بگرە جیهانی بۆ لای خۆی ڕاکێشا.

ئەزموونی زیاتر لە چوار مانگ ڕاپەڕینی ژینا و دەسکەوتەکانی لەو ماوەیەدا و سەرنجدان بە مێژووی بایەخی ژن و جێگە و پێگەی بنیاتنەری لە کۆمەڵگەدا کە یەکێک لە میراتەکانی کۆماری کوردستانە پێمان دەڵێ؛ وەک چۆن داهاتووی ئێرانی دێموکراتیک و سەقامگیر لەگرەی وەدیهاتنی مافی نەتەوە پێکهێنەرەکانی ئەم وڵاتە و کەمینە ئایینی و جۆراوجۆرییەکانی دیکەی ئەم وڵاتەیە؛ هەر بەو ڕادەیە ئێرانی داهاتوو بە گشتی و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی بەبێ ڕۆڵ و نەخشی ژن لە ڕێبەری و بەڕێوبەری لە ئاستی ئیداری و حیزبی و حکوومەتیدا مانا بەخش نییە. بە واتایەکی دیکە داهاتووی سەرکەوتوو و ڕزگاریی نەتەوەیی و کۆمەڵگەیەکی یەکسانیخوازی لێ ناکەوێتەوە.

ئەم بابەتە لە ژمارەی٨٤٠ی ڕۆژنامەی کوردستان بڵاو کراوەتەوە.

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٥ی ڕێبەندانی ١٤٠١ی هەتاوی = ٤ی فێبریوێری ٢٠٢٣**

# کۆماری کوردستان و کۆمارەکانی سەرشەقام



سۆران عەلیپوور

لە گەرمەی شۆڕشی ژینادا چاوم دەکەوێتە سەر کورتەڤیدیۆیەکی خوێندکارانی زانکۆی زانستە پزیشکییەکانی کوردستان لە سنە، ئەوان لەبەردەم دەروازەی زانکۆ کۆبوونەتەوە و کچ و کوڕ خرۆشاون و پڕ بە گەروو هاوار دەکەن: "ئێمە ڕۆڵەی پێشەواین، بۆ کوردستان گیانفیداین." هەر بە ڕێکەوت دروشمێکی خومەینییش بە ڕەنگی ڕەش و فۆنتی نەستەعلیق لە سەرەوەی ڤیدیۆیەکە دەردەکەوێت." دانشگاه مبدا همەی تحولات است." وێنەی خامنەیی و خومەینیش لە هەردوو سەری دروشمەکە دراوە.

یەکدەنگی و هاوئاهەنگییەک لە جووڵە و دروشمدانیاندا، ورە، ژیاندۆستی و ژندۆستی، ئیرادەی گۆڕانخوازییەک کە لە دەنگ و هاواری خوێندکارەکان و کۆبوونەوەکەیان دەبینرێ و هەستی پێ دەکرێ لە دژایەتییەکی تەواودایە لەگەڵ ئەو مەترێاڵە بێگیان، بێناوەرۆک و ڕەشەدا، کە لە ترسی هێنانەخوار و خراپکردنی لە بەرزاییەکی جێگەی تێڕامان هەڵواسراوە، دوو پیاو بە هۆوییەتێکی زۆر بەرتەسکی ئایینی و لە چوارچێوەی پێناسەیەکی ئیدۆلۆژیکدا ڕاست و چەپی بێنەرەکەیان گرتووە و لەوێوە دەیانەوێ ئامادەیی خۆیان بەرهەم بێننەوە، لەوەش گەڕێین کە ئەو قسەیەی خومەینی چەندە کلێشەییە و

مەبەستیشی لە گۆڕانکاری چ بووە؟ بە دڵنیاییەوە ئەو گۆڕانکارییانە نین کە لە ناوەندەکانی خوێندنەوە بانگەشەیان پێ دەکرێ، ئەو ناوەندانەی کە جێگەی هومێدی کۆماری ئیسلامی بوون، ئەوەیەکیان بەرهەم هێناوە کە گۆڕانخوازییە کلێشەیی و ئاراستەکراوەکانیان بەدژی هەمان ڕێژیم کردووە بە گۆڕانکاری ڕادیکاڵی مەبەستدار.

هەمان دروشم "ئێمە ڕۆڵەی پێشەواین، بۆ کوردستان گیانفیداین." لە زۆربەی شارەکانی کوردستان دەکوترایەوە،ئێستا کە لە سەروبەندی یادکردنەوەی دامەزرانی کۆماری کوردستان داین، گرینگە چاوێک بە ئەڵقەکانی ئەو زنجیرەدا بخشێنین کە ساتەوەختی بەردەم دەروازەی زانکۆی سنە و کۆمەڵێک خوێندکاری خۆپێشاندەر ٧٧ ساڵ دواتر بە مەیدانی چوارچرای مهابادەوە لێک گرێ دەدات.  هاوئامانجی و ئاماژەی نەوەی نوێی "کۆمارەکان" بە کۆماری کوردستان نە بە ڕێکەوتە و نە تەنیا دروشمێکیشە، ئەگەر کۆمار لە نووسینە مێژووییەکاندا بە خاڵی وەرچەرخان لە مێژووی سیاسی دادەنرێ، ئەوا لەلای نەوەی "کۆمارەکان" بە نموونەیەکی دێموکرات و مۆدێرن لە حوکمڕانی و ئیدارەکردن ئەژمار دەکرێ، کە تەواو لەگەڵ دروشم و داخوازییەکانی ئەوڕۆی خەڵکی کوردستان تەبایە و هەربۆیەش بەڕوونی کۆمار بە سەرچاوە و ئاخێزگە دادەنێن.

ئەو پارادۆکسی گوتارە کە لەو کورتەڤیدیۆیە و زۆربەی ڕووداوەکانی دوایی و ڕابردووی کۆمەڵگەی کوردی دەبینرێت، وێنەیەکی بچووککراوەی ناتەباییەکی گەورەتری دوو دنیابینی و وێژمانە کە هەم لە سەردەمی کۆماردا و هەم لە ڕۆژگاری کۆمارەکاندا و لە فۆرمی جیاوازدا و بە نێوەرۆکێکی ڕادەیەک لێکنزیک، لە بەرامبەر یەکتردا ڕاوەستاون. دنیابینییەک کە دیدێکی کۆلۆنیالیستیانەی بۆ خاک و دانیشتووانی  کوردستان هەیە، لە ئاست دونیابینییەک کە خەونی ئازادی و گەیشتن بە مافە سروشتی و مرۆییەکانی لە سەرووی داخوازییەکانیدا جێ کردۆتەوە.

گرینگیی پەیام و دەسکەوتەکانی کۆمار لەو ڕۆژانەدا زیاتر لە هەمیشە هەستی پێ دەکرێ، نەک تەنیا لەبەر ئەوەی گڵۆڵەی کۆماری ئیسلامی کەوتۆتە لێژی و شاهیدی زیاتر لە چوارمانگ ڕاپەرینی خەلکی ئێرانین، بەڵکوو لەبەر ئەوەش کە دووبارە و چەندجارە دەنگی پێی ئەو وێژمانە ناوەندگەرا و داپلۆسێنەرە دەبیستین، کە دەیەوێ ئێرانی داهاتوو بە شوناسێکی میلیی دیاریکراو ببەستێتەوە و ڕەنگ و دەنگە جیاوازەکان، داخوازیی نەتەوەکانی ئێران بە وڵامی کلێشەیی لە پێشدا "هێز" دوایە "ماف" وڵام بداتەوە، کۆنسێپتێکی ئەزموونکراو کە یەکێک لە هۆکارەکانی دامەزراندنی کۆمار ڕێک کاردانەوەیەک بوو بەو سیاسەتە پاوانخواز و نێوەندگەرایە. ڕەزاشا لە ڕێگەی سانترالیزمی سیاسی و ئیدارییەوە هەوڵی دروستکردنی شوناسێکی  ئێرانی داتاشراوی بۆ خەڵک و نەتەوەکانی ئێران دەدا، ئەو سیاسەتی پەراوێزکردن و خستنەدەرەوە (Exclusion) لەسەر بنەمای سڕینەوە و شێواندنی شوناس، کولتوور و مێژووی ئەوانیدیکە داڕێژرابوو.

کۆنسێپتی نەتەوەی باڵای پەهلەوی حاشای لە فرەهۆوییەتی و پلۆرالیزمی فەرهەنگی دەکرد و بێجگە لە برەودان بە کولتوور و زمانی فارسی، پرۆژەی ئاسیمیلەکردن و بە لۆکالی ناساندنی فەرهەنگ و زمانی نەتەوەکانی دیکەی ئێرانی خستە بەرنامەی خۆی، ئەو سیاسەتە هاوکاتە لەگەڵ پرۆژەی بە مۆدێرنکردنی ئەرتەش و وەگەڕخستنی ماشێنی زەبروزەنگی حکومەتی ناوەندی. لە ژێکاف و پاشان لە کۆماری کوردستانیشدا کاردانەوە بە سیاسەتی هێژموونی و کۆنسێپتی تاکە هۆوییەتی پەهلەوی بەڕوونی دەبینرێت. لە بڵاوکراوەی "نیشتمان" و ڕۆژنامەی "کوردستان"دا شوناسی هاوبەش و چارەنووسی هاوبەشی کوردان باسێکی گەرمی هەمیشەییە، قازی محەممەد لە نوتقێکدا کە لە ژمارە ١٠ی ڕۆژنامەی "کوردستان"ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ دا بڵاو کراوەتەوە، زۆر بەڕوونی ئاماژە بە پرسی شوناسی نەتەوەیی، زمانی زگماک و چەمکی دێموکراسی دەکات: "لەو دواییانەدا لەپاش شەڕی بەینولمیلەلی پێشووەوە کە حکومەتی ئێران و تورکیە هاتنەسەر کار و زمان و عادات و مەزهەب ڕسووماتی میللیی کوردیان بەجارێک لاواز و کز و کەنەفت کرد و لە هیچ وەحشییەت و دڕندەییەک ڕانەوێستان و خوێندن و نووسینی زمانی کوردی مەمنووع و پۆشینی لیباسمان قەدەغە بوو."(١)

بایەخ و بەها مێژوویی و سیاسییەکانی کۆمار تەنیا لە دەسکەوتی زۆر و تەمەنێکی کورتی پڕشنگداردا نییە، کۆمارێک کە بەرهەمی پێگەیشتوویی و وشیاریی سیاسیی کورد بوو، حەفتاوحەوت ساڵ دواتر لە قۆناغێکی دیکەی پێگەیشتوویی سیاسیی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بووە بە سەرچاوە و ئاخێزگە. وێژمانی نەتەوەیی، مەدەنی و دێموکراتیکی کۆمار تێکەڵ بە داخوازی و دروشمە ئەوڕۆییەکانی خەڵکی کوردستان بووە، کۆماری کوردستان لە ڕووبەڕووبوونەوەی کۆنسێپتی دەوڵەت نەتەوەی پەهلەویدا و مایەپووچبوونی سێنترالیزەکردنی دەسەڵاتی سیاسی و ئیداری لە شوێنێکدا و لە دەستی کەمینەیەکدا ڕۆڵێکی دیاریکراوی گێڕا، ئەوەی ئێستاش بۆیە خۆی بە ڕۆڵەی پێشەوا دەزانێ، چونکە دەزانێ پێشەوا و کۆمارەکەی بێ ئەوەی بە دەق لە شوێنێکدا ناویان لە ژن، ژیان، ئازادی بردبێ، بەڵام لە کردەوەدا و لە سیاسەتەکانیاندا هەم گۆڕانکاریی سیاسی و هەم ڕیفۆرمی کۆمەڵایەتییان بەهەند وەرگرتبوو، ئەو نەوە هۆشیارە بە ئاماژە و کۆدەکانی پشت ئاخاوتنی ناوەندگەراکان، چ ئەوانەی هۆوییەتی مەزهەبی دەگشتێنن و چ ئەوانەش کە بانگەشەی یەکشوناسی و یەکپارچەیی دەکەن.

بزووتنەوەی سیاسی و وشیاری سیاسی لە بەستێنی ناتەباییەکانی نێوان وێژمانی خەڵکی کوردستان و دنیابینی کۆلۆنیالیستانەی حکومەتی ناوەنددا لەدایک بووە، تا ئەو ناتەبایی و پارادۆکسە قووڵتر بێت و ڕۆڵی ناوەند/پەراوێز ڕۆڵێکی هیرارکی ستەمگەرانە بێ، ئەوا پانتایی بزووتنەوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی کوردستان فراوانتر و ڕادیکاڵتر دەبنەوە. ئەوە خاڵێکی هاوبەشی نێوان کۆماری کوردستان و "کۆمارەکان"ی سەرشەقامیشە.

٭٭٭

١ (ڕۆژنامەی کوردستان، ژمارە ١٠، ١٥ی ڕێبەندانی ١٣٢٤

ئەم بابەتە لە ژمارەی٨٤٠ی ڕۆژنامەی کوردستان بڵاو کراوەتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٥ی ڕێبەندانی ١٤٠١ی هەتاوی = ٤ی فێبریوێری ٢٠٢٣

---

## ئاستەنگ و دەرفەتەکانی بەردەم دروستکردنەوەی کۆماری کوردستان!



هاشم ڕۆستەمی

هەر لە دوای تێکچوونی کۆمارەوە تا ئێستاش، بە بەردەوامی ڕۆڵەکانی گەلی کورد بە دوای ئامانجەکانی کۆمارەوە بوون و هەوڵیان داوە جارێکی دیکەش کۆمار دروست ببێتەوە. لەو پێناوەدا بە دەیان هەزار ڕۆڵەی تێکۆشەری ئەم نیشتمانە گیانی خۆیان بەخت کردووە و بەگژ هێزی زۆر و پۆشتەوپەرداخی دوژمندا چوونەتەوە. ئێمەی کورد لە گیانبازی و فیداکاریدا قەت کەممان نەهێناوە، بەڵام دەبێ قبوڵ بکەین لە خەسارناسیی خەباتی خۆمان و دەستنیشانکردنی ستراتیژیی دوژمندا زۆر جار

لاواز دەرکەوتووین. ئێمەی کورد لە کوردستانی خۆرهەڵات هەم لە دژی ڕێژیمی پاشایەتی تێکۆشاوین و هەم لەدژی کۆماری ئیسلامی. لێرەدا ئەم پرسیارە خۆی دەردەخا کە بۆچی لە سەد ساڵی ڕابردوودا هەر دەسەڵاتێک کە لە ئێراندا هاتۆتە سەرکار بۆتە دوژمنی کورد و شەر و کوشتاری لەدژی وەرێ خستووە. ئەم شەر و کوشتارە بەرهەمی کامە بیر و ئەندێشەی سیاسی و ستراتیژین؟ ئەگەر ئێمەی کورد دەمانهەوێ جارێک و بۆ هەمیشە لەو شەر و ماڵوێرانییە ڕزگارمان ببێت، دەبێت پەنجە لەسەر ئەسڵی بابەتەکە دابنێین و لە بنەوە هەڵێتەکێنین. ئەگینا ئەگەر وا نەکەین تانەت ئەگەر لە شەڕیشدا سەربکەوین، دیسان ئەو بابەتە سەر هەڵدەداتەوە.

ئاستەنگی سەرەکی لەسەر ڕێی گەیشتنی گەلانی نێو جوغرافیای ئێران و یەک لەوان خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵات بە مافە نەتەوایەتییەکانیان، پەیڕەوکردنی سیاسەتی دەوڵەت نەتەوەیە کە لە دوای شۆڕشی مەشرووتە و هاتنەسەرکاری ڕەزا شای پەهلەوییەوە تا ئێستاش بەچڕی بەڕێوە دەچێ. سیاسەتی دەوڵەت نەتەوە کە باس لە یەک جوغرافیا، یەک زمان و یەک کولتوور و یەک نەتەوە و یەک وڵات دەکات و لە چەمکی سیاسی نەتەوەی ئێران (ملت ایران)دا خۆی دەرخستووە، لە ڕاستیدا مەترسیدارترین بیرۆکەیە کە تا ئێستاش شۆڤێنیزمی دەسەڵاتداری تاجدار و مەندیلبەسەر لە دژی گەلانی ئێران کەڵکیان لێ وەرگرتووە.

سیاسەتی دەوڵەت نەتەوە لە وڵاتانی فرەنەتەوەدا مەترسیدارترین جۆری تێرۆریزمی دەوڵەتییە لە هەموو بوارەکانی خۆیدا. ئەم جۆرە تێرۆرە کە لە جۆری خۆیدا دەچێتە خانەی ژینۆسایدی نەتەوەیی، مخابن تا ئێستاش وەک پێویست ئاوڕی لێ نەدراوەتەوە. مەبەست لە ژینۆسایدی نەتەوەیی ئەوەیە بۆ نموونە کاتێک گەلی کورد لە ماوەی سەد ساڵی ڕابردوودا بە بەردەوامی لەژێر گوشاری فەرهەنگی، ئابووری، کولتوری و سیاسیدا بووە و هیچ دەرفەتێکی گەشەسەندنی پێ نەدراوە و هەوڵ دراوە کە لە نێو فەرهەنگی بێگانەدا بتوێتەوە، بێگومان ئەمە ژینۆسایدی نەرمە و هەوڵدانە بۆ تواندنەوە. لەم ژینۆسایدەدا دوژمن کۆمەڵێک ڕێکاری نامرۆڤانەی گرتوونەتەبەر، وەک: تیرۆرکردنی کەسایەتی و ئیلیتی کورد، فەوتاندنی زمان و کولتوور، سڕینەوەی شوناسی نەتەوایەتی، لە هەژاریدا ڕاگرتنی کۆمەڵگەی کوردستان لە هەموو کەرتەکاندا، نانەوەی چەندبەرەکی لەنێو کۆمەڵگەدا، ئالوودەکردنی کۆمەڵگە بە شتی جۆراوجۆر و هەوڵدان بۆ دوورخستنەوەیان لە بیری نەتەوەیی.

هەر لە درێژەی ئەو سیاسەتەدایە کە خوێندن بە زمانی دایک، واتە زمانی کوردی لە کوردستاندا یاساغ کراوە و هەرکەس هەوڵ بۆ بوژاندنەوەی زمانی کوردی بدات، حیسابی دوژمنی بۆ دەکرێ و دەیخەنە سووچی زیندانەوە. ئەوان دەزانن زمان یەکێک لە بنەڕەتەکانی شوناسی هەر نەتەوەیەکە. هەر لە ڕێگەی سەرکوتی زمانییشەوە هەوڵ دەدەن کەسایەتیی تاکی کورد

تێک بشکێنن. چونکە منداڵێکی تەمەن شەش ساڵ کە لە یەکەم ڕۆژی چوونە قوتابخانە کتێبێکی دەدرێتێ کە هیچ سەرەندەری لێ دەرناکات و مامۆستا بە زمانێک قسەی لەگەڵ دەکات کە تێی ناگات؛ هەر لەم یەکەم ڕۆژدا کەسایەتیی ئەم تاکەی کورد درزی تێ دەکەوێت و هەست بە کەمایەسییەکی قووڵ دەکات. ئەوە یەکەم هەنگاوە هەم بۆ فەوتاندنی زمانی کوردی و هەم بۆ شکاندن و تێرۆری کەسایەتیی تاکی کورد. ئەو یەکەم هەنگاوەش چونکە بە شێوەی جۆراوجۆر لە هەموو قۆناغەکانی دیکەی ژیاندا درێژەی هەیە، دەبێتە هۆی ئەوە هەموو کۆمەڵگە بتەنێتەوە و بەرە بەرە بەرەو فەوتانی ببات. ئەم بەشە لە سیاسەتی داگیرکەر دەچێتە خانەی تێرۆری زمان و کەسایەتیی تاکی کورد و لە ڕێگەی تاکیشەوە دەبێتە تێرۆری کەسایەتیی نەتەوەیی.

سەرجەمی ئەو پیلانانە کە ئاماژەمان پێ کردن، بە مەبەستی چەسپاندنی سیاسەتی تەک نەتەویی لە ئێراندا پێڕەو دەکرێ، سیاسەتی تاکنەتەوییش لە ئێراندا شتێک نییە جگە لە تواندنەوەی سەرجەم گەلانی ئێران لە نەتەوەی باڵادەستدا؛ بۆیەشە هەر جۆرە داواکارییەکی مافە نەتەوەییەکانی گەلانی دیکەی ئێران بە جیاییخوازی لە قەڵەم دەدەن و ئاگر و ئاسنی بەسەردا دەبارێنن. شۆڤێنیزمی دەسەڵاتدار دەیهەوێ لەژێر ناوی تەواوەتیی خاکی ئێراندا، هەرچی سەروەت و سامانی ژێرزەوی و سەرزەوی و هێزی کاری کوردستان هەیە بۆ خۆی ببا و هەر ئەو سیاسەتەش لە بەلوچستان و زۆر شوێنی دیکە پەیڕەو دەکات. سیاسەتی دەوڵەت - نەتەوە و تاک میللەتی لە ئێران شتێک نییە جگە لە تاڵانکردنی کوردستان و ناوچەکانی دیکەی ئێران بە قازانجی نەتەوەی شۆڤێنیستی پاوانخواز. سەدان ساڵە کوردستان تاڵان دەکەن، سەروەت و سامانەکەی دەبەن و بۆخۆیانی دەکەنە کۆشک و تەلار و لاوی کوردیش بە بڕوانامەی بەرزی خوێندنەوە دەبێ بچێتە کۆڵبەری و تەنانەت ئەوەشی پێ ڕەوا نابینن و دەیدەنە بەردەستڕێژی فیشەک. لەم ساڵانەی دواییدا خەریکن ڕووبار و ئاوەکانیش دەدزن و لە زۆر شوێن ڕێڕەوی ئاوەکانیان گۆڕیوە و بە بۆڕییەوە بەرەو ئەو شوێنانەیان دەبەن کە بە هی خۆیانی دەزانن.

باس لە شکاندنی کەسایەتیی تاکی کورد کرا. ئەم شکاندنە لە بەردەوامیی خۆیدا تەنانەت لە هەڵوێستی کەسایەتیی سیاسی کوردیشدا ڕەنگی داوەتەوە و کەم نین هەندێک سیاسیی کورد لە بەرانبەر دەسەڵاتی داسەپاو لە بەرانبەر بەرهەڵستکارانی ڕێژیمیشدا خۆیان پێ کەمە و بە لاوازی بەرگری لە مافە نەتەوەییەکانیان دەکەین. سیاسەتی شۆڤێنیزم بە نیسبەت مافی گەلان چ لە دەستەڵاتدا بێت یا ئۆپۆزیسیۆن بێت، هیچ فەرق ناکات و هەموویان یەک شت دەڵێن. هەربۆیەش ئەو بەناو دژبەرانەی کۆماری ئیسلامییش بەشی هەرەزۆریان، ئەوانەی پاوانخوازانە بیر دەکەنەوە، ئەوە کوتکی جوداییخوازییان بەدەستەوە گرتووە و بەو کوتکە بەگژ داوا ڕەواکانی گەلانی نێو ئێراندا دەچنەوە؛ بەبێ ئەوەی واقعبینانە چاو لە دروشم و سیاسەت و ڕوانگەی سیاسیی نەتەوە نافارسەکانی دیکەی ئێران بکەنەوە. هەروەها خۆ لە وەڵامی ئەو پرسیارانەش دەدزنەوە کە ئەوان بۆ دەستبەرداری کوردستان نابن و ئاخۆ ڕوانگەی ئەوان چ جیاوازییەکی لەگەڵ

سیاسەتەکانی ئێستای ڕێژیم هەیە؟ کە واتە سەرەکیتیرین ئاستەنگی بەردەم مافخوازیی کورد و نەتەوەکانی دیکە شۆڤینیزمی دەسەڵات و بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆنە.

دۆخی سیاسیی ئێستای ئێران کۆمەڵێک دەرفەتیشی بۆ کورد دروست کردووە کە پشت بە کۆمەڵە فاکتەرێک دەبەستن کە پێویستە بە باشترین شێوە کەلکیان لێ وەربگیردرێ:

- حەقانییەتی کێشەی نەتەوەیی کە دەبێ داکۆکیی لێ بکا و پشتی پێ ببەستێ.
- ناسراوبوونی کێشەی نەتەوەی کورد و بەرۆژەڤبوونی وەک کێشەیەکی نێونەتەوەیی.
- ڕەگداکوتانی بیری ڕزگاریخوازی لە نێوخۆی کوردستان و یەکگرتوویی نەتەوەیی.
- فرەنەتەوەبوونی ئێران کە ئەم فاکتەرە دەتوانێ پشتیوانەیەکی باش بێت بۆ چارەسەری پرسی نەتەوەکانی نێو ئێران.
- دەنگنەدان بە ڕێفراندۆمی کۆماری ئیسلامی و ڕاوەستان لە بەرامبەریدا و شەر لەدژی سوپای پاسدارانی تیرۆریست بۆ ماوە ٤٣ ساڵ، کە کۆمەڵگەی جیهانی تازە خەریکە لە هەڕەشە و مەترسییەکانی دێتە دەنگ.
- سەرهەڵدانی شۆڕشی ژینا لە کوردستان و گیانبازییەکانی خەڵکی کوردستان لەم شۆڕشەدا کە وەک دڵی شۆڕشەکە دەرکەوت.
- هەبوونی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ و. ...

بەڵام بۆ ئەوەی باشتر بکرێ کەلک لەو فاکتەرانە وەربگیردرێ پێویستە بەر لە هەموو شتێک حیزب و ڕێکخراوە کوردستانییەکان پتر هاوهەڵویست بن و نێوماڵی خۆیان ڕێک بخەن و ناوەندی هاوکاریش بەربەرینتر ببێت، چوونکە لە بەردەم پرسێکی نەتەوەییداین و پرسی نەتەوەییش بە هەمووان چارەسەر دەکرێت. پێویستە کار بۆ یەکخستنی هێزی پێشمەرگە بکرێت و هەر لە ئێستاوە پلانی ئەوە دابندرێ کە دەستبەجێ دوای کۆماری ئیسلامی، لە کوردستان هەڵبژاردن بکرێت و کیانێکی سیاسی کوردی دابمەزرێت و هەر جۆرە دانوستانێک لەگەڵ لایەنەکانی دیکەی ئێران، لەگەڵ ئەو کیانە سیاسییە کوردیە بێت نەک لەگەڵ حیزب و ڕێکخراوەکان.

پاش تۆکمە کردنی نێو ماڵی کورد، پێویستە هەوڵ بۆ کاراکردنی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ و کردنی بە ئالترناتیڤی کۆماری ئیسلامی بدرێت و ڕێگە لەوە بگیردرێ کە لایەنەکانی دیکە بە ناحەق خۆیان بەخاوەن بکەن. نابێ باسکردن لە سیستمی داهاتووی ئێران بۆ دوای ڕووخانی کۆماری ئیسلامی دوابخرێت. هەر لایەنێک ئەو هەوایە لێ بدا تەنیا مەبەستی کات کڕینە تا دەگاتە دەسەڵات و ئەودەم لێمان دەبێتە خومەینییەکی دیکە. لە سەر ئەو بڕوایە هەر لایەنێک لە

ئێستاوە ڕوانگەی بەنیسبەت چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوەکان لە ئێراندا ڕوون نەبێت، هەر لایەنێک کە پێداگری بکات لە سەر چەمکی نەتەوەی ئێران - تواندنەوەی نەتەوەکان لە یەک نەتەوەدا- نابێ کورد لەگەڵێ بچێتە نێو هاوپەیمانی.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەم ئاستەنگانە و دەکارکردنی ئەو دەرفەتانەی لە پێشمانن، دامەزراندنەوەی کیانێکی سیاسیی دیکەی کوردی لەم هەلومەرجەدا دوورەدەست نییە.

ئەم بابەتە لە ژمارەی٨٤٠ی ڕۆژنامەی کوردستان بڵاو کراوەتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٦ی ڕێبەندانی ١٤٠١ی هەتاوی = ٥ی فێبریوێری ٢٠٢٣

---

# هاواری شوناسخوازیی کرماشان




**باوان کرماشانی و لە فارسییەوە: کاروان مێراوی**

**کرماشان لە بواری هەڵکەوتەی جوغرافیایی و مێژووییەوە هەردەم بۆ دەسەڵاتداران گرینگ بووە و لە هەموو قۆناغەکانی مێژوودا ناوی کرماشان دەدرەوشێتەوە. لە سەردەمی ساسانییەکاندا پێتەختی دووهەمی پاشاکان و شوێنی یەکگرتنەوەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوای ئاسیا و هەروەها لەسەر ڕێی جادەی ئاوریشم بووە و نەک هەر بە تێپەڕبوونی سەردەمەکان گرنگییەکەی کەم نەبووەتەوە، بەڵکوو بەهۆی سنووری هاوبەش لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی سەرەڕێی زیارتگە گەورەکان بووە و هەنووکەش بە یەکێکە لە گرنگترین شارەکان ئەژمار دەکرێت. بە هۆکاری ئەم پێگەی گرنگانەوە بەرپرسی ویلایەت و لەڕاستیشدا دەسەڵاتدارانی کوردی ئەو شارە وەک خانەکانی زەنگەنە لە پلە بەرزەکانی حکوومەت و دەرباریشدا شوێنێکی تایبەتیان هەبوو.**

**بەڵام ئەم پێگە تایبەتە کە تاکوو ئەو سەردەمە هۆکاری پێشکەوتنی ئەو شارە بە قازانجی خەڵکەکەی بوو، وەک هەڕەشەیەک ترسی خستبووە دڵی دەسەلاتدارانی زەند و قاجارەکانەوە؛ کەواتە بە کۆچاندنی بنەماڵە ئایینییە گەورەکان وەک بنەماڵەی ئاغا و جەلیلی، هەوڵیان دا شوناسی نەتەوەیی- کوردیی ئەو شارە بگۆڕن بۆ ناسنامەیەکی ئایینی. شارێک کە بەبۆچوونی نووسەرانێک وەک هێنری بایندەر، دانیشتووانی بە هیچ شێوەیەک پێڕەوی ئایینی ئیسلام نەبوون و زۆربەی**

خەڵکەکەی پێڕەوی ئایینی یارسان بوون. بە کۆچاندن و پاشان زاڵبوونی ئەو بنەماڵانە بەسەر شاردا و دیاریکردنی فەرمانڕەوگەلێک کە کورد نەبوون، جگە لەوەی کە ئەو شارەی کرد بە شارێکی ئایینی، بوو بە هۆکاری سەرهەڵدانی شێوەزارێکی فارسیی گاڵتەجاڕانەی کرماشانی بەبێ هیچ پێشینەیەک کە لەڕاستیدا دەستدرێژیی زمانێکی بێگانەیە بۆ سەر زمانی ڕەسەنی کوردی.

لەم بارەیەوە ئۆسکار مەن، گەڕیدەی ئاڵمانی کە زمانی فارسیی زۆر بەباشی زانیوە و لە ساڵی ١٩٠٥ی زایینی سەردانی کرماشانی کردووە، لە بیرەوەرییەکانیدا نووسیویەتی: "ئەگەر سەردانی کرماشانتان کرد، بێگومان پێویستتان بە دیلمانج دەبێت، چونکە لەوێ جیا لە کەسانی سەر بە هێزەکانی حکوومەت، هیچ کەسێک زمانی فارسی نازانێت". کرماشان کە پێش ئەم بەسەرهاتانە دڵی کوردستان و پەرەپێدەرەی کولتوور و شارستانیەتی کوردی و هەروەها یەکێک لە ناوەندە گرنگەکانی ڕاپەڕین و بزووتنەوە ڕزگاریخوازانەکان بوو، بە هاتنەسەرکاری ڕەزاخان و دەستپێکی پرۆژەی دەوڵەت ـنەتەوە و بەرەوپێشبردنی ناسیۆنالیزمی دێرین و دامەزراندنی ئەکادیمیای زمانی فارسی، زۆر زیاتر لە جاران تووشی هێرشی ئاسمیلاسیۆن و سڕینەوەی کولتووری و هەروەها یەکسانسازی کولتووری بوو.

بەو سیاسەتەی کە ناسنامە و مانەوەی نەتەوەکانی دەوروبەری کە هێز و دەسەڵاتیان نەبوو، بەتایبەت لە شارە گرنگەکانیاندا کرابوونە ئامانج و هەر ئەم سیاسەتەش لە سەردەمی دەسەڵاتی ڕێژیمی ئیسلامیشدا بەردەوام بوو و دەتوانین بەشێکی سەرەکی لە ململانێیەکانی ناو ئێرانی هەنووکە وەک ئاکامی ئەو سیاسەتە هەڵەیە لەقەڵەم بدەین، ئەگەری ئاسمیلاسیۆن لەگۆڕێدا نەدەبوو، یان لانیکەم لە سەردەمی دەسەڵاتداریی ڕێژیمی ئیسلامیدا بەردەوام نەدەبوو و هەروەها بەشێک لە ململانێیە سیاسییە نەتەوەییەکان لە ئێراندا نەدەهاتنە ئاراوە. ئاسمیلاسیۆنێک کە بە ژینۆسایدی سپی ناودێر دەکرێت، مانای ژینۆسایدی ڕۆحیی بەکۆمەڵی ئەو نەتەوەیەی هەیە و بە تێپەڕبونی کات وەک ڕژێنەیەکی شێرپەنجە ڕیشە دادەکوتێت و پێکهاتەی نەتەوەیەک هەڵدەوەشێنێتەوە. هەرچەندە ئەم ڕژێنە دژەخیمە کاریگەریی خێرای نابێت، بەڵام ئەگەر کۆمەڵگە وشیار نەبێت، دواتر گەلێک کاریگەریی دەروونیی دەبێت. بۆ نموونەی ئەم باسەش ئاماژە بە زمانی گیلەکی دەکەین کە هەنووکە تواوەتەوە و بە شێوەزارێکی زمانی فارسی دادەنرێت.

کاریگەرییەکانی زیاتر لە سەدەیەک سیاسەتی توانەوەی کولتووری و هەوڵدان بۆ سڕینەوەی شوناسی کورد لەنێو بنەماڵەکانی کرماشان و لەژێر کاریگەریی پڕوپاگەندای نەتەوەی سەردەستی خاوەن دەسەڵاتدا کە پێیان وابوو پێشکەوتنی منداڵەکانیان گرێدراوی پشتبەستن بە زمان و کولتووری ئەویتر و حاشاکردن لە شوناسی خۆیانە، بەڕوونی دەبینرێت. بەڵام ئاوڕدانەوەیەک لە ئامارەکانی وڵاتی ئێران وەک ڕێژەی بێکاری، هەژاری و تووشبووان بە مادده هۆشبەرەکان بدەینەوە،

هەمیشە پارێزگای کرماشان لە ڕیزبەندی یەکەمەکاندا دەبینین. ئێستەش ئەو پارێزگایە نەک تەنیا پێشکەوتوو نەبووە، بەڵکوو لەژێر کاریگەری شۆڤێنیزمی فارسیدا کۆلۆنی بوون و کولتووری خۆیان لەلایەن نامۆیە. بەخۆشییەوە لە دوو دەیەی ڕابردوودا، بە وشیاربوونەوەی کۆمەڵێک لە ڕووناکبیران و چالاکانی ئەدەبی و فەرهەنگی، هەستی شوناسخوازی لە سەرانسەری ئەو پارێزگایەدا گەشەی کردووەتەوە. ئەو چالاکوانانەی وا هەوڵی زۆریان داوە بۆ بووژانەوەی ئەدەب و کولتووری کوردی، زۆر باش دەزانن کە پاراستنی زمان و بەرهەمهێنانی ئەدەب بەو زمانە پێویستە بۆ ئەوەی زمانە بەردەوام چەمکسازی بکات. هەروەها دەزانن زمانی دایک نابێت لەنێو ماڵ و قسەکردنی ڕۆژانەدا قەتیس بکرێتەوە، چونکە نەتەوەیەک بە زمانی خۆی نەنووسێت لەنێو دەچێت و دەوێتەوە. ئەوان لەوە تێگەیشتوون کە دەکرێت شیعە، سوننە، یارسان، جوولەکە و تەنانەت ئاتیئیستیش بین، بەڵام ناکرێت کورد نەبینن و نکۆڵی لە کوردبوونمان بکەین.

بۆیە زۆربوونی شاعیران، نووسەران و چالاکە جۆراوجۆرەکان کە بەرهەمەکانیان بە زمانی کوردی بڵاو دەکەنەوە، هەروەها پێکهێنانی ئەنجومەنی ئەدەبی و بڵاوکراوە و گۆڤارەکان بە زمانی کوردی، دەرخەری هۆشیاریی نەتەوەییە و بە هەوڵدانی چالاکانی ئەم پارێزگایە بۆ پێشگرتن بە دیاردەی ئاسمیلاسیۆن، جاروبار گۆڕانکارییە کولتوورییەکان لەم دەڤەرەدا دەبیندرێت. لە دەرکەوتە بەرچاوەکانی ئەم وەرچەرخانە کولتوورییە دەتوانین ئاماژە بە فێرکردنی بەربڵاوتری زمانی کوردی و پەرەگرتنی ناوە کوردییەکان بکەین کە بەشێک لە هۆشیاریی زمانی نشان دەدات و لە شیکارییەکانی زمان و شوناسدا ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن. نموونەیەکی تری ئەو دەرکەوتەیە دەتوانین ئاماژە بە سەد ڕۆژی ڕابردوو و ڕەوتی شۆڕشی ژینا و هاودەنگیی خەڵکی کرماشان لەگەڵ شارەکانی دیکەی کوردستان و دروشمە کوردستانییەکان و بەتایبەت هاواری "ئەرێ خاکی کوردستانە" بدەین. لەوانەیە ئەمەش دەستپێکی بووژانەوەیەکی فەرهەنگی لە کرماشان بێت.

هەنووکە دەتوانین هیوامان بە دوارۆژێکی گەش هەبێت، چونکە وشیاری گرنگترین هەنگاوی دەربازبوون لە دیلبوونە.

ئەم بابەتە لە ژمارەی٨٤٠ی ڕۆژنامەی کوردستان بڵاو کراوەتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٦ی ڕێبەندانی ١٤٠١ی هەتاوی = ٥ی فێبریوێری ٢٠٢٣

# وەکالەتی سیاسی و دەرەنجامە سیاسییەکانی



محەممەد سلێمانی

کەمپینی وەکالەتی سیاسی یەک لەو دیاردانە بوو کە لەو ماوەیەدا و لە ڕەوتی شۆڕشی ژینادا لە دەرەوەی وڵات لە بەرژەوەندیی لایەنێکی سیاسی وەڕێ کەوت. بەڵام زۆر زوو دەرکەوت کە دانی وەکالەتی سیاسی بە تاک یان بنەماڵەیەک بەبێ ڕەچاوکردنی شێوازە دێموکراتیکەکان لە هەندەران و تەنیا بە مەبەستی هێنانەپێشەوەی لە کایەی سیاسیی وڵاتدا جگە لە قووڵتر کردنەوەی ناکۆکییەکان و لێکترازانی سەراسەری، سوودیک بە ڕەوتی نوێی خەبات ناگەیەنێت. وەک چۆن هەرچەشنە کەمپینێکی لەوجۆرە لە هەلومەرجی سیاسیی ئەمڕۆی ئێران و لە چوارچێوەیەکی ئەوتۆی داخراو و ناڕووندا و، بێ گەڕانەوە بۆ دیالۆگ لەگەڵ هێزە دژبەرەکانی ڕێژیمی تاران، جگە لە پەرەپێدان بە گرژیی سیاسی و لێکدوورکەوتنەوە و ژێرپێخستنی پرەنسیپە ئەخلاقی و بنەما دێموکراتیکەکان و بازدان بەسەر دێموکراسیی سیاسیدا، قازانجێک بە ئیرادەی هاوبەشی دژبەرانی ڕیژیمی ئاخوندی ناگەیەنێت و هەروەک بینیمان بوو بە هۆکاری بەربەست و ئەستەنگ لەسەر ڕێگای خەباتی هاوبەشیشدا. هەر لەجێشدا ناکرێ گرووپێک کە باوەڕیان بە شەبەنگی نەتەوەیی و ئایینی و فرەنەتەوەبوونی وڵات نییە، بە میزاجی خۆیان و لە ڕووی عەتف و سۆزێک کە بۆ کەسێک یان بنەماڵەیەک هەیانە، داوای متمانەدان لە هەموو جۆراوجۆرییەکانی خەڵک بکەن و نوێنەرایەتیی ئیرادەی خۆیانیانی پێ بدەن!

هەر کەسێک ڕێژەییش باوەڕی بە ئازادی و ڕێسا و ئەزموون و بنچینە دێموکراتیکەکانی وڵاتانی ئازاد و دێموکرات هەبێ و دڵی بۆ ئازادی و سەقامگیرکردنی دێموکراسی و دابینکردنی مافی سیاسی و نەتەوەیی لە ئێراندا لێ بدات، هەرگیز خۆ لە قەرەی کارێکی لەو جۆرە نادات کە سوور سوور دەزانێت زیان بە هاوخەباتی گەلانی وڵاتەکەی دەگەیەنێت و دەرفەتێکی نوێ بە ڕێژیمی ئاخوندی دەدات کە زیاتر بەدژی دژبەرانی خۆی ڕێک بخاتەوە. هەمووانیش دەزانن کە پرۆژەی وەکالەت لەلایەن نیشانەی فەشەلیی سیاسی لە نەبوونی هیچ نەخشەڕێیەک بۆ خەبات و هاوکات بازدانە بەسەر جەوهەری دێموکراسی و بوارخۆشکردنەوەیە بۆ کۆکردنەوەی هەموو دەسەڵاتەکان لە ناوەند، و لەوەش بێزراوتر لە دەستی کەسێکدا کە مێژووی ئێران لە پتر لە سەت ساڵی ڕابردوودا بەردەوام ئەزموونی کردووە.

بەڕێوەبردنی کەمپینی کۆکردنەوەی وەکالەت بۆ کوڕی شای پێشووی ئێران بەو جۆرەی کە لە دەرەوەی وڵات بەڕێوە چوو، جگە لە دەرخستنی پێگە و نفووزی لاوازی ناوبراو لەنێو گەلانی ئێراندا، بووە هۆکاری لێک دوورکەوتنەوەی هێزە دژبەرەکانی ڕێژیمی ئێران و دوورکەوتنەوە لە پرسی هاوپەیمانیی سیاسیی، و هێندێک ئاستەنگی دروستکردن کە تێپەڕین لێیان حەوجێی بە کاتێکی زیاتر و بیرکردنەوە و لێکتێگەیشتنی فرەڕەهەندی نوێ هەیە. ئەزموونی دوو شێوەی دەسەڵاتی سیاسی لە ئێران لە سەت ساڵی ڕابردوودا و ئەو زیان و تێچوویانەی کۆمەڵگەی ئێران بۆ دەستەبەر و ماف و ئازادییەکانیان داویانە و دەیدەن، چیدی ڕێگە بەوە نادا بەبێ ڕەچاوکردنی واقعی سیاسیی وڵات و دانپێدانان بەو ڕاستییە جەوهەرییانەی لە یەک سەدەی ڕابردوودا حاشایان لێ کراوە و لەپێناو دروستکردنی دەوڵەت - نەتەوەی ساختەدا سڕدراونەتەوە، دەرفەت بە ئاراستەیەکی وەها بدرێتەوە.

ئەمڕۆ گەلانی ئێران بەدوای بنیاتنانی دەسەڵاتێکن کە دان بە ماف و ئازادییەکانیان دابنێت و بێتوو هەر کەس و لایەن و هێزێک ئاسۆی بیرکردنەوە، بنەمای فیکری و ڕوانینی چەقبەستووی بۆ داهاتووی سیاسی وڵات هەبێت، لە ژێر هەر ئاڵایەک و بە هەر دروشمێک بێتە پێش خەڵک بۆ دواوەی پاڵ پێوە دەنێن. ڕوانینی خەڵک بۆ داهاتووی ئێران ئەوەیە: وڵاتێک کە لەسەر بنەمای پێکەوەژیانی دڵخوازانە بنیات دەنرێتەوە و حکوومەت ئیرادەی سیاسیی هاوبەشی هەموو نەتەوە و پێکهاتە و جۆراوجۆرییەکانی وڵاتە و دەسەڵات بە شێوەی ئاسۆیی و لە شێوەی لامەرکەزیدا دابەش دەبێت. هەروەها هیچ هێز و لایەنێکی سیاسییش بێتوو باوەڕیان بەو بنەمایانە نەبێت، لەلایەن خەڵکەوە متمانەیان پێ نادرێت، چ خاسمە کەس یان ڕەوتێکی سیاسی کە لە سۆنگەی ستەم و نادادپەروەری و بە شۆڕشی جەماوەری لە دەسەڵات وەلانراون، ئێستا بیانەوێ خۆیان بەسەر خەڵکدا بسەپێننەوە. خەڵکی ئێران ئەو قۆناغەیان بەجێ هێشتووە و وشیاری سیاسی و نەتەوەیی لە ئێراندا گەیوەتە چڵەپۆپە و خەڵک لە ئێستادا زۆر باش دەزانن لە نێوان ڕێکخراوە ئێرانییەکاندا، کام هێز شۆڕشگێڕە و باوەڕی قووڵی بە بنەماکانی دێموکراسی، مافی مرۆڤ و وڵاتێکی ئازاد و فیدراڵ هەیە و لە داهاتوودا نابێتە مەترسی لەسەر

ئاسایشی سیاسی و نەتەوەیی گەلانی ئێران؛ هەروەها کام هێز و لایەن هەیە کە نابێ متمانەیان بدرێتێ، بەتایبەت ئەو هێز و لایەنە سیاسییانەی کە بنەما هزری و تیرۆانینەکانیان جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ بنەڕەتە فکرییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران نییە!

وێژمانی سەرەکی لە دۆخی سیاسیی ئێستەدا کە قۆناغی تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامییە، یەکگری، یەکریزی، هاوپێوەندی و هاوخەباتی بۆ سەرخستنی شۆڕشە. ئەوە ویستی هاوبەشی گەلانی ئێرانە و هەرلایەنێک بە پێچەوانەی ئەو خواستی هەنگاو بنێت، هاوکات لەگەڵ ئەوەی درزی خستووەتە نێو بەرەی گەل دژی دەسەڵاتی سیاسی، زیانی لە پێگە و متمانەی کۆمەڵایەتیی خۆیشی داوە و خۆی هەڵداشتۆتە دەرەوەی هاوکێشە سیاسییەکانەوە، وەک ئەو لایەنە سیاسییەی بە پرۆژەی وەکالەتدان دەیەوێ خۆی تاقی بکاتەوە. ئەوەش لەجێی خۆی کە کە وەکالەتدان هیچ بنەمایەکی یاسایی نییە و لە زەین و بیرکردنەوەی سازانی گشتی لەنێوان هێزە سیاسی و نیشتیمانییەکانی دەریخست کە زەمینەخۆشکردن بۆ دروستکردنەوەی قەوارەیەکی داخراوی ناوەندگەرای دیکەیە کە هەموو دەسەڵاتەکان جارێکی دیکەش لە شوێنێکدا کۆ بکرێتەوە، کە ئەمەش ڕاکردنە لە بەها و بایەخەکانی دێموکراسی و لەبەرچاونەگرتنی ویست و ئیرادەی خەڵک لە سەر شێوە و شکڵ و فۆرمی حکوومەتی داهاتوو. ئەوەش دژایەتیی جەوهەریی هەیە لەگەڵ دەیان ساڵ خەبات و قوربانیدانی نەتەوە بندەستەکانی ئێران کە بۆ دەستەبەری دێموکراسی بۆ ئێران و مافە نەتەوایەتی و ئازادییە مەدەنی و کۆمەڵایەتییەکانی خۆیان تێدەکۆشن، خوێن دەبەخشن و تێچووی قورسی ئەو خەباتە خوێناوییە دەدەن کە هەر ئێستا لە دژی حکوومەتی کۆماری ئیسلامی بەڕێوەیە.

خەباتی گەلانی ئێران ئێستا زیاتر لە هەموو کاتێک هاوئاراستە و هاوئامانجە. شۆڕشی ژینا و گۆڕانخوازە سیاسییەکان و دژبەرانی کۆماری ئیسلامی وڵاتێکی ئازاد و دێمۆکراتیکیان دەوێ و بەبێ سەقامگیربوونی دێموکراسی و پێکهێنانی حکوومەتێک کە لەسەر ئەساسی بنەمای سازانی سیاسی و نیشتیمانی بە ڕەچاوکردن و دانانان بە مافە سیاسی و نەتەوەییەکانی گەلانی ئێران دروست بووبێ و دەرفەتی گەشەکردن و بەشداریکردن لە دەسەڵاتی داهاتوو بۆ هەموو لا دابین بووبێت، ئەو خەباتە سەر ناکەوێ و هەر هێز و لایەنێکیش دژی ئەو بەها و بایەخانە بێت بە بەربەست و کۆسپی سەر ڕێگای شۆڕش دادەنرێن. ئەوەی لەو ماوەیەدا و لەژێر ناوی وەکالەتداندا بەڕێوە چوو یەکێک لەو کۆسپ و بەربەستانە بوو کە ئەگەر لە ئەساسدا بە مەبەستی هێنانە پێشەوەی تاک و گرووپێک دەستی پێ کرد، بەڵام ئاکامەکەی شکست و هەرەسهێنان بۆ ئەو عەقڵییەتە بوو. ئەزموونی شکستخواردن لە تاقیکردنەوەدا زۆر سەختە، بەڵام هەر لەو کاتەشدا لێفێربوون و تێگەیشتن لەویش دژوارترە. لەو سۆنگەیەوە ئەوەی ڕووی دا لانیکەم بەرچاوڕوونییەکی باشی بەو هێز و لایەنانە دا کە هێشتا هزرین و ڕوانینیان سەبارەت بە ئاڵوگۆڕەکانی وڵات نەگۆڕیوە.

دۆخی سیاسیی نوێی وڵات ئەرکێکی قووررستریش دەخاتە سەر شانی هێزە سیاسییەکانی کوردستان و نەتەوەکانی دیکەش کە دەبێ بەپێی سەنگی نوێنەرایەتیکردنی ئیرادەی سیاسی و شۆڕشگێڕیی خەڵکەکەیان، ڕۆڵیان لە ئاراستەبەخشین بە ڕەوتی شۆڕشەکە هەبێت و ڕێگە نەدەن هیچ هێز و لایەنێک بەری ڕەنج و خەبات و قوربانیدانی خەڵک پاوان بکات و بەتاڵانی ببات.

ئەم بابەتە لە ژمارەی ٨٤٠ی ڕۆژنامەی کوردستان بڵاو کراوەتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٦ی ڕێبەندانی ١٤٠١ی هەتاوی = ٥ی فێبریوێری ٢٠٢٣

---

## یەکپارچەیی هەرێمی یا مافی گەل بۆ دیاریکردنی چارەنووس



**کەریم پەرویزی**

لە درێژەی شۆڕشی ژینادا، پرسی پێکهاتنی بەرە یا هاوپەیمانی بۆ ڕێبەریکردنی شۆڕشەکە بۆتە یەکێک لە باسە گرنگەکانی ڕۆژ و هەر هێز و لایەنێک ڕوانگەی خۆی بۆ ئەو پرسە دەردەبڕێ. لەو نێوەدا هەندێک کەس و لایەن دێن نەک هەوڵی پێکەوەسازان و ڕۆنیشتنی هاوتا نادەن، بەڵکوو مەرجی باڵادەستانەش دادەنێن کە بێتوو ملکەچی نەبن لێتان قبووڵ ناکەین و لەگەڵ کەس شۆخیمان نیە! یەکێک لەو مەرجە سەیرانە کە بۆ هێزەکانی دیاری دەکەن تا لوتفیان پێ بکەن و

دوای قبووڵکردنی ئەو مەرجە بیاندوێنن، مەرجی یەکپارچەیی هەرێمی یان بەقەولی خۆیان "تمامیت ارضی"ی ئێرانە!

لە هەموو بەڵگە و پەیماننامە نێونەتەوەییەکانی تایبەت بە مافی مرۆڤ و مافی گرووپ و نەتەوەکاندا بگەڕێ، شتێک بە ناوی پاراستنی یەکپارچەیی وڵات یان خاک نابینیتەوە.

جاڕنامەی جیهانیی مافی مرۆڤ کە سەرتاپا باسی مافی مرۆڤەکان دەکا و لە بەرانبەر دەستدرێژییەکانی دەوڵەتەکاندا دیفاع لە مرۆڤەکان و کۆمەڵگەکان دەکا و نەک باسی یەکپارچەیی هەرێمی و ئەو چەمکە شۆڤێنیستییە ناکا، بەڵکوو بەڕوونی باس لە مافی مرۆڤەکان بۆ هەڵبژاردنی شوێنی ژیان و تەنانەت لە خاڵی ٢٨ی جارنامەی جیهانیی مافی مرۆڤدا باس لە نەزم و یاسایەکی نێونەتەوەیی و کۆمەڵایەتی دەکا کە دەبێ بۆ پاراستنی مافی مرۆڤەکان پێک بێ و مافی مرۆڤ لە پێشەوەی سەروەریی دەوڵەتانەوە دادەنێ و ئەولەوییەت بە مرۆڤ دەدا نەک ئیرادەی دەوڵەتەکان.

پەیماننامەی مافە مەدەنی و سیاسییەکان و هەروەها پەیماننامەی مافە ئابووری و فەرهەنگییەکان و پرۆتۆکۆلە هاوپێچەکانیان، هەموویان باسی مافی مرۆڤەکان و گرووپەکان و گەلان دەکەن. لە ڕاستیدا ئەوەی کە لە فەلسەفەی ئەو پەیماننامە و جاڕنامانەدا دەبینرێ، بریتییە لە بایەخدان بە مرۆڤ، نەک بایەخدان بە ئیرادەی دەوڵەت و هەرێمی ژێردەسەڵاتەکەی. ئەگەر ئەو دەسەڵاتەش دژەئینسانی و دژی دێموکراسی بێ، ئەوە ئیتر ڕێگە بە نەزمی نێونەتەوەیی دەدا کە گوشاری بۆ بێنی تاکوو ڕەچاوی مافی تاکەکان و گرووپ و گەلانی ژێردەستی بکا.

تەنیا شوێنێک کە لە بەڵگە جیهانیەکاندا باس لە سەروەریی دەوڵەت و یەکپارچەیی هەرێمی دەکا، مەنشووری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانە. لە خاڵی دووهەمی ئەو مەنشوورەدا کە پێکهاتەی UN باس دەکا و وڵاتانی ئەندامی ئەو ڕێکخراوە قبوڵیان کردووە هاتووە: هەموو ئەندامان لە پێوەندییە نێونەتەوەییەکانیاندا خۆیان دوور دەگرن لە بەکارهێنانی هەڕەشە یان زۆر بەدژی یەکپارچەیی هەرێمی یان سەربەخۆیی سیاسی هەر دەوڵەتێک، یان بەکارهێنانی هەر ڕێگەیەک کە لەگەڵ بنەماکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکاندا دژایەتیی هەبێ.

ئەم خاڵە سێ کۆڵەکەی سەرەکیی تێدا ڕوون و بەرچاوە:

**یەکەم**: باس لە دەوڵەتانی ئەندام دەکا.

**دووهەم**: باس لە پێوەندییە نێونەتەوەییەکان دەکا.

**سێهەم**: چەمکی یەکپارچەیی هەرێمیی لە پێوەندیی نێوان دەوڵەتاندا پێناسە کردووە. تا بەو شێوە سنووری دەسەڵاتی هەر دەوڵەتێکی پێ پێناسە بکا.

ئەوەی کە لە ئێران و لە بیرکردنەوەی شۆڤێنیستیدا جێی گرتوە و دەیانەوێ بیکەن بە هێژموونیی سیاسی و هزری لە نێو هەموو ئێراندا، ئەوەیە کە بە کەڵکی نابەجێ وەرگرتن لە دەستەواژەیەک کە بۆ دیاریکردنی سنووری نێوان دوو یان چەند دەوڵەت لە چارت و پێکهاتەی UN دا ئاماژەی پێ دراوە، بیرۆکەیەکی چەواشە دروست بکەن کە پیرۆزی بە سنوورەکان ببەخشێ و چەمکی "حفظ تمامیت ارضی ایران"یان لێ هەڵێنجاوە تاکوو هەموو گرووپ و نەتەوەکانی ئێران ملکەچی دەسەڵاتی ناوەندی بکەن. ئەوان لە ڕاستیدا بەو چەمکە چەواشەیە هەموو خاڵ و بەندەکانی جاڕنامە و پەیماننامە جیهانیەکان پووچەڵ دەکەنەوە و پێت دەڵێن کە تۆ دەبێ سوێند بخۆی کە واز لە مافی ڕوون و بێ گرێوگۆڵی خۆت کە لە پەیماننامەی مافە مەدەنی و سیاسیەکاندا هاتووە دێنی و سوێند بۆ دەسەڵاتی ناوەندی دەخۆی کە ملکەچی ئیرادەی نەتەوەی حاکم دەبی و واز لە ئیرادەی خۆت دێنی.

سەیرتر لە هەموو ئەوەی کە زۆربەی گرووپە فارسەکانیش کە ئیدیعای دێموکرات بوون و پێبەندی بە جاڕنامە جیهانییەکانەوە دەکەن، ئەوانیش هەر باس لە چەمکی شۆڤێنیستیی پاراستنی یەکپارچەیی هەرێمی لە نێو نەتەوەکان و کۆمەڵگەی ئێراندا دەکەن و بە ناوی دێموکراسی و پێبەندبوون بە مافی مرۆڤیشەوە پێت دەفرۆشن و وایان لێ کردووە کە هەر حیزب و گروپێکی نەتەوە ستەملێکراوەکان کە سوێندی ئەو چەمکەیان بۆ نەخوا بە چاوی "تجزیه طلب" و ئامرازی دەست بیانی دەیناسێنن.

بۆ زیاتر سەلماندنی باسەکان دەتوانین ئاماژە بە هەڵوێستی وڵاتانی وەکوو بریتانیا و کانادا بدەین: هەم لە بریتانیا لە دوای هاتنەئارای چەمکی دیاریکردنی چارەنووسەوە ڕێگا بە سکاتلەند دراوە کە گشتپرسی بۆ چارەنووسی خۆی بکا و هەم لە کاناداش ڕێگەیان بە خەڵکی کێبێک داوە کە هەر کات ویستیان گشتپرسی بکەن و گەر حەزیان لێ بوو وڵاتی خۆیان دامەزرێنن. لە هیچ باسێکی سیاسیی نێو ئەو دوو وڵاتەشدا نەیانگوتوە کە گشتپرسی لە سکاتلەند یان کێبێک دژی "حفظ تمامیت ارضی"یە! ئایا بریتانیایی و کاناداییەکان بە ڕادەی فارسەکانی ئێران لە مافی مرۆڤ و مافی گەلان تێ نەگەیشتوون؟

گەر پاراستنی یەکپارچەیی هەرێمی ببێ بە بنەمای بیرکردنەوەمان، لە ئێرانی داهاتووشدا کە کۆماری ئیسلامی نەمابێ و دێموکراتیکیش بێ، ئەوکات گەر نەتەوەیەکی غەیرەفارس و غەیرەکورد ویستی دەوڵەتی خۆی دابمەزرێنێ، ئەوە دژی

یەکپارچەیی هەرێمی ئێران دەبێ و ئەوکات کورد دەبێ یارمەتیدەر بێ تاکوو دەسەڵاتی ناوەندی بەسەر ئەو گەلەدا بسەپێ! ئەوەی کە بیرکردنەوەی شۆڤێنیستی دەیکا، تەفسیری دڵخوازیەتی لە بەڵگە و پەیمان و دەسکەوتە جیهانییەکان کە ڕێک بە پێچەوانەی شۆڤێنیزیم بۆ پاراستنی مافی مرۆڤ و گەلان لەدەست دەستدرێژیەکانی دەوڵەت هاتوونەتە ئاراوە.

چەمکی پاراستنی یەکپارچەیی خاکی وڵات تەنیا دەکرێ لە بەرانبەر دەوڵەتانی دەیکەدا پێناسە بکرێ. وەکوو ئەوکاتەی کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕایگەیاند کە لە بەرانبەر هێرشی ڕژیمی ئێراقدا ئامادەیە دیفاع لە ئێرانێک بکا کە مافی کوردی تێدا پارێزراو بێ.

لە پێوەندیی سیاسی و هاوکاریی هێزەکانی سەر بە نەتەوە ستەملێکراوەکان و هێزە فارسەکاندا دیارە کە دەبێ هەندێ تاکتیک بگیرێتە بەر کە لایەنی بەرانبەریش پێی ڕازی بێ و ڕەنگە بە دڵی تۆ نەبێ بەڵام دڵی ئەوی پێ ڕابکێشی. بەڵام ئایا لایەنی فارس ئامادەیە بەڕوونی باس لە پەیماننامەی مافە مەدەنی و سیاسییەکان کە پەنجا ساڵە واژۆیان کردووە بکا و بەڕوونی بڵێ مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ نەتەوەکان و یەک لەوان کورد قبووڵ دەکا؟

لەکاتێکدا باوەڕمان وایە کە ئێران لە چەند نەتەوەی جیاواز پێک هاتووە کە هیچیان سەرتر لەویتر نین، ئیتر پێکەوەژیان و پێکەوەبوونیشمان دەبێ بە ویست و حەزی خۆمان بێ و ئەوە دەوڵەتی هاوبەشە کە دەبێ ئەوەندە جەزابییەتی هەبێ کە هیچ کام لە نەتەوەکان حەزیان لە جیابوونەوە نەبێ، نەک نەتەوەکان سوێند بخۆن کە بە هەموو شێوەیەک ملکەچی ئیرادەی پاراستنی یەکپارچەیی هەرێمی دەبن.

کاتێک کە دەستەواژەیەکی شۆڤێنیستیمان قبووڵ کرد کە هەموو بنەما هزری و فەلسەفییەکانی بوون و مافەکانمان دەباتە ژێر پرسیار، ئیتر ئەوە تاکتیک نییە، بەڵکوو دەسبەردانەوە لە ئامانج و بڕواکانیشە.

ئەم بابەتە لە ژمارەی٨٤٠ی ڕۆژنامەی کوردستان بڵاو کراوەتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٦ی ڕێبەندانی ١٤٠١ی هەتاوی = ٥ی فێبریوێری ٢٠٢٣

# دێموکراسی لە ڕوانگەی منی کوردەوە




ئەلبورز ڕۆئین‌تەن

لەو کاتەی کە پریکلس لە ئاگورای ئاتێن باسی لە دێموکراسیی ئاتێن وەک خاڵی بەهێزی ئەو دەوڵەتە کرد، زیاتر لە دو هەزار ساڵ تێپەڕیوە. دوای ئەو هەموو ساڵە لە ئێستاشدا یەکێک لەو وشانەی کە لە گۆڕەپانی سیاسەت بە زۆری باسی لێوە دەکرێت وشەی دێموکراسیی سەردەمی پریکلسە.

بێگومان دێموکراسی لە سیستەمە لیبراڵەکانی ئێستادا جیاوازە لە دێموکراسیی سەردەمی دەوڵەتشاری ئاتێن، چونکە ئەوکات دێموکراسیی ڕاستەوخۆ هەبوو، کە خەڵک جیا لە ژنان و کوێلەکان بەشدارییان لە بڕیاراتی سیاسی دەکرد، میکانیزمەکەش بەو شێوەیە بوو کە خەڵک لە ئاگورا، مەیدانی شار کۆ دەبوونەوە و بەشدار دەبوون لە دانی بڕیارەکاندا، بەڵام دێموکراسیی ئێستا کە بە دێموکراسیی نوێنەرایەتی دەناسرێ. لە شیکردنەوەکانی تۆماس هابزی بریتانیای سەدەی شانزدە بۆ هەبوونی دەوڵەتێک کە بتوانێ مافی سروشتیی خەڵک بپارێزێ دەست پێ دەکات. ئەو شیکردنەوە بۆ دەوڵەت کە لە سەردەمی هابزدا تەنانەت نەرێنی بەڵام پێویست بوو. ئەو هەوڵەی هابز لە کتێبێکدا بە ناوی "لێڤیاتان" شی کراوە بەڵام لە شوێن و کاتی جیاواز بە چەند ڕێڕەوی جیاوازدا تێپەڕی و تا بە ئەمڕۆش بەردەوامە، لەوانە ڕێڕەوەی ئینگلیزی کە دواتر لە ڕێگەی جۆن لۆک کە بە باوکی ئایدۆلۆژی لیبراڵیزم دەناسرێ کە پێ لەسەر پێویستی و ئەرێنی‌بوونی حکومەت و مافی تاک دادەگرێت و

ئەوەش وا دەکات ڕێگە بۆ حکومەت بە ناوی خەڵکەوە کەم کەم بونیاد بنرێت و لە ڕێگەی فەیلەسوفانی دیکەشەوە وەک جان ستوارت میل بە ڕیفۆرمی جۆراوجۆر و بەردەوام تا بە ئەمڕۆ بێت کە بە یەکێک لە دیموکراسیە بەناوبانگ و نمونەییەکانی دونیا ناودەر بکات.

ڕێڕەوی دوەم ڕێڕەوی سەردەمی ڕۆشنگەری فەڕەنسایە کە بە ڕۆشەنگەری یارانی ئەنسیلۆپێدییا دەستی پێکرد و دواتر لە ڕێگەی گرێبەستی کۆمەڵایەتیی ڕۆسۆ و هەروەها جیاکردنەوەی دەسەهەڵاتەکانی دادوەری و جێبەجێکردن و یاسا دانانی مۆنتێسکیو و هەروەها شۆڕشی فەڕەنسا بۆ دژایەتی کردنی دەسەڵاتی شا و ئازادی خەڵک بناغەی دانراو تا بەئەمڕۆش لە چوارچێوەی کۆماری بەردەوامە، بە پێچەوانەی ئەزموونی بریتانیا ئەزموونی فەڕانسە پڕە لە شۆڕش و توندوتیژی تا ئەوەی کە بە ئەمڕۆ گەیشتووە.

ڕێڕەوی ئەمریکا دوای زاڵبوون بەسەر شەڕی نێوخۆی و ستاندنی سەربەخۆییش خۆی لە خۆیدا ئەزموونێکی جیاوازە. بێگومان ئەو ڕەوتانە کاریگەرییان بە سەریەکەوە هەبووە بەڵام لەوەش گرینگتر کاریگەری کولتوور و مێژووی خەڵکی ئەو شوێنەی کە دیموکراسیەکە تێیدا سەری هەڵداوە جێگای سەرنجە. بۆ نمونە وێڕای ئەوەی کە دیموکراسیی دانمارک و بریتانیا دوو دیموکراسیی مۆنارشین، بەڵام جیاوازییان هەیە و لە زۆر شوێن ئەوەی لە وڵاتی ئیسکاندیناوی هەیە بە جیاواز و تایبەت باسی لێوە دەکرێت.

بەگوێرەی دابەشکاریی سیستەمی سیاسی کە ئەندرو هیود، نووسەری کتێبی سیاسەت باسی دەکات وڵاتانی جیهانی سێیەم کە جیاواز لە وڵاتانی لیبراڵ دیموکراسیی ڕۆژئاوا و هەروەها وڵاتانی کۆمۆنیستین کە ئێمەش دەگرێتەوە هەوڵ دەدەن بەرەو دیموکراسی بڕۆن، لە لایەکی دیکەوە هەوڵی ئەمریکا لە چوارچێوەی سیاسەتی فەرمی ڕاگەیەنراو بۆ پەرەپێدانی دیموکراسی لەو وڵاتانە وەک هەنگاوێک بۆ پێشکەوتن و دژایەتیی کۆمۆنیزم و فەندەمێنتاڵیزم لە زۆر شوێن شکەستی خواردووە و تەنانەت لە ئێستاشدا باسێکی جیددیی ئەو وڵاتانە نەبوونی دیموکراسی و لێکەوتەکانی دیموکراسی وەک مافی مرۆڤە. بە جورێک لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی پڕ گرفت، دیموکراتترین وڵات بە پێوەری جیا ئیسرائیلە و دەکرا حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە باشووریش کە لە ڕێزی دووەمدا دێت، زۆر لەوەی ئێستا باشتر بێت. هەر بۆیەش کورد و کوردستان بە گشتی و ڕۆژهەڵات بە تایبەتی لەو شوێنانەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستن کە وێڕای ویستی هەبوونی دیموکراسی هەوڵەکانیان بۆ بە دیموکراتکردن بەرچاون و تەنانەت ڕووبەڕوی توندوتیژی زۆری وڵاتانی کە کوردستانیان بە سەر دابەش کراوە بۆتەوە.

لە بەیاننامەی دامەزراندنی حیزبی دیموکراتدا هاتووە کە "دونیای دیموکراسی بە سەر فاشیزم سەرکەوتوە" واتە لەو کاتەوە

تا بە ئێستا بە هەموو شێوەیەک داوای دیموکراسی دەکات تا لە ژێر سێبەری ئەو دیموکراسییە بە لانی کەمی مافەکانی بگات، بەلام بە پێچەوانەوە حوکمڕانانی ناوەند نەک گوێیان لەو دەنگە نەگرتووە و بەتوندی سەرکوتیان کردوە، بۆ خۆشیان چ لە چوارچێوەی حکومەتی پاشایەتی و چ لە چوارچێوەی حکوومەتی ویلایەتی فەقیهـ دیکتاتورییەکیان داناوە کە لە دژایەتیکردنی خەلکی خۆی و نەتەوە بندەستەکاندا لە دونیادا دەگمەنە.

دوای شۆڕشی ژن، ژیان، ئازادی بە تایبەتی دوای ئەوەی سەلماندی کە دەکرێ کۆماری ئیسلامی بڕووخێنرێ، ئۆپۆزیسیونی غەیری کوردی کۆماری ئیسلامیی بە هەموو ڕەنگەکانیەوە وە چالاکی ختووە بۆ ئەوەی سواری شەپۆلی هێزی خەلک بن بە باسکردن لە دیموکراسیی خۆیان بە جێنشینی کۆماری ئیسلامی بزانن.

ئەوەی کە وشەی دیموکراسی تەنیا وەک وشە نیشانەی دیموکراتبوونی ئۆپۆزیسیۆن نییە لێرە بوەستێ، بەلام کاتێک لە تێفکرینی ئەو ئۆپۆزیسیۆنە ورد دەبیەوە هەر یەکێکیان لە شوێنی خۆی دیکتاتۆرێکە کە ڕووی دیکتاتوریی ئەوانەی پێش خۆی سپی دەکات، بۆ نموونە سەری قسە و بنی قسەی ڕەزا پەهلەوی دیموکراسیە، بەلام دژایەتیی خوێندن بە زمانی دایکی دەکات و، بەداخەوە هیچ یەکێک لە ئەوانەی بەدوای کەوتن ئەوەی لێ ناپرسن باشە کام دیموکراسیی پێشکەوتووی دونیا ڕێگری لە خوێندن بە زمانی دایک دەکات کە تۆی داواکاری دیموکراسی، ئەو مافە مرۆڤایەتیە سروشتیە بە ڕەوا نازانی؟ یا ئەو بەشەش کە دژایەتیی ڕەزا پەهلەویش دەکەن دەیانهەوێ لە چوارچێوەی زۆرینە و کەمینەدا دەنگی نەتەوەکان نەبیسن و بەو شێوەیە پەراوێزیان بخەن و دواتر بلێن ئەوە دیموکراسییە.

### دیموکراسی بۆ منی کورد چیە؟

**یەکەمین خالی** دیموکراسی لە ئێرانی داهاتوودا دەبێ دانـان بێ بە نەتەوەبوونی کورد، چونکە ئەگەر وەک نەتەوە نەتبینێ، جیاوازییەکی ئەوتۆشت بۆ دانانێ و وەک تارانییەک سەیرت دەکات و تەنانەت داواکارییەکانیشت لە باشترین دۆخدا لە چوارچێوەی مافی شارومەندی دادەنێ، قایل بووی ئەوە باشە، ئەگەر نا ئەوە دوژمنی و دەبێ سەرکوت بکرێ. بۆیە یەکەم خالی هەر دیموکراسییەکی داهاتوو دەبێ دانان بە نەتەوەبوونمان بێت لە چوارچێوەی سیستەمی داهاتوودا، و ئەو بابەتە خالی سوور بێت. چونکی ئەگەر وەک نەتەوە نەتبینیێ ڕێز لە مافی نەتەوەییشت ناگرێ، ئەو مافە نەتەوەییەی سەدان سالە بە ڕووبار خوێنی بۆ دەدەین.

**دووهەم خال** دوای ئەوەی کە دانی دانا بە نەتەوەبوون، مافەکانت لە چوارچێوەی مافی نەتەوەییدا دەبێ ڕێزی لێ بگیرێ

کە سەرەکیترینیان مافی دیاریکردنی چارەنووسە. واتە هەر جۆرە سیستەمێک کە بۆ داهاتووی ئێران دیاری دەکرێ، دەبێ کورد بڕیاری لە سەر بدات بۆ ئەوەی هەست بکات کە وەک نەتەوە بڕیاری داوە لە چارەنووسی خۆی. بێ ڕێزگرتن لە مافی دیاریکردنی چارەنووس واتە وەک نەتەوە ناتبینێ و ئەگەر وەک نەتەوە نەتبینێ هەر داوایەکیشت هەبێ بچووک و گەورە، گوێی لێ ناگرێ و تەنانەت بە مەترسییشی دادەنێ و سەرکووتت دەکات.

ئەو بابەتانە گومان و پێشبینی نین، بەڵکوو مێژووی کوردن. سەیر بکەن لە هەموو مێژووی کورددا ئەوە نەتەوەیە لێی دەدرێ و سەرکوت دەکرێ بۆوەی وەک نەتەوە داوای ماف نەکات، نیزامی سیاسیی وڵات داوا لانی کەمەکانیشی جێبەجێ ناکات تا داوای زیادتر نەکات، هەر هەوڵێکی کوردیش چەندیش ئاشتیخوازانە و تەنانەت لە چێوارچێوەی تەواویەتی خاکی ساختەی ئێرانیش بێت کە بۆ ئەوان گرینگە، هەر بە مەترسی دادەنرێ و سەرکوت دەکرێ.

ئەو دوو خاڵە سەرەتای گەیشتن بە دێموکراسی بۆ منی کوردن بەو ڕابردووە خوێناوییەی کە تا بە ئەو چرکەساتەش لە چوارچێوەی شۆڕشی ژن ژیان ئازادی بەردەوامە. تەنیا بەو شێوەیە دەتوانم باوەڕ بە دێموکراسی ئەوانەی داوای دێموکراسی دەکەن بهێنێم بە پێچەوانەکەی خۆم هاوکاری دامەزراندنی دەوڵەتێک دەکەم کە دوایە سەرکوتم دەکات.

بابەتێکی دیکەش ئەمەیە کە لێرە و لەوێ دەڵێن ئێستا کاتی ئەو بابەتە نییە و ئێستا هەر دەڵێین دێموکراسی و دواتر دەچینە وردەکارییەوە. ئەو یەکەمین پیلانەکانی سەرکوتکردنی کوردە. مێژوو زانستێکە بۆ ئەوەی لێی فێربین دەبینین: شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری کە گەیشتە دەوربەری ورمێ بە ناوی وتووێژ و ئاشتییەوە ئەوەندە ڕایانگرت تا هێرشیان کردە سەر و ئەو شۆڕشەیان شکست پێ هێنا. ڕەزا شا سەرەتای بێهێزبوونی سەردانی سمکۆ دەکات و داوای هاوکاریی لێ دەکات، کە هاتە سەر تەخت و بەهێز بوو بە هەموو هێزیەوە کەوتە دژایەتیی شۆڕشی سمکۆ و تەنانەت کاتێک بە زەبری هێز نەیتوانی شۆڕشەکە لە نێو بەرێ بە فێڵ و بە ناوی وتووێژ شەهیدی کرد. حەمەڕەزا شا تا خۆی بەهێزکردەوە و لەگەڵ زلهێزان ڕێک کەوت، پێشەوای نەمری ئێمەی لە تاران دەبینی و گفتوگۆی لەگەڵ دەکرد، کە شوێن پێی خۆی گرت لە چوارچرا لە سێدارەی دا. با باسی دانوستاندنەکانی تاڵەقانی و هەیئەتی دەوڵەتی خومەینییش نەکەین کە چۆن دوای هێزگرتنیان فتوای ژێنوسایدی کوردیان دا و، دواتر هەر کە نەیانتوانی بەرگریی کورد تێک بشکێنن، کوردیان بانگهێشتی سەر مێزیان کرد و جارێکی دیکە بە هۆی ئەوەی ئاشتیخواز بووین، زاناترین و گەورەترین ڕێبەرمان لە دەست دا.

تەنانەت لەو ساڵانەی دوایی کە کۆماری ئیسلامی مەترسی لە سەر خۆی دەبینێ بە هەموو جنایەتانەوە دێت داوای دانوستاندن دەکات، بۆیە هەر کاتێک کە گوتیان ئێستا کاتی نییە و دوای باس دەکەین، واتە کە بەهێز بووین سەرکوتتان

دەکەین. ئایا کەسێک هەیە گەڕەنتی بدات کە لە داهاتوو ئەوە ڕوو ناداتەوە، هەر زوو لە وەڵامی ئەو پرسیارە دەگوترێ لە سیاسەتدا گەرەنتی نیئە، کە گەرەنتییش نەبێ واتە تەنیا ئەوکاتە منیش باوەڕ بە وتووێژەکە دەکەم کە دوو مەرجی داننان بە نەتەوە بوون و مافی دیاریکردنی چارەنووس وەک ئەسڵێک پەسەند بکرێت.

پرسەکە زۆر سادەیە. داواکارانی دێموکراسی دەبێ دان بە مافی نەتەوەکان دابنێن، بەبێ داننان بە مافی نەتەوەکان ئەوان دێموکرات نین، ئەگەر دێموکرات نەبن، واتە دێموکراسیش بەدی نایێ، کە واتە منی کوردیش نابێ ببم بە سووتەمەنیی دامەزراندنی دیکتاتورییەتێکی دیکە.

ئەم بابەتە لە ژمارەی٨٤٠ی ڕۆژنامەی کوردستان بڵاو کراوەتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٧ی ڕێبەندانی ١٤٠١ی هەتاوی = ٦ی فێبریوێری ٢٠٢٣

# قوماره گەورەکەی ئێران



ئامانج زیبایی

کۆماری ئیسلامی ئێران لە ماوەی دەسەڵاتدارەتیی خۆیدا و لەپێناو ڕاگرتنی هەیمەنە و هێژمۆنیی خۆیدا هەموو ئامرازەکانی سەرکوتی بۆ بەگژداچوونەوەی ویست و داواکارییە بەحەقەکانی نەتەوەکانی ئێرانی بەکار هێناوە و لە ئامرازی هەڵداشتنی قەیرانەکان بۆ دەرەوەی سنوورەکانی و هەڵگیرساندنی شەڕی دەرەکییش دەستی نەپاراستووە.

ڕێژیم لە ماوەی دوای هەڵگیرسانی شۆڕشی ژینا  بە هێرشکردنە سەر بنکە و بارەگاکانی حیزبە ڕۆژهەڵاتییەکان بۆ چەندین جار هەوڵی دا ڕەوتی ناڕەزایەتی و خۆپێشاندانەکان لە نێوخۆی ئێران بە گشتی و لە کوردستان بەتایبەتی بەلاڕێدا ببا. ئامانجی ڕێژیم لەو سنووربەزاندن و هێرش بۆ سەر حیزبە کوردییەکان ئەوە بوو وا بنوێنێ کە ئەم ڕاپەڕین و سەرهەڵدانەی ئێران هۆکاری دەرەکیی هەیە تا بەمجۆرە ناڕەزایەتییەکان لە ئێرانی پێ پەردەپۆش بکەن. جگە لەم بابەتە کۆماری ئیسلامی ئێران هەم بۆ خۆی و لۆبییەکانی جاڕی ئەوەی دا کە نەتەوەکانی ئێران سەودای سەربەخۆیی و لەتکردنی ئێرانیان هەیە و هێندێک لە بەناو ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوەی وڵاتیش ئەم هەوایەیان بۆ ڕێژیم ئەستاندەوە و تەندووری چەواشەکارییەکانی ڕێژیمیان نێڵ دا. بەرپرسانی باڵای کۆماری ئیسلامی دوای ئەوەی بۆیان دەرکەوت کە ئاستی تێگەیشتنی سیاسیی خەڵک زۆر لەوە لەسەرترە وحیزبە سیاسییەکانی کوردستانیش لەوە ژیرترن کە بکەونە داوی ژوورە فکرییەکانی

ناوەندە نیزامی و ئەمنییەتییەکانی ڕێژیم؛ پەنایان بردە بەر سیناریۆی هەڕەشەکردن لە چەند دراوسێیەکی خۆیان، واتە هەرێمی کوردستان و کۆماری ئازەربایجان. ئەمەش پەرەی بەو تیۆرییە دا کە ئاخۆ ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی لە ئێستادا بۆ بازدان بەسەر قەیرانە نێوخۆییەکانیان قەیرانێکی دیکە دروست دەکەن؟ بەڕوونی ئایا لە دەرەوەی سنوورەکانیان شەڕێک وەڕێ دەخەن؟ ئاخۆ لە بنەڕەتدا شەڕ لە بارودۆخی ئێستادا چەندە لە بەرژەوەندیی مانەوەی کۆماری ئیسلامی لە دەسەڵاتدایە؟

بە سەرنجدان لە سەر بابەت گەلێک کە چارەنووسی شەڕ یەکلایی دەکاتەوە دەبینین کە هیچ کام لەو فاکتەرانە لە بەرژەوەندیی ڕێژیمدا نییە. ژێرخانی ئابووریی وڵات لە خەراپترین بارودۆخی خۆیدایە، تا ئەو ڕادەیە کە ڕێبەری کۆماری ئیسلامی بۆ چارەسەرکردنی کورتیهێنانی بودجەی وڵات و پێدانی مووچە و مزی کارمەندەکانی ئیزنی بە دەوڵەت داوە ملکە تاپۆکراوەکانی بفرۆشێت. لە هاوکێشە سیاسییە نێودەوڵەتییەکانیشدا دیپلۆماسیی ڕێژیم لە خوارترین ئاستی خۆیدایە و پاڵپشتیی نەک جیهانی بەڵکوو ناوچەییشی نەماوە. خۆ ئەگەر جاران کەموزۆر و بە شێوەیەک لەلایەن چین و ڕووسیەوە پاڵپشتییەکی ئاست نزمی لێ دەکرا، ئێستا لەوەش بێبەری بووە. چین زیاتر بە نیازە خۆی لە وڵاتانی عەرەبی نێزیک کاتەوە و ڕووسیەش بۆخۆی لە شەڕی ئوکرایندا چەقیوە و تەنانەت ئەوە کە چاوی هیوای لە ئێران بۆ پشتیوانیی لۆجستیک بڕیوە.

دۆخی نێوخۆیی و پێگەی سیاسیی ئێران لە هاوکێشە جیهانییەکان جۆرێکە لە ئەگەری ڕوودانی شەڕ یان ڕووبەڕووبوونەوەی چەکداری یان خود پەرەپێدان بە ناکۆکییە ناوچەییەکان کە ستراتیژیی سەرەکی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە، تەنانەت ڕووسیەش کە لە ئێستادا قەرزباری ئێرانە، ناتوانێت بەهانای دەسەڵاتدارانی تاران بگات. دیارە هەر لەجێدا پێشێلکردنی پرەنسیپە نێونەتەوەییەکانی دیپلۆماسی لە تاران و هەرجارە بە بیانوویەک و بە شێوەیەک هێرشکردنە سەر باڵیۆزخانەکان هیندەی دیکە ستاتۆی ڕێژیمی لاواز کردووە. هەر لە ئێستادا دوای هێرشە تێرۆریستیەکەی سەر بالیۆزخانە کۆماری ئازەربایجان، ئەم وڵاتە هەڕەشەی کشاندنەوەی دیپلۆماتەکانی خۆی دەکات لە تاران و ئەوەش بە پەیامێک دادەنرێ لە سیکلی دیپلۆماسیدا. گرینگی ئەو بڕیارەی ئازەربایجان بۆ ئەمە دەگەڕێتەوە کە کۆماری ئازەربایجان پێوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ ئیسرائیل هەیە و دەستی ئەو وڵاتە زیاتر لە جاران بۆ هەر جورە کردەوەیەکی دژبەرانە بەرامبەر بە کۆماری ئیسلامی ئێران ئاوەڵا دەکات. بەتایبەت کە لە دوای هاتنەوەسەرکاری بنیامین نتانیاهوو دەبینین کە ئەم وڵاتە سوورتر لە هەر کات پێداگرە لە سەر ئەوەی نەهێڵێت کۆماری ئیسلامی دەستی بە چەکی ناوکی ڕابگات و ڕۆژ بە ڕۆژ لۆبیی ئیسرائیل لەم پێوەندییەدا بەهێزتر دەبێت. ڕێکەوتنی ئیبراهیم وڵاتانی دراوسێی ئێرانی گرتۆتەوە و تەنانەت بەرجامیش کەوتۆتە بەر کاریگەریی ئەم بابەتە و هێرشەکەی چەند ڕۆژ پێش ئێستای سەر شارەکانی ئیسفهان و چەند شارێکی تری ئێران ئەم

تیورییە پشت ڕاست دەکاتەوە.

لە ڕاستیدا لەم کاتەدا کۆماری ئیسلامی بۆ هەڕەشەکردن و بەرگریکردن لە خۆی و یان خۆ پاڕێزی تەنیا پشتی بە مووشەک و درونەکانی بەستووە و وێناچێ بیەوێ قومارێکی گەورەیان لەسەر بکات. لە هەمووی گرینگتر ئەوەیە کە ڕای گشتیی کۆمەڵگەی ئێران پشتیوانی لە سیاسەتە چەوتەکانی ئەم ڕێژیمە ناکات و ئەو پروپاگاندایییەی کە لە کاتی شەڕی نێوخۆیی سووریە باسی لێ دەکرد و دەیگوت ئەگەر لە دەرەوەی سنوورەکانمان بەرنگاری دووژمن نەبینەوە ئەوە دەبێ لە نێوخۆدا بەرنگاریان ببینەوە پووچ دەرچووە.

لە ئێستادا شەر گەیشتۆتە نێو خاکی ئێران و دەشبینین کە هێزەکانی تێرۆریستیی سەر بە سپای پاسداران چۆن دەستەوەستان ماونەتەوە بەرامبەر بەم هێرشانەی کە دەکرێتە سەریان و هەرجارە بیانویەک دێننەوە بۆ خۆدەربازکردن لەو شەڕەی نایانەوێ بۆ ئێرانی بکەن.

ئەم بابەتە لە ژمارەی٨٤٠ی ڕۆژنامەی کوردستان بڵاو کراوەتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٧ی ڕێبەندانی ١٤٠١ی هەتاوی = ٦ی فێبریوێری ٢٠٢٣

# شۆڕش لە دڵی هێزە کۆمەڵایەتییەکانەوە سەر هەڵ دەدات



سۆران شەمسی

ناوەڕۆکی ناوەندی و سەرەکیی هەموو شۆڕشەکانی جیهان، ڕووخانی سیستەمی باڵادەستە، بەڵام فۆرم و دەرئەنجام و ئایدۆلۆژیا و شێواز و پرۆسە و دروشم و بەرنامەکان، پێکهاتەی دیموکراتیک یان نادیموکراتیکی شۆڕشەکان جیاوازە، بەم شێوەیە شۆڕشەکان لە لایەکەوە تایبەتمەندیی هاوبەشیان هەیە و لە لایەکی تریشەوە تایبەتمەندییەکیان هەیە کە لە یەکتر جیایان دەکاتەوە.

شۆڕشی ئێستەی ئێران نەک تەنیا بە تێئۆری و چەمک و تایبەتمەندییە هاوبەشەکانی شۆڕشەکانی ڕابردوو، بەڵکوو بە زانینی سیما و ڕەوت و ناوەڕۆکی نوێی خۆیەوە شیکاریی بۆ دەکرێت، چونکە ئێرانییەکان خەریکی دروستکردنی فۆرمی شۆڕشن و خەریکە شێوەی خۆی دەگرێت چونکە لەم پرسەدا تازەکارن،هەر ئەمەشە کە شۆڕشی ئەمجارە تا ڕادەیەکی زۆر خۆی لە شۆڕشەکانی تر جیا دەکاتەوە ئەویش بەپێی پێکهاتەی ڕاستەقینە و ناوەڕۆکی یاسایی و ئایدیۆلۆژیی سیستەمی باڵادەست. لە بەشی فرە تایبەتمەندییەکانی ئەم تێبینییەدا ئاماژە بە کۆمەڵێک تایبەتمەندیی جیاکەرەوەی شۆڕشی ئێستە دەکەم.

ئەم پرۆسەیە لە شۆڕشی ئەم دواییەی ئێرانەوە دەستی پێ کرد، هەر چەندە ئەم شۆڕشە ڕەگ و ڕیشەی لە ساڵەکانی ٩٦،

۹۸ و ... هەیە. لەم پرۆسەیەدا کە بە داهێنەری شۆڕشگێڕانەی نەوەی لاوی بەشدار لە دیمەنەکەدا دەبینرێت، خولقاندنی گوتار، هزر، دروشم، داواکاری و جۆرەکانی تری ڕێکخستنی مەجازی و واقیعی، تازە و نوێ و گونجاو لەگەڵ دۆخەکەدا، ڕێگەکانی ئامادەبوونی چالاک لەسەر شانۆ و...، گەشە دەکات.

کۆمەڵگای ئێرانی ئەمڕۆ لە "شۆڕش"دایە. ئەم لێدوانە واقیعیترین وەسفی بارودۆخی ئەمڕۆیە. وەسفکردنی ئەم پرسە دەتوانێت وڵامی ئەو پرسیارەش بداتەوە کە چارەنووسی ناڕەزایەتییەکانی ئێستەی ئێران دەگاتە کوێ و دەرئەنجامەکەی چی دەبێت؟

کۆمەڵگەی ئێران ماوەیەکە شۆڕشێکی دەست پێ کردووە و ئەوەی ئەمڕۆ لە شەقامەکاندا دەگوزەرێت ساتێکی ئاشکرابوونیەتی. شۆڕشێک کە دەرەنگ دەست پێ بکات،بە هەموو جیاوازییەکانی شێوەی دەربڕین و ئەکتەرەکانییەوە، کۆمەڵێک هێز و ناڕەزایەتیی مێژوویی کە دەتوانێ وەسفی ئێرانی هاوچەرخ بکات. ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە زۆر هێزی جیاواز لەم شۆڕشەدا چالاکن، کە هەموو جارێک نوێنەرایەتیی بەشێک لەم شۆڕشە دەکەن. ئەم ڕاستییە پێمان دەڵێت، سەرکوتکردنی شەقام و دەنگەکان لەم کاتەدا کۆتایی ئەم شۆڕشە نییە و توانای چارەسەرکردنی نییە؛ بەڵکوو دەبێتە خولقێنەری سەردەمێک کە هێزی نوێ دەهێنێتە مەیدان. لەڕاستیدا ساتەکانی دابەزینی ئەم شۆڕشە ئەو ساتانەن کە دەبنە دەرفەت بۆ دووبارە وزە وەرگرتنەوە بۆ دەستپێکردنی شەڕێکی نوێ.

بۆ تێگەیشتن لە دۆخەکە هیچ بژاردەیەکی ترمان نییە جگە لە پێداچوونەوە بە مێژووی ئەم شۆڕشە لە ئێستەوە، بۆ پێشەوە و دواوە، بۆ ناسینی هێزەکان و کەمێک باسی داهاتوو لە دەرئەنجامی ئەوەی لە ڕابردوودا ڕووی داوە.

چەندین هۆکار وای کردووە لەم ساتەوەختە مێژووییە تایبەتەدا ڕووبەڕووی ئەم جۆرە نوێیە لە ئامانجکردن ببینەوە و شایەتحاڵی سەرهەڵدانی ئەم هێزانە بین بەتایبەتی لە چینی ناوەڕاستدا، کە لە نێوانیاندا گرنگترینیان سەرهەڵدانی ناڕەزایەتییەکانی ساڵی ۹٦ و ۹۸. هەموو ئەم شتانە کە ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە ژیانی ڕۆژانەی بابەتی و دەروونیانەوە هەبوو، جارێکی دیکە غەریزەی مانەوەی چینی ناوەڕاستیان هان دا. دوو ڕووداوی دیاریکراو، واتە شێوازی مامەڵەکردنی حکوومەت لەگەڵ شەهیدکردنی ژینا ئەمینی، هەموو ترس و تووڕەیی و دڵەڕاوکێیەکی بەرەو یەک کەناڵی تایبەت برد، کە ڕەنگە یەکێک بووبێت لە کۆنترین و باوترین پێکهاتەکانی هەڵاواردن: پرسەکە لە حیجابی ئیجباری کە لە ڕاستیدا پرسێکی گرینگ بۆ ژنانە دەستی پێ کرد و لەناکاو هێزێکی ئازاد کرد کە لەناو چینی ناوەڕاستدا کۆ کرابووەوە. پرسی "ژن" لە ڕاستیدا بوو بە نوێنەری سیستەمێکی ناتەواو و پڕ لە ترس و جیاکاری.

ئەگەر گرنگی بەو ڕاستییە بدەین کە مرۆڤ بە هەژاربوون لە کورتخایەندا چینەکەی لەدەست نادات و چەمکی چینایەتیش تەنیا پشت بە سەرمایەی ئابووری نابەستێت، دەتوانین تێگەیشتنێک لە هەڵسوڕاوانی شۆڕشی ژینا بەدەست بهێنین. بەڵگە و گێڕانەوەکان باس لەوە دەکەن کە هەرزەکاران و گەنجانی تەمەن نێوان ١٥ بۆ ٢٠ ساڵ جەستەی سەرەکیی خۆپیشاندەرانی سەر شەقامەکان پێکدەهێنن. کەمبوونەوەی تەمەنی تێکڕای شۆڕشگێڕان ڕەنگە سەرنجڕاکێشترین سیمای ئەم ڕاپەڕینە لە شەقام و لەسەر تەرمەکانی بێت. کلیلی ئەم پرسە دەبێت لە پەیوەندیی نێوان تایبەتمەندییە چینایەتییەکان و بارودۆخی ڕاستەقینەدا تێبگەین. هەرزەکار ئەوانەن کە لەم ساڵانەدا شاهیدی قەیرانی دارایی و دەروونیی دایک و باوکیان بوون؛ ناچار بوون بەرگەی شکستەکانی ژیانی ڕۆژانەیان لە قوتابخانە و شەقام و خێزاندا بگرن و شایەتحاڵی شکستی قووڵی دایک و باوکیان بن لە دۆخەکە.

لەم نێوەندەدا بەهۆی ناتەواویی پرۆسەی بەکۆمەڵایەتیکردنیان و ئازادبوونی زیاتر لە ترس و سیفەتە کۆنەپەرستەکانی چینەکەیان و لە هەمووی گرنگتر پرسیاری بێوەستانیان لە دۆخەکە، توانیویانە خەریکی کردەوەی بەکۆمەڵ و هەندێک جاریش داهێنەرانە بن و لەڕاستیدا بوونەتە "هێزێک" لە شۆڕشدا، ئەوەی لە پێوەندی لەگەڵ دۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی لە ڕێگەی میتۆدی حوکمڕانی و فەرمانەکانی حکومەتەوە دروست دەبێت، تووڕەیی گشتییە. هاوپشتیی کۆمەڵایەتیی جەماوەریی خەڵک لەسەر نەویستنی ئەم دۆخە بە ڕوونی دیارە. بەڵام چی بە تایبەتی وامان لێ دەکات ئەو هێزە لە شۆڕشی ژینادا بە "تووڕەیی" ناو ببەین؟ بزووتنەوەیەک کە هەرزەکارانی وەک هێزێکی سیاسی ئازاد کردووە، جگە لەوەی کە ئەزموونیان کردووە، بینیویانە کە چۆن دایک و باوکیان لەم ساڵانەدا چەوساوە و بێهیوا و هەژار و بێئومێد بوون؛ نەفرەت و ناڕەحەتیەکانیان بیستووە و هەستیان پێ کردووە.

شۆڕشی ژینا لەسەر شانی ئەو کەسانەیە کە ڕقیان لە سیستەمێکە کە خراپە بەرامبەر بە دایک و باوک و دەوروبەریان دەکات. تووڕەیی ئەوان دەرئەنجامی ساڵانێکی دوورودرێژی ستەمکارییە کە نەوەکانی ڕابردوو و دایک و باوکیان تووشی بوون؛ واتە ئەوانەی ڕووناکی شۆڕشی ئێستایان داگیرساند.

کاردانەوەی نەوەی نوێ بەرانبەر بە سیستەمی دەسەڵاتدار و چینی دەسەڵاتدار نەک هەر لە پەیوەندیی نزیک و سۆزداری لەگەڵ قوربانییەکان (واتە دایک و باوکیان) سەرچاوە دەگرێت، بەڵکوو لەو لێکچوونەشەوە سەرچاوە دەگرێت کە لە ساتێکی مێژوویی تایبەتدا لە نێوان خۆی و شەهید ژینادا دۆزیویەتیەوە؛ ئەو ساتەی کە بوو بە ڕووداوێکی گرنگ لە شۆڕشدا و دەسەڵاتی شاراوەی خۆیان ئازاد کرد.
لە ڕاستیدا هەرزەکاران،بەتایبەت کچانی هەرزەکار، دەرکیان بەوە دەکرد کە بە هۆی دووری لە بنەچە چینایەتییەکانیانەوە

بۆ دایک و باوکیان مەحاڵ دەهاتە بەرچاو و شتێکیان لە تایبەتمەندییە سیاسی و نارەزایەتییەکانی چینی ناوەڕاست لەبیر بوو؛ وە لە ساتێکی پێشبینینەکراودا لە مەیدانی بێتوانایی دایک و باوکە تەمەن ناوەڕاست و بێهیواکانیان بازیان دا.

ناوەندیبوونی ژن لە شۆڕشی ژینادا تەنیا بۆ سەرەتای ئەم بزووتنەوەیە ناگەڕێتەوە، بەڵکوو شتێکە لە ناوەڕۆکەکەیدا تەواوەتەوە. هەرچەندە هەر جووڵانەوە و ڕاپەڕینێک، بەهۆی جێبەجێنەکردنی داواکارییەکان و سەرکوتی حکوومەتەوە، دەبێتە هەڵاتوو، واتە ڕەنگە تەشەنە بکات بۆ پرسەکانی تر و تەواوی سیستەمی سیاسی، بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە چۆن دەتوانێت هەموو چالاکەکان کۆ بکاتەوە کە هێزەکان لە هەر ساتێکدا و هاودەنگی نیشان دەدەن. هەروەها ناپێگەیشتنە لە بواری سیاسیدا، ئەگەر وا بیر بکەینەوە کە تایبەتمەندییەکانی سیستەمی سیاسی پێویستیی بونیاتنەری هاودەنگی بن و بتوانن مرۆڤە هەمەچەشن و جیاوازەکان یەک بخەن ئەو دیاردە تایبەت و دیاریکراوە کە دەتوانێت هەموو هێزەکان لە شۆڕشێکدا، هەرچەندە خۆی نموونەی ئارەزووەی ئەبستراکتکردنی ئازادی و نەهێشتنی جیاکارییە، بەڵام تەنها بە ئاماژەدانی بەردەوام پێی، دەتوانرێت بزووتنەوەیەک بە زیندوویی بهێڵرێتەوە. پرسی ژنان، پرسی هەموو ئەو کەسانەیە کە نارەزایەتییان دەربڕی بەرانبەر بەو دۆخە. ئەم ئاماژەیە لە شوێنی خۆیدا نییە. ژنان گەورەترین "کەمینە"ی دانیشتووانن کە کۆنترین سەرکوتەکانیان بینیوە. سیستەمی پیاوسالاری ساڵانێکە بە هاوکاریی سیستەمی حکوومەت حوکمڕانی جەستەیان دەکات. جیجابی زۆرەملێ باوترین یاسای ئەم ڕێسایە و بە سروشتی خۆی هەڵوەشاندنەوەی زۆرتر و کۆنترین داواکاریی کۆنکرێتی کۆمەڵگەی هاوچەرخی ئێرانە. هەر لەبەر ئەم تایبەتمەندییە زۆر و کۆنە کە دەتوانێت دروستکەری پێکهاتەی جەماوەری بێت و "پەیوەندی" دروست بکات. بزووتنەوەیەکی کاریگەر و بەردەوام هەمیشە بە ئاماژەدان بە خواستێکی بابەتی و کۆنکرێتە کە بتوانێت یەکڕیزی و هێز بەرهەم بهێنێت.

شۆڕش پرۆسەیەکە لە دڵی هێزە کۆمەڵایەتییەکانەوە سەر هەڵ دەدات، لە خوارەوە، کە تەنها یەکجار کۆتایی دێت، بۆیە هەموو ڕاپەڕینێک ئەگەر لە شەقامەوە کۆ بکرێتەوە، هێز و دەسەڵات بەرهەم دەهێنێت و پەیوەندیی زیاتر دروست دەکات. شۆڕش بریتییە لە پرۆسەی بونیاتنانی دامەزراوە جەماوەرییەکانی بەرخودان.

ئەوەی کە ڕژێمی ئێران ناتوانێت لێی تێبگات ئەوەیە کە نەتەوەکانی ئێران مافی ئەوەیان هەیە بە ئازادی و سەربەخۆیی لە ئاسایشدا بژین. نەتەوەکانی ئێران لەم مافە تێدەگەن چونکە سروشتی خۆیانە و پشتگوێخستنەکانیش خراونەتە لایەک، ئەمەش خەوی بەرپرسانی دەسەڵاتی تێک داوە. بۆیە بەم ڕادەیە تێگەیشتنی خەڵک لە مافە سروشتییەکانیان و تاکتیکی سیاسی، نارەزایەتی و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی نەتەوەکانی ئێران تا ئەو کاتەی کە شۆڕشی ئازادی و گۆڕینی ژێرخانی ستەمکاری بۆ دیموکراسی مومکین دەبێت، بەردەوام دەبێت.

بۆ ئەوەی ئێمە ئازاد و سەربەخۆ بتوانین ژیانێکی شکۆمەندانەمان هەبێت و لە مافی مرۆڤ و مافی هاووڵاتیبوونمان بەهرەمەند بین و هەوڵ بدەین کە ژینگەکەمان، بەڕاستی سروشت، بەهەمان شێوە لە مافەکانی خۆی بەهرەمەند بێت. ژیان لە سیبەری ئازادی، سەربەخۆیی، ئاسایش، دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و بەهرەمەندبوون لە مافی سەروەری، مافی هەر گەلێکی ئێران بە هەر بیروباوەڕ و ویژدانێک و خواستی بەهرەمەندبوون لەو مافە بێ هیچ بەربەست و هەڵاواردنێکە.

لە کاتێکدا هێزەکانی پاڵپشت و پشتیوانی شۆڕشی ژینا دەیانەوێت کۆتایی بە نادادپەروەری و دیکتاتۆرییەت بهێنن و بەڵێنی ئازادی بۆ هەمووان بدەن، بەڵام لە شەڕی دژی خراپە و سیستەمی چەوساندنەوەدا پتەو نەکراون. چارەنووسسازی و ڕۆحی ئازایانە لە شەڕەکەدا دەگمەنە و تەنانەت لە هەندێک ڕووەوە بێوێنەیە.

بۆیە بەپێی ئەو خاڵانەی پێشتر ئاماژەمان پێ دا، بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ساڵی ١٤٠١، سەرەڕای ترس و هیوا، دیدێکی ڕوونی تێدایە کە شانازیی سەرەکییان دەبێ بدرێتە نەوەکانی حەفتاکان و هەشتاکان، کە سەرسوڕهێنەر دەرکەوت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٧ی ڕێبەندانی ١٤٠١ی هەتاوی = ٦ی فێبریوێری ٢٠٢٣

# ئەسلاح خوازانی حکومەتی ناتوانن کەشتی تۆفان لێدراوی ڕژیمی ئیسلامی ڕزگار بکەن




**سایتی پەیام**

**محەممەد خاتەمی سەرۆک کۆماری پێشوی ئێران لە پەیامێکی ١٢ مادەیی دا بە بۆنەی ساڵیادی شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ باسی لە پێویستی گەڕانەوە بۆ سیاسەتی ڕیفۆرم خوازانی حکومەتی بۆ ڕزگار کردنی کۆماری ئیسلامی لە قەیرانێک کرد کە تێیدا گیری خواردەوە. خاتەمی لەو پەیامەدا ئەڵێ:**

**"ئیسلاح خوازەکان بەشێکن لە کۆمەڵگایەکی فرە لایەن. و خوازیاری گۆڕانی پێکهاتە و ئاڕاستە و هەڵسوکەوتن بەڵام بەرئەندازی بە تایبەت بەو مەترسیانەی بۆ خەڵک و وڵات هەیەتی تەوسیە ناکەن." محەممەد خاتەمی لە بەیانیە دوور درێژ و کلیشەییەکەیدا ڕێکاری پاراستنی کۆماری ئیسلامی، پاراستنی سیستمی وەلایەتی فەقیە و گاڵتەجاڕانە تر لەوەش ئیسلاحات لە مەجلیسی خوبرەگان و لە سیستمی بەڕێوەبردنیدا پێشنیار کردوە. ئەو لە بارودۆخێکدا کە زۆربەی خەڵکی ئێران خوازیاری ڕوخانی کۆماری ئیسلامی، باس لە مانەوەی کۆماری ئیسلامی و تەنانەت لە ڕیفۆرم لە مەجلیسی خوبرەگاندا دەکات. بێ ئابڕویی سیاسی و ئەخلاقی ئیسلاح خوازانی حکومەتی کە خۆیان بەشێک لە هەیئەت حاکمەی ئێران و بە تایبەت لە ناوەندە ئەمنیەتیەکاندا بوون سنورێکی نییە. گاڵتە جاڕانەتر لەوەش ئەوەیە کە ئەم بەیانیە لە بارودۆخێکدا بڵاو دەکرێتەوە کە بەشی سەرەکی ئیسلاح خوازان یان لە حەسەر و زینداندان و یان لە دەسەڵات وەدەر نراون. دامەزراوەی نەزەر سەنجی "گومان" لە نەزەر سەنجی ئەم دواییەدا وتویەتی کە ٨١ لەسەدی خەڵکی ئێران و نزیک بە هەموو ئێرانیەکانی**

دەرەوەی وڵات خوازیاری گۆڕانی نیزامی کۆماری ئیسلامین.

ڕاستیەکەی ئەوەیە کە خەباتی خەڵک سالانێکە لە ئیسلاح خوازنی حکومەتی تێپەڕیوە و هەوڵەکانی ڕژیم بۆ بوژاندنەوەی گیانی بێ هێزیان کارێکی پێکناکرێت. حکومەتی ئیسلامی وەها نوقمی گەندەڵی، جەنایەت، سەرکوت و تالانچێتی بووە کە لە هیچ بوارێکدا شیاوی ئیسلاح کردن نییە. شەپۆلی شۆڕشی ژیناش خەیاڵی هێور بوونەوەی نییە و هەوڵی ئیسلاح خوازانی حکومەتی بۆ هاندانی خەڵک بە قوبوڵ کردنی نیزامی ئیسلامی بەرەوڕووی شکست و ڕیسوایی دەبێتەوە.

ئێستاش هەم حکومەت و هەم خەڵک دەزانن کە ئەم بارودۆخە ناتوانێ بەردەوام بێت. هەڵوەرین لە نێوخۆی حکومەت گەیشتۆتە ئاستی کەسانی وەک موسەوی. کەسانێکی زۆر لە هێزە چەکدارەکانی ڕژیم کە ئامادە نەبوون بەرەوڕووی خەڵکی ناڕازی تەقەبکەن دەستبەسەر کراون و زیندانی درێژ ماوەیان بۆ دیاری کراوە.

کۆمەڵێک ڕاپۆرتی جۆراوجۆر لەبەر دەستدان کە ژمارەیەک لە بەرپرسانی سەرەوەی حکومەتی لە بارودۆخ و شەخسی عەلی خامنەیی ناڕازین و بۆ پاراستنی نیزام و ڕزگار کردنی گیان و سەروەتی تالان کراویان خوازیاری کۆنترۆڵ کردنی عەلی خامنەیی و پێکهێنانی ئاڵوگۆڕێک لە حکومەتدان. بارودۆخەکە بە شێوەیەکە کە دوای چوار مانگ لە شۆڕشی ژینا و چل و چوار ساڵ لە حاکمیەتی کۆماری ئیسلامی نە خەڵک ڕازی بە قەبوڵ کردنی حکومەتی ئیسلامین و نە حکومەتیش دەتوانێ درێژە بە حکومەت کردن و کۆنترۆڵ کردنی بارودۆخەکە و بەڕێوەبردنی وڵات بدات.

بێکاری و گرانی بێ ئەوپەڕ چەقۆی گەیاندۆتە سەر ئێسقانی خەڵک، دزییە نجومەیەکان خێراتر بوون و هەر سەردارێکی سپا و هەر بەرپرسێک لە هەوڵی ئەوەدایە دەرفەت بێنێ تا ڕوخانی ڕژیم زۆرترین تالان و دزی بکات. خەڵکی ئێران عەزمیان جەزم کردوە کە حکومەتی ئیسلامی بروخێنن. پیلانی هێنانە پێشی خاتەمی ناتوانێ بەر بەم ڕەوەندە بگرێت. ئیسلاح خوازانی حکومەتی لە سیستمێک دا کە شیاوی ئیسلاح کردن نییە هیچ کارێکیان لەدەست نایەت و هیچ شتێکیش بێجگە لە ڕێسوا بوونی زیاتری پشتیوانان و ڕێبەرانی ئیسلاح خوازانی حکومەتییان بە نەسیب نابێت.

سەرچاوە: سایتی پەیام – ڕێکەوتی: ٦ی فێبریوێری ٢٠٢٣

## "بە کورتی و کرمانجی دەیانەوێ پرسی فرەچەشنیی نەتەوایەتی دوای کۆماری ئیسلامییش ببێ بە ئاردی نێو دڕووان."



**وتوویژ لەگەڵ رۆژنامەی »ئاگری» (بڵاوکراوەی حیزبی دێموکرات بە کرمانجیی ژووروو) لەسەر چۆنیەتیی پێکهێنانی ئەلتێرناتیڤی سیاسی لە ئێران.**

**دیمانە: حەسەن موکەرەم**

**پرسیار**: بەگشتی پێکهاتەی ئەلتێرناتیڤ چۆن دەبێت؟

**وڵام**: پێش ئەوەی لە خۆمان بپرسین پێکهاتەی ئەلتێرناتیڤ چۆن دەبێ، دەبێ لە خۆمان بپرسین پێکهێنانی ئەلترناتیڤ چۆن دەبێ. پێکهاتەی ئەلتێرناتیڤ هەم هەوێن و بنەمای پێکهێنانی ئەلتێرناتیڤە هەم لەڕاستیدا بەرهەم و ئاکامی پێکهێنانی ئەلتێرناتیڤە. ئەگەر ئێمە لە وڵاتێکی دێموکڕاتیکدا ژیابایین، ئەلتێرناتیڤی سیاسی و حکومەتی لەرێگای کایەی دێموکڕاتیکی ئەو هێزانەوە دیاری دەکرا کە بەشێوەی قانوونی لە مەیدانەکەدا چالاک و لە حاڵی ململانێدان. ئەو وەختە نیهادە دەستوورییە خاوەن سەڵاحییەتەکان بە بریارێکی یاسایی پشتبەستوو بە رێککەوتنی پێشووتری ئێلیتی نوێنەری لایەن و پێکهاتە جۆراوجۆرەکانی وڵات هەڵبژاردنێکی گشتیی بۆ پەرلەمان یا بۆ ئەنجومەنێکی دەستووری بانگ دەکرد و بەرهەمی رێککەوتن یا تەنانەت رێکنەکەوتنی بژاردەکانی دەخستە دەنگدانی گشتییەوە. مادام ئێمە باس لە ئەلتێنرناتیڤ بۆ کۆی

ڕێژیمێکی سەرەڕۆ دەکەین کە دەرەتانی چالاکیی ئازادی حیزب و لایەنەکان و هەڵبژاردنی دێموکڕاتیک و تەندروست نادا و هەموو ئەو هێزانەی خوازیاری گۆڕانی ڕێژیمن لە دەرەوەی وڵاتن یان لە نێوخۆی وڵات بە نهێنی کار دەکەن، بابەتەکە ئاڵۆزتر و دژوارترە. هۆیەکەشی ئەوەیە کە جیا لە نەبوونی زەمینەی گونجاو بۆ مشتومڕ و بانگەشەی دیموکراتیک، کێش و توانا و شەرعییەتی ئەمڕۆیی ئەو هێز و لایەنانەش کە لە گۆڕەپانی سیاسیدا دیارن لە ڕێگای هەڵبژاردنێکی ئازادەوە روون نەبۆتەوە و تاقیکارییەکی تازەی دێموکڕاتیکیان تێنەپەڕاندووە هەتا بزانین چەندە بە دروستی نوێنەرایەتیی زۆرینە یان بەشێک لە کۆمەڵگا دەکەن. بەوحاڵەش، هیچ ڕێگایەک نیە جگە لەوە کە ئەو هێز و لایەنانە تێبکۆشن لە ڕێگای گفتگۆوە بۆ کۆمەڵێک لێکگەیشتن و ڕێککەوتنی سەرەتایی کار بکەن و دواتر ئەم لێکگەیشتن و ڕێککەوتنانە بکەنە بنەمای دروستکردنی ئەلتێرناتیڤ. بێگومان لەنێو ئەو هێز ولایەنانەدا تەیفی جۆربەجۆر بە پاشخان و روانگەی جیاواز و تەنانەت دژبەیەک هەن. هێندێکیان (وەک حیزبە کوردییەکان) مەوجوودییەتێکی سیاسی و ڕێکخراوەیی بەردەوامیان هەیە و پێگەی جەماوەری و نەخشی خەباتگێڕییان سەلمێنراو و بەڕۆژە. ئەوانی دیکە زۆربەیان یان بەتەواوی لەو خیسلەتانە بێبەشن یان تەنیا بە دەوری کۆمەڵێک کەسایەتیی ناسراو و لەڕووی ماڵی و مێدیاییەوە دەستڕۆیشتوودا دەخولێنەوە. بەڵام ئەوەی دەبێ بکرێتە بنەمای لێکنزیکبوونەوە نێوەرۆکی روانگەکانە نەک چەشنایەتیی ئەکتەرە سیاسییەکان. لە کۆتاییدا ئەوە هێزی مەیدانی و هەڵبژاردنی دێموکراتیکە کە بڕیار لەسەر سروشت و ئاقاری ئەلتێرناتیڤ دەدا.

**پرسیار**: کۆمەڵێک لە کەسایەتییە سیاسییە ئێرانییەکان باس لەوە دەکەن کە حیزب نابێت لە پێکهاتەی ئاڵترناتیڤدا هەبێت! ڕای ئێوە لەسەر ئەم بابەتە چییە؟

**وڵام**: ئەم ڕوانگە ئامانجدارە، تەواو بێبنەما و زیانبەخشە. ئەوانەی هەڵگری وەها پێشنیارێکن بۆخۆیان خاوەنی هیچ جۆرە پێگەیەکی جەماوەری و ڕێکخراوەیی نین و دەشزانن کە ئەو حیزب و ڕێکخراوانەی ئۆپۆزیسیۆن کە بەرنامەی ڕوون و ڕابردووی دیاریان لە خەبات و تێکۆشاندا هەیە و لە شۆڕشی ئەمجارەی خەڵکیش بەدژی ڕێژیمدا رۆڵی گرینگی مەیدانی دەگێڕن، بەتایبەتی لە کوردستان، بۆ ئامانجگەلێک خەبات دەکەن کە ئەوان کێشەیان لەگەڵ وەدیهاتنیان هەیە. کەوابوو مەبەستی ئەو کەسایەتییانە لە خستنەڕووی ئەو جۆرە پێشنیارانە تەنیا دەوردانەوەی حیزبەکان و بە بنەمادانانی خۆیان بۆ دروستکردنی چوارچێوەی ئەلتێرناتیڤ نیە، بەڵکوو دەیانەوێ لەم ڕێگەیەوە ئەو دەنگانەی ئایندەیەکی جیاواز لەوەی کە ئەوان بۆ ئێران لە خەیاڵیانە مەترەح دەکەن نەبیسترێن و بە کورتی و کرمانجی پرسی فرەچەشنیی نەتەوایەتی دوای کۆماری ئیسلامییش هەر بکرێتە ئاردی نێو دڕوان. بەپێی پەسندکراوە نێونەتەوەییەکان تەحەزوب کۆڵەکەیەکی بێئەملاوئەولای پلۆرالیسم و دێموکراسییە. ئەزموونی وڵاتانی دنیاش تەنانەت ئەوانە کە لە حاڵی گواستنەوەدان نیشان دەدا کە کایەی سیاسی هەر دەبێ بە دەوری حیزب و لایەنە سیاسییەکاندا ڕێک بخرێ. دیارە ئەوە پێشگیری لەوە ناکا کە

کەسایەتییەکانیش لە جێگە و پێگەی خۆیاندا ڕۆڵیان هەبێ، بەڵام بنەمای سەرەکی هەر دەبێ ئەو سازییانە بن کە نوێنەرایەتیی پێکهاتەکانی نێو کۆمەڵگا دەکەن. لە ئاستی سیاسیشدا وەها سازییەک هەر حیزبەکانن.

**پرسیار**: حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دروستکردنی ئاڵترناتیڤ بۆ ئێراندا چ ڕۆڵێکیان هەیە؟ ئایا تا ئێستا بەپێی پێویست کاریان بۆ کردووە؟

**وڵام**: لەگەڵ ئەوەدا کە بەخۆشییەوە حیزبەکانی ڕۆژهەڵات (لانیکەم ئەوانە کە خاوەن رابردوون) بەتایبەتی لە چوارچێوەی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێراندا ئاستێکی باش لە یەکگرتوویی و هاوهەنگاویی سیاسییان لە خۆیان نیشان داوە و لەو ماوەیەشدا وەک جەمسەرێکی گرینگ و شوێندانەری گەشەسەندنە سیاسییەکانی ئێستا و ئایندەی ئێران وەدەرکەوتوون، بەڵام هێشتا پێویستە زیاتر کار لەسەر یەکخستنی ڕوانگە و گوتار و هێز و کەرەستەی خۆیان لە هەموو بەستێنەکانی خەباتدا و یەک لەوان بۆ مامەڵە لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی و دروستکردنی ئەلتێرناتیڤی سیاسی بکەن. ئەو حیزبانە چ لەنێوان خۆیاندا و چ لە پێوەندی لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیدا زۆر کاریان کردوە و لانیکەم لە پێکهێنانی سێ هاوپەیمانیی نێو ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیدا نەخشی چالاک و یەکلاکەرەوەیان گێڕاوە. بەڵام بەلەبەرچاوگرتنی هەستیاریی هەلومەرجی ئێستا کە دوورەدیمەنی ڕووخانی کۆماری ئیسلامی نزیکتر دەکاتەوە و هەروەها لەبەر ئەوەی ڕوانگەی مەزنیخوازانە و ناوەندگەرایانەی نێو ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی سەرسەختانەتر و هێرشبەرانەتریش لە پێشوو دژایەتی لەگەڵ وەدیهێنانی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلانی ژێردەستەی ئێران دەکا، پێویستە هەوڵەکانی بلۆکی کوردی لە ئێران (کە دیارە بۆخۆیشی پێویستی بە فراوانبوونەوە و خۆپتەوکردن هەیە) لەگەڵ ئەو هێز و لایەنە ئێرانییانەی ئیستعدادی دەرک و قبووڵی خواستەکانی ئەو نەتەوە ژێردەستانەیان هەیە چڕتر بکرێتەوە. پێویستە مەرجەعییەتی سیاسی یان یەک لە مەرجەعییەتە سیاسییە سەرەکییەکان بۆ ئایندەی ئێران هێزە کوردییەکان و ئەوانە بن کە دەستیان بە ناوەندەکانی قورسایی شۆڕشی ژیناوە بەندە و لە مەیداندا تەنگیان بە ڕێژیم هەڵچنیوە، نەک ئەو پێکهاتە وەهمی و کەسایەتییە مەزنیخوازانەی هەوڵ دەدرێ لە ڕێگای تویتەر و مۆنۆپۆلی مێدیاییەوە بەسەر خەڵکدا بسەپێنرێن.

**پرسیار**: لەبەرچاونەگرتنی ئێرانی فرەچەشن کە لە چەندین نەتەوە و ئێتنیک پێک هاتووە، چ کاریگەرییەک لەسەر داهاتووی ئێران دادەنێت؟

**وڵام**: یەکەمین کاریگەریی وەها لەبەرچاونەگرتنێک، ڕاگرتنی نەتەوە زوڵملێکراوەکانی ئێران لە ژێردەستەیی و ستەم و هەڵاوارندا دەبێ، بە هەموو ئەو کێشە و ئاریشانەوە کە وەها ئاقارێک لەبواری گەشەسەندن و گرێدراوی و سەقامگیریدا بۆ

ئایندەی وان و سەرجەم ئێرانی دروست دەکا. دیارە بەلەبەرچاوگرتنی ئاستی هۆشیاریی سیاسی و ڕێکخراوەیی ئەو نەتەوانە و نەخشی گرینگی پەراوێزەکان لە شۆڕشی ئەمجارەی خەڵکی ئێراندا، بە دووری دەزانم کە دەسەڵاتی داهاتوو هەوڵی نادیدەگرتن و لە پەڕاوێزراگرتن و چەوساندنەوەی ئەو نەتەوانە و کەمایەتییەکانی بە ئاسانی بۆ بچێتە سەر. کاریگەریی دووهەمی وەها هەوڵێک زیانگەیاندن بە کۆی پرۆسەی سیاسی و پرسی دێموکراتیزاسیۆنی ئێرانە، چونکە بە درێژایی یەک سەدەی رابردوو دەسەڵاتی ناوەندیی بەهێز بە بنەمای فیکری و ئیدئۆلۆژیی مەزنیخوازانەوە وەک ئامرازی بەسەریەکەوە راگرتنی فرەچەشنییە حاشالێکراوەکانی نێو جوغرافیای ئێران چاو لێ کراوە. ئەو دەسەڵاتەش لەبەر ئەوەی وەک لە فەڕانسە بەرهەمی پرۆسەیەکی سروشتیی مێژوویی نەبووە یان وەک لە هیندوستان وردوخاش نەکراوە، سەرەڕۆ و دڕندە دەرچووە و هەر جۆرە ویستێکی ئازادیخوازانە و دێموکراتیکی لە ناوەند و بەشەکانی دیکەی ئێرانیشدا سەرکوت کردوە. کەوابوو نادیدەگرتنی مافی نەتەوەکان لە ئێراندا بەمانای درێژەدان و بەرهەمهێنانەوەی دیکتاتۆری بۆ هەموو ئێرانیشە.

**پرسیار**: ئایا هاوپەیمانییەک بەبێ بەشداریی نەتەوەکان و نوێنەرەکانیان لە ئێران سەرکەوتوو دەبێت؟

**وڵام**: بەلەبەرچاوگرتنی زاڵبوونی روانگەی مێژوویی مەزنیخوازانە و ناوەندگەرایانە لە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیدا، بەدووری نازانم لە مانگەکانی داهاتوودا شاهیدی لێکنزیکبوونەوەی هێندێک جەمسەری نێو ئۆپۆزیسیۆن بین کە پێشتر تەنانەت ئامادە نەبوون پێکەوە قسەش بکەن. هاوپەیمانییەکی لەو جۆرە ئەگەر لە کورتخایەنیشدا بتوانێ مانۆڕ بدا و بە قازانجی مەرامی مەزنیخوازانە و ناوەندگەرایانەی خۆی فەزاسازی بکا، لە درێژخایەندا سەرکەوتوو نابێ و ئەگەر دوای کۆماری ئیسلامی دەسەڵاتیش بەدەستەوە بگرێ، ناتوانێ لە عۆدەی چارەسەری کێشە فرەچەشنەکانی ئێران بێتە دەر، چونکە تایبەتمەندییەکی زۆر گرینگی سەردەمی ئێستا لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و بەتایبەتی لە شۆڕشی ئەمجارەی خەڵک لە ئێران ئەوەیە کە ئەوەی بڕیاردەرە واقیعی مەیدانییە نەک گوتاری سیاسی و خەڵک پەیگیرانە و شێلگیرانە تەعبیر لە ویست و روانینەکانیان دەکەن و چیدیکە رازی نین کە وەکالەتی ئەو کارە جارێک بۆ هەمیشە بە هیچ ئێلیتێکی سیاسی ببەخشن. وەک پێشتریش باسمان کرد، قەتەعاتی نەتەوە ژێردەستەکانی ئێران لە کۆی ئەم پازڵە سیاسییەدا لە جاران زۆر زەقتر و شوێندرانەرتر دەبێ.

**پرسیار**: بە ڕای ئێوە باشترین هاوپەیمانییەک کە لە ئێران دەتوانێت بێتە ئاراوە، چ هاوپەیمانییەکە؟

**وڵام**: هەر کاتێک سەرجەم خەڵکی وڵاتێک بە فەیرانێکی گەورەی «نیشتمانی»دا تێدەپەڕن، ڕووبەڕووی شەڕ و دەستدرێژیی دەرەکی دەبنەوە یان بۆ ڕووخاندنی ڕێژیمێکی دیکتاتۆڕ خەبات دەکەن، ئیدەئال ئەوەیە هەموو پێکهاتە و هێز و لایەنەکان

روانگە و پۆتانسیەلی خۆیان لە چوارچێوەی پلاتفۆرمێکی هاوبەشدا یەک بخەن. ئێرانی ئێستاش لە هەمان حاڵەتدایە. بەڵام شکستی پرۆژەی دەوڵەت و نەتەوە لە ئێراندا و ئەو مەودا و دابڕانە سیاسی، کۆمەڵایەتی، مێژوویی و فیکرییانەی تا ئێستا کۆمەڵگای سیاسی و ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بەدەستیانەوە دەناڵێنێ، هەمووی وا دەکا کە ئێستا زەمینەی دروستبوونی وەها پلاتفۆرمێکی هەمەلاگیر لە ئارادا نەبێ. مادام کۆی هێز و هەستیارییەکانی نێو کۆمەڵگای سیاسیی ئێران ناتوانن هەر ئێستا لەسەر پلاتفۆرمێکی هاوبەش ڕێک بکەون کە هەم بنەماکانی دێموکڕاسی، سێکۆلاریسم، مافی مرۆڤ و مافی هاووڵاتی، هەم بەڕەسمی ناسینی هێزە پێکهاتەییەکانی کۆمەڵگای ئێران بەتایبەتی نەتەوەکانی ئەو وڵاتە و بەشداریی دادپەروەرانەیان لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا، و هەم فۆڕمی دەوڵەت وسیستمی حکومەتیی دڵخواز بۆ ئێران (بۆ نموونە سیستمێکی فیدراڵی، کۆماری/پەرلەمانی) لەخۆی بگرێ، ڕەنگە واقعبینانەتر وا بێ کە لەپێشدا ئەو هێز و لایەنانەی زۆرترین نزیکایەتی و بواری ڕێککەوتنیان پێکەوە هەیە لە چوارچێوەی دوو یا سێ جەمسەری سیاسیدا یەک بگرن، دواتر ئەو جەمسەرانە پێکەوە وتووێژ بکەن بۆ ئەوەی لەسەر لانیکەمێک لە پرەنسیپ و ئامانجەکان هەتا ڕووخانی ڕێژیم و بۆ قۆناغی گواستنەوە ڕێک بکەون. دواتر ئەگەر بەرهەمی ئەو ڕێککەوتنە گەیشتن بە سازانێکی «نیشتمانی» نەبوو، هەوڵ بدەن لە ڕێگای دێموکڕاتیکەوە درێژە بە ململانەی سیاسیی خۆیان بدەن.

**سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی ئاسۆ حەسەن زادە – ڕێکەوتی: ٦ی جانێوێری ٢٠٢٣**

# کاتێک جێگای شاکی و تاونبار دەگۆڕێ



**سایتی پەیام**

موحسنی ئیژەیی، سەرۆکی قوەی قەزاییە، داوای لە خامنەیی کردوە کە ژمارەیەکی بەرچاو لە زیندانیانی سیاسی ڕوداوەکانی ئەم دواییە ببەخشێت. ئەو نوسیویەتی کە ئەوان پەشیمان بوونەوە و داوای لێ خۆش بوون دەکەن. ئەو، کە بە "پەیامبەری ئێعدام" ناوی دەرکردوە و ناوی "پەیامبەری ئەشکەنجە"ش شایانیەتی، بۆ ئەربابەکەی نووسیوە:

"لە جەریانی ڕوداوەکانی ئەم دواییەدا ژمارەیەک لە خەڵک و لەوانە لاوان بەهۆی تەوسیە و تەبلیغاتی دوژمنەوە کۆمەڵێک کرداری ناشایستیان ئەنجام داوە و توشی تاوانکاری هاتون کە وێڕای دروستکردنی کێشە بۆ خۆیان، بوونەتە هۆکاری ئازار و زەحمەت بۆ بنەماڵە و کەسوکاریشیان. "ئاخوندێکی شەڕلاتان بەم قسانە دەیەوێ وەهای نیشان بدات کە ئەگەر جەللادەکان منداڵە بوێرەکانی خەڵکیان لەبەر" کرداری نادروست و هێندێک تاوان" تا ئاستی مردن ئەشکەنجە کردوە تا ناچاریان بکەن لەوەی کردویانە، پەشیمان ببنەوە. بەڵام خەڵک بە شۆڕشەکەیان و بە هاوارە بەردەوامەکانی "مردن بۆ دیکتاتۆڕ" لە پێشدا نیشانیانداوە ئەو کەسەی کە دەبێ داوای لێبوردن بکات، خامنەیی کۆنەپەرست و جەنایەتکارە و ئەو کەسانەش کە ئەگەر ویستیان کەسێک ببەخشن ئەوە خودی خەڵکن. ژمارەیەک لە وەکیلەکان، چالاکانی مافەکانی مرۆڤ، نارازیانی زیندانی و زیندانیانی سیاسی پێشو، "بەخشینی دەستبەسەرکراوانی نارەزایەکانیان لەلایەن خامنەی"یەوە بە تەبلیغاتێک بە ئامانجی داسەپاندنی ڕەوا بوونی نیزام و گۆڕینی ئابڕوبەرانەی جێگای شاکی و تاوانبار زانیوە.

ڕێکخراوی مافەکانی مرۆڤی ئێرانیش قسەکانی کاربەدەستانی قوەی قەزاییی سەبارەت بە بەخشینی ناڕازیان لەلایەن عەلی خامنەییان بە هەنگاوێکی ڕیاکارانە و تەبلیغاتی ناوبرد.

ئاتنا دائیمی، چالاکی مافەکانی مرۆڤ و زیندانی سیاسی پێشو، لە چەند تویتێک دا بە جەخت کردنەوە لەسەر "تەبلیغاتیی بوونی بەخشین"ی ڕایگەیاندراو، نوسیویەتی کە بە بیستنی "بەخشین" سیمای تورەی "سەبا کردافشاری" و "یاسەمین ئاریایی"یم دێتەوە بەرچاو کە ساڵی ٩٧ لە حاڵێکدا کە هەموو دەورەی زیندانی تەعزیریان تێپەڕاندبوو وە کەمتر لە مانگێکیان مابوو بۆ تەواوکردنی زیندانەکەیان "بە بەخشین ئازاد بوون لە حاڵێکدا کە دەیانوت ئێمە داوای بەخشینمان نەکردوە و ئەو مانگەش بە شانازیەوە تەواو دەکەین، بەڵام بەزۆر ئەوانیان لە بەند کردە دەرەوە."

زیندانەکان بە هۆی بوونی زیندانی سیاسی لە دەورەی پەهلەویەکان و کۆماری ئیسلامیدا بەردەوام ناوەندی دەرسی خۆڕاگری، وشیاری دان و خەبات پەروەری بوون. ئەم تایبەت مەندیە لە دەورەی شۆڕشی ئەم دواییەشدا زۆر بەرچاوتر بووە. ئەمەش بۆتە هۆی ترس و هەراسی سەران و تەنانەت زیندانوانان لە چوونی لاوانی کچ و کوڕ بۆ نێو بەندی ژنان و پیاوان و بینینی گەلێک قارەمانی خۆڕاگر.

ڕژیم گەرەکیە بە ئازاد کردنی هێندێک لە لاوان و خستنە ژێر چاوەدێریان لە دەرەوەی زیندان لەو مەترسیە کەم بکاتەوە. هەروەها کاربەدەستان بێ هۆ هیوادارن کە بەخشینی لاوان لە نێوخۆی وڵات و دەرەوە هێندێک ئابڕوویان بۆ بکرێتەوە. بەڵام شوشەی ئەوبڕوە نەبووەش، لە چند لاوە شکاوە. لە لایەکی دیکەوە هێندێک لە ئیسلاح خوازان ئەم هەنگاوەیان بە باش زانیوە و هەوڵ ئەدەن بە کۆمەڵگا بەسەلمێنن کە کاکڵی سەختی دەسەڵات دەیەوێ نرمی بنوێنێ و دڵی خەڵک بەدەست بێنێتەوە. بەڵام هەوڵەکانیان کوتانی ئاوە لە هاوەندا. شۆڕشگێڕان بە پێشوازی گەرم لەو تێکۆشەرانەی کە ئازاد دەکرێن نیشانی ئەدەن کە ئەم جۆرە ئازادییانە دەخەری بەهێزی خەڵک و بەرهەمی خۆپیشاندان و مانگرتنەکانی ژنان و پیاوانی بوێر و ئازادی خوازە لە دەرەوە و بە تایبەت لەنێو خۆدا. زۆربەی هەرە زۆری ئازاد کراوان بە ئەمونێک کە بەدەستیان هێناوە و گەلێک داستان لە زیندان دێنە دەرەوە. ئەوان باس لە خەبات و خۆراگری و قارەمانیەکانیان دەکەن و دەبنە هۆکارێک تا سەرنجی زیاتر بدرێتە زیندانیانی سیاسی و پێویستی بەرین تر کردنی خەبات و تێکۆشان بۆ ئازاد کردنیان بەهێز تر بێت.

سەرچاوە: سایتی پەیام – ڕێکەوتی: ٧ی فێبریوێری ٢٠٢٣

# دوایین پەلەقاژەکان بۆ مانەوە



**ئاسۆ مینبەری**

ورده ورده خەریکە لە ٥ مانگەی شۆڕشی ژینا لەژێر دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی"، نزیک دەبینەوە، شۆڕشێکی جەماوەری کە وەک زۆرجاریش باسی لێ کراوە، فاکتەرە سەرەکییەی دەسپێکردنی زۆر جیاوازتری لە چاو بزووتنەوەکانی پێش خۆی بوو، هەر بۆیە زۆر خێرا توانی سنوورەکان تێک بشکێنێ و لە کوردستانەوە بگاتە شارەکانی ئێران و لەوێشەوە دەنگی زۆر کەسایەتیی جۆراوجۆری جیهانی و وڵاتانی جیهان بخاتە پاڵ دەنگی مافخوازانەی خۆیەوە.

لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوودا بەتایبەت لە کوردستان، شۆڕشەکە بەردەوام و شێلگیرانە بوو، چونکە وەک لە مێژووی کوردستاندا دیارە، ئەوە کورد بووە کە هیچکات ئامادە نەبووە بچێتە ژێر ڕکێفی پاوانخوازی و لە هەموو بڕگە مێژووییەکانیشدا بە شێوازی جۆراوجۆر هەوڵی بەرەنگاربوونەوەی داوە و بێگومان لەو ڕێگایەشدا پێشەنگ بووە، هەر بۆیە ئەمجارەش و لە درێژەی ئەو بەڵێنە لەمێژینەی کە کورد بە خۆی داویەتی کە هیچکات ملکەچی ستەمکار نەبێت، ئەوە نەتەوەی کوردە کە بە هەموو هێز و تواناوە لە گۆڕەپانی شەڕ لەگەڵ داگیرکەردا بەردەوامە و خەریکە نرخی ئازادی بە خوێن دەدا!

ئەوەی کە لە چوارچێوەی ئەم نووسینەدا خۆی دەنوێنێ، هەڵوێستە سەیروسەمەرەکانی بەرپرسان و ناوەندە جۆراوجۆرەکانی ڕێژیم لە ماوەی مانگەکانی ڕابردوودا بوو، پاش شەهیدکرانی ژینا ئەمینی بە دەستی هێزەکانی گەشتی ئیرشاد. بینیمان کە ڕێژیم کەوتە بەرگریکردن لە خۆی و بە چەواشەکردنی ڕاستییەکە و بڵاوکردنەوەی گرتە ڤیدیۆییەکانی کامێرای چاوەدێریی ناوەندی گەشتی ئیرشاد هەوڵی دا مەرگی ژینا لە ئەستۆی خۆی بکاتەوە، بێئاگا لەوەی کە دەسکاریکردنی نەزانانە و چەواشەکارانەی ئەو گرتە ڤیدیۆیانە و وایراڵبوونی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان چەندین بەرانبەر تووڕەیی خەڵکی زیاتر کرد، چونکە بە پێچەوانەی ویستی ڕێژیم خەڵک سەرنجی ژینایان دا و بۆیان پرسیار بوو کە ئاخۆ جلەکان و ڕواڵەتی ژینا، چ دژایەتییەکی لەگەڵ یاسا داسەپێنراوەکانی ئەوان بوو کە ئاوا بێبەزەییانە کوشتیان! هەر بۆیە لە یەکەم هەنگاودا تووشی شکست بوو، شکستێک کە وای کرد ناچار بێ بۆ قەرەبووکردنەوەی دەست ببات بۆ زەبری چەک و وڵامی داخوازییە ڕەواکانی خەڵک لە شەقام و کۆڵانەکاندا بە ساچمە و فیشەکی جەنگی بداتەوە! بەڵام ئەمە هەموو پرسەکە نەبوو، پرسە سەرەکییەکە ئەوە بوو کە سەرەڕای کەڵکوەرگرتنی ڕێژیم لە چەک و هێزی سەرکوتکەری خۆی بۆ بێدەنگکردنی شەقام، خەڵک بە دەستی بەتاڵ و تەنیا بە دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی"، کۆشکی پۆشاڵیی ڕێژیمیان خستە مەترسیی ڕووخانی یەکجارییەوە.

لە یەکەم ساتەکانی دەسپێکی شۆڕشی ژیناوە تاکوو ئێستا ڕێژیم هەوڵی داوە بە کەڵکوەرگرن لە هەندێ دەرفەت، شۆڕشەکە تووشی لاوازی بکات، بۆ نموونە لە ڕۆژی لەدایکبوونی فاتمەی زەهرادا کە بە ناوی ڕۆژی ژن لە ئێراندا ناسراوە، بە ڕێکخستنی بەرنامە و فرتوفێڵی چەواشەکارانە ویستی پێناسە داسەپێنراوەکەی خۆی بۆ ژنان جارێکی دیکە بکاتە ڕۆژەڤ و بە پیرۆز نیشاندانی بژاردەکانی دایکبوون و هاوسەربوون، دژایەتیی بنەڕەتیی خۆی لەگەڵ شۆڕشەکە دەربڕی. لە ڕاستیدا ئەوەی کە جێگای خۆشحاڵی بوو، بەتایبەت لە کوردستان ئەوە بوو کە خەڵک زۆر وشیارانە پیلانەکەیان خوێندەوە و بە بایکۆتی پیشانگا و پیلانەکانی دیکەی ڕێژیم، ئیزنیان نەدا کە هیچ شتێک لە مەیدانی کردەوەدا بتوانێ بەرەنگاری شۆڕشی ژنان بۆ دەستەبەرکردنی ژیان و ئازادی ببێتەوە.

لە ڕۆژانی ڕابردووشدا دیسانەوە لە هەوڵێکی دیکەدا، کۆڕێک بەناوی کۆڕی ژنانی تێگەیشتووی ئینقلابی ئیسلامی، هەستاون بە بڵاوکردنەوەی بەیاننامەیەکدا و بە قسەی خۆیان ویستوویانە "ئێغتشاشات"ی ئەم دواییانە مەحکووم بکەن و بەرگری لە نیزامی ئیسلامی و ڕێبەری نیزامەکەیان بکەن! لەم بەیاننامەیەدا پێناسەی ئازادییان لەگەڵ بەرەڵایی و خۆڕووتکردنەوە تێکەڵ کردووە تاکوو بە خەیاڵی خۆیان، بەردەنگەکانیان وا تێ بگەن کە شۆڕشی ژینا، شۆڕشێک بۆ خۆڕووتکردنەوە و پەرەدان بە بەرەڵایی بووە و ئەوە زیاتر لە ٤ مانگە خەڵک بە هەڵە لەم بابەتە تێگەیشتوون و بەم شێوازەش کۆمەڵگای ئێرانیان تێک داوە!

لە ڕاستیدا بەشێک لە فەلسەفەی دەسپێکردنی شۆڕشی ژینـا، شەڕ لەگەڵ ئەم پێناسـەیەیە کە کۆمـاری ئیسلامی لە ئـازادی دەیکا، ئـازادی پێنـاسـەی تـایبەتی خۆی هەیە و بێگومـان هیچکـام لەو کەسـانەی لە مـاوەی ٤ مـانگی ڕابـردوودا خوێنیـان بـۆ بلێسەدارترکردنی ئەم شۆڕشە دا، بە شێوازی کۆماری ئیسلامی، ئازادییان پێناسە نەکردووە؛ لەلایەکی دیکەشەوە ئەوە وێنە و ڤیـدیۆی خـودی دەسـتوپێوەندییەکانی ڕێـژیمە کە پەیتـاپەیتـا بڵاو دەبێـتەوە و تێیـدا ئەوەی کە بەدی نـاکرێ ئەو حیجـابە ئیسلامییەیە کە بۆ خەڵکی بە ڕەوا دەزانـن و خۆیـان لێـی هەڵـدێن! هەمـوو ئەم هەوڵانەی ڕێـژیمیش، نیشـاندەری ئەوەیە کە شۆڕشی ژینا، توانیویە کۆشکی دەسەڵاتیان بڕووخێنێ و ناچاری کردوون بەم شێوازە دوایین پەلەقاژەکـانی خۆیـان بـۆ مـانەوە بکەن.

شۆڕشی ژینـا، دژکردەوەی هەمـوو ئەو ستەمانەیە کە لە مـاوەی ٤٣ سـاڵی ڕابـردوودا، لە ژنـان و کچـان و تەنـانەت پیـاوانی ئێران و کوردستان کراوە، دژکردەوە بە سیستەمێک کە فێری کردن ژن نیوەی پیـاوە و نـابێ هیـچ نـاڕەزایەتییەکیش دەرببـڕی، مافەکانی دەبێ پێشێل بکرێن تـاکوو ئیـدئۆلۆژیی ویلایەتـی فەقیهـی بەهێزتـر بێت، پیـاوانی وا پەروەردە کـرد کە ملکەچـی یاسا دژەمرۆییەکانی ئەوان بن و شاگەشکە بە پیاوبوون و هێزی خۆیان بن، هەر بـۆیە شۆڕشـی ژینـا بە گەورەتـرین هەڕەشـە بـۆ سـەر خۆیـان دەزانـن و بە پەلەقـاژەی جۆراوجـۆر ئەیـانەوێ، بە لاڕێیـدا ببـەن و بـایەخ و لە گەورەیـی ئەم شۆڕشـە کەم بکەنەوە. بێگومان شۆڕشێک کە پاش ئەم هەموو ساڵە بـۆ بەرگری لە کەرامەت و مـافی کچێـک دەسـتی پـێ کـردووە، بە هیـچ دەسەڵاتێکی خوێنمژ سەرکوت ناکرێت و هەر بە ئاکامی دڵخوازی خۆی دەگات.

ئەم بابەتە لە ژمارەی ٨٤٠ی ڕۆژنامەی کوردستان بڵاو کراوەتەوە.

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٩ی ڕێبەندانی ١٤٠١ی هەتاوی = ٨ی فێبریوێری ٢٠٢٣**

# جیهان لە بەرامبەر کۆماری ئیسلامییدا



**ڕێباز مەلەکشاهی**

**لەوەتەی ڕاپەڕینە نێوخۆییەکانی ئێران دەستی پێ کردووە، هەڵوێستی جیهانیش سەبارەت بە کۆماری ئیسلامی گۆڕاوە.**

ئەگەر پێش لە ئاڵۆزییەکانی ئێران وڵاتانی ڕۆژئاوایی و ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزەی ئەتوم داوای سازان و دانوستان و تێکەڵاوییان لە کۆماری ئیسلامی دەکرد، ئێستە ئەوە ڕۆژئاوایە کە ئەو پرسەی خەواندووە. وڵاتی چینیش گەرچی لە نێوخۆیدا بە تەواو مانا نیزامێکی سیاسیی دیکتاتۆرییە، بەڵام لە سیاسەتی دەرەوەدا یاسامەند و خۆی لەگەڵ هاوکێشە ناوچەیی و جیهانییەکان ڕێک خستووە؛ بە هەڵگیرسانی شۆڕشی جەماوەری لە ئێران لەگەڵ ئەوەدا لە سەردەمی دەسەڵاتی شاوە هەتا ئێستە هاوپەیمانی ستراتیژیکی ئێران بووە، لە وەرچەرخانێکی ستراتیژیکدا خۆی لە گێچەڵ و سەرجەنجاڵییەکانی کۆماری دوور خستەوە و بەو هەڵوێستەی پشتی ئابووریی ئەو وڵاتەی شکاند. چین وڵاتێکە کە کاڵا و شتوومەکە خاوەکانی بە ئاسانی و خێرا بۆ نەخت دەبێتەوە، بەڵام ئاڵۆزییەکانی نێوخۆ بوو بە هۆی ئەوە کە چین تا ڕادەییەکی زۆر لە بازاڕەکانی ئێران بکشێتەوە.

ئەگەر پێش لە ڕاپەڕین تەنیا ئەمریکا بایکوتی دەخستە سەر کۆماری ئیسلامی، ئەوە لە ئێستەدا پارلەمانی ئورووپا وەک ناوەندی یاسایی و بۆروکراتیکی ڕۆژئاوا و تەنانەت تەواوی جیهان، باڵی چەکداری و بڕیاردەری کۆماری ئیسلامیی خستۆتە

لیستی تیرۆرەوە. سپای پاسداران وەک گەورەترین هێزی میلیشیایی جیهانی کە لە ئاڵوگۆڕەکانی ڕۆژهەڵاتی ناویندا دەوری سەرەکی هەبوو ئێستە ڕەوایی جیهانیی خۆی لە دەست داوە.

هەڵوێستی چین و ئورووپا دو گورز و تەزووی کوشەندە بوو لە پەیکەری کۆماری ئیسلامی درا. بڕیارەکانی ئورووپا ڕەوایی جیهانی هەیە و ئەگەر ڕۆژێک لەدژی هەر لایەک بڕیار دەربکات، ئەوە لە ژاپۆن و ئوستڕالیاوە هەتا ئەمریکا وەک بڕیارێکی یاسایی پەسەندی دەکەن و خۆیان بە ملکەچ دەزانن بۆ جێبەجێکردنی. بڕیاری بە تێرۆریست ناساندنی سپای پاسداران لێکەوتەی زۆری بە دواوەیە و هەموو وڵاتانی جیهان و ڕێکخراوە مافی مرۆییەکان، ناتۆ، ئۆپێک، دادگا جیهانییەکان (لاهە،دادگای ئورووپا و...)، ئینترپۆل، کۆنڤانسیۆنەکان و ،،،تاد دەتەنێتەوە.

ئەو هەڵوێستەی پارلمانی ئورووپا کە بێتوو لە بەردەوامیی خۆیدا لە کۆڕی وەزیرانی وڵاتانی یەکیەتیی ئورووپاشدا پەسند بکرێ، لە باری دەرئەنجام و دەسکەوتەوە چەند بەرانبەری هەڵوێستی ئەمریکایە لە یازدەی سیپتامبەردا. ئەگەر لە یازدەی سیپتامبەردا عێراق و ئەفغانستان کرانە ئامانج، ئەوا لەو بڕیارەی ئورووپادا، مەبەست بەهێزترین و ستراتیژیکترین وڵاتی ناوچەکە واتە ئێرانە.

ئابووریی کۆماری ئیسلامی بە سپاوە گرێ دراوە و هەروەها هەموو سەرچاوە کلیدییەکان و داهاتی وڵات موڵکی ئەو ڕێکخراوەیە. بە هۆی ئەو بڕیارەوە ئابووریی نێوخۆی ئێران دەگات بە قەیرانیترین ئاستی خۆی لە داهاتوودا.

سپا هەر هەڵویستێک بگرێ، چ بە کشانەوە بێ لە بەرانبەر ئورووپادا یا هەڵبژاردنی شەڕ، بە زیانی خۆی دەشکێتەوە. قسە ئەوەیە کە ئورووپای ئیستا بۆ ئێران ئیدی ئورووپاکەی جاران نییە. لە دوای هەڵگیرسانی شەڕی ئۆکراین، ئورووپا بەئاشکرا و بە یارمەتیی لۆجستیک پشتی ئۆکراینی گرت. لە دوای یارمەتییە درۆنییەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ ڕووسیە، ئورووپا زیاتر لە سپای پاسداران و بەگشتی کۆماری ئیسلامی بەڤیندا کەوت.

ڕوویەکی دیکەی ئەو باسە ئەوەیە کە دو چەمکی سیاسەت و ئابووری وەک دو باڵی سپا وایە و لێک جیا ناکرێنەوە. بەو بڕیارەی ئوروپا کۆماری ئیسلامی لە باری ئابوورییەوە تووشی گەورەترین ئاستەنگ دەبێتەوە و هەموو سەرە پەتەکانی لە دەست دەردەچێت. ئابووریی ئێران ئابوورییەکی میلیتاریستییە و هەموو داهاتەکان لە فیلتەر و داڵانی سپاوە دەچێتە خەزێنە و بەرنامە و بودجەی دەوڵەتەوە.

پرۆژەکانی سپا لە وڵاتانی ناوچەشدا بە هۆی ئەو بڕیارەی پاڕلمانی ئورووپاوە بێتوو لایەنی کردەیی بگرێتەخۆی، لە هەموو وڵاتانی جیهاندا تووشی قەیرانی گەورە دەبێتەوە و بەپێی یاسای دیاریکراو، بەئاسانی دەتوانن ببنە بەربەست و کۆسپی سەر ڕێگای. واتە هەر ڕێکخراو و حیزب و لایەنێک لەگەڵ سپای پاسداراندا هاوکاری و هاوپەیمانیی سەربازیی کردبێ، وەکوو ئەو ڕێکخراوە حیسابی بۆ دەکرێ و چارەنووسی گرێ ئەدرێت بەو ڕێکخراوە توندئاژۆوە.

لە کۆتاییدا دەبێ بگوترێ کە سپا وەک هێزێکی سیاسی . سەربازی و تێرۆریستی لە بڕیاری خۆی دانابەزێ و ناچارە شەڕی مان و نەمان بکات. سپا بەرهەمهێنەری چەکوچۆڵی سەربازییە و تەنانەت ئەو بەرهەمانەش هەناردەی وڵاتانی ناوچەکە دەکات. سپا لە وڵاتانی ناوچەکەدا خاوەن هێزی میلیشیا و گرووپگەلی تیرۆریستییە و لەوانەیە لە داهاتوودا ئەگەر توانایی ئابووری ڕێگە بدات، چالاکیان بکاتەوە. ئەوەشە وا دەکات کە جیهان لە بەرانبەر کۆماری ئیسلامیدا بوەستێت.

ئەم بابەتە لە ژمارەی ٨٤٠ی ڕۆژنامەی کوردستان بڵاو کراوەتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٩ی ڕێبەندانی ١٤٠١ی هەتاوی = ٨ی فێبریوێری ٢٠٢٣

# باسی هاوپەیمانی و چەند سەرنجێک



**ئارەش ساڵح**

له دوای دەسپێکردنی شۆڕشی ژینا له ئێراندا باسی پێکهاتنی هاوپەیمانی لەنێو ئۆپۆزیسیوندا گەرمتر له جاران هاتۆته ئاراوە. لەو پێوەندییەدا کۆمەڵگەی کوردستان و لایەنگرانی حیزب زیاتر له جاران نیگەرانییەکانی خۆیان به نیسبەت شێوازی تەعامولی حیزب لەگەڵ ئوپۆزیسیونی ئێرانی دەردەبڕن و هەرکەس و لایەنێک به ئێستێدلالێکەوە باس له چوارچێوەی کار و هەنگاوەکانی لەم پێوەندییە دەکات و ئاکامگیرییەکانیش زۆربەی کات زۆر له یەک دوورن؛ له یەک وشەدا کێشەکە ئاڵۆزە.

**یەکەمین فاکتەر** بۆ ئاڵۆزبوونی کێشەکە هەبوونی دیوارێکی بەرزە له بێ‌متمانەیەیی که لەنێوان ئێمە وەکوو گەلی کورد و نەتەوەی باڵادەستدا هەیە. لەم چەند دەیەی ڕابردوودا نەتەوەی باڵادەست نەتەنیا دەنگی نەخستۆتە پاڵ دەنگی گەلی کورد، نەتەنیا سەرکوتی بێ‌بەزەییانەی گەلی کوردی لەلایەن حکوومەتەوە مەحکووم نەکردووە، بگرە زۆربەی جارەکان، سەرەڕای دژبەرییان لەگەڵ حکوومەت، ڕەواییان بەخشیوە بەو سەرکوتە و پشتگیرییان لەو حکوومەتە کردووە بۆ سەرکوتی بزاڤی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد. چاوەڕوانیی ئەوەی که ئەم ئاراستەیە به شەوێک و مانگێک و ساڵێک و دە ساڵ گۆڕانی بەسەردا هاتبێت، کەمێک دوورەدەست دەنوێنێ.

**فاکتەری تر** کە ئەم بابەتە ئاڵۆزتر دەکات گوتاری ئوپوزیسیونە کە هەڵگری هیچ چەشنە لە دانپێدانان بە مافەکانی گەلی کورد نییە. هیچ کام لەو هێڵە گشتییانە کە لایەنە ئۆپۆزیسیونەکان باسی لێوە دەکەن هەڵگری ئەو چەمکانە نین کە دەرخەری پەسەندکردنی پلۆرالیزمی ئێتنیکی بن و مافی پێکهاتە جیاوازەکان بەتایبەت نەتەوەکان لە ناویاندا دانیان پێدانرابێت. هەندێک باس و چەمکی گشتیبێژی کە هەڵگری تەفسیری زۆر جیاواز بن ناتوانن بۆ ئێمە ببن بە پێوەر بۆ ئەوەی لەسەر داخوازەکانی ئۆپۆزیسیون بریار بدەین. بۆ وێنە ئێمە ناتوانین لەسەر ئەوە بریار بدەین کە کەسێک یان لایەنێک بڵێت ئێمە باوەڕمان بە دێموکراسی هەیە، لەبەر ئەوەی دەسەڵاتداریی دێموکراتیک لە دنیای ئەمڕۆدا تەیفێکی زۆر بەربلاو لە سیستەمی دەسەڵاتداریی جیاواز لەخۆ دەگرێت کە لە جەمسەرێکی تەیفەکە ئەو حکوومەتانەن کە هەڵبژاردن بە تەنیا شەرتی وەدیهاتن و دەستەبەری دێموکراسی دەبینن. چەمکی مافی مرۆڤیش وەک چەمکێکی بەربڵاو تەنیا شموولی ئەو بەڵگەنامانە ناکات کە لە چوارچێوەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکاندا و بە ناوی مافی مرۆڤەوە پەسەند کراون. ئەو مافانە لانیکەمێک لە مافەکان لەخۆ دەگرێت کە تەنانەت کۆماری ئیسلامییش بەشێکی زۆر لەوانی پەسند کردووە. مافی مرۆڤ بۆ وێنە لە چوارچێوەی یەکیەتیی ئورووپادا زۆر پێشکەوتنخوازانەترە لە مافی مرۆڤ لە چوارچێوەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا، و ئەمە لەبەر ئەوەیە کە ڕێژیمە نادیموکراتیکەکانی نێو ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان قەد ڕێگەیان نەداوە هەندێک خاڵ کە لەدژی دەسەڵاتی سەرەڕۆیانەیە بتوانن پەسەند بکرێن. پێویستە ئەو لایەنانە کە پرسی مافی مرۆڤ بۆڵد دەکەن، بۆمان روون بکەنەوە کە ئەو مافی مرۆڤە ئاخۆ هەڵگری ئەو خاڵانەیە کە یەکیەتیی ئورووپا بەفەرمییان دەناسێت؟ ئایا بۆ گەلی کورد وەکوو نەتەوەیەک بۆ ئیدارەی خۆی و دیاریکردنی چارەنووسی ئەو مافانە بە ڕەوا دەبینێ یان نا؟

سەرەڕای ئەو ناڕوونییانە، لایەنە فارسەکان بەردەوام خەریکی ئەوەن نەتەوەکانی بندەستی ئێران سوێند بدەن کە پارێزەری یەکپارچەیی خاکی ئێرانن. ئەمە لە حاڵێکدایە کە بەرنامەی سیاسیی هێزە کوردییەکان -وەک حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە- ئەوەیە لە چوارچێوەی ئێرانێکی دیموکرات و فیدراڵدا مافەکانی گەلی کورد دابین بکرێت و خۆی ئەو بەرنامەیە دابینکەری مانەوەی یەکپارچەیی ئێرانە. بۆیە ئەو پێداگرییە لەسەر یەکپارچەیی خاکی ئێران و سوێنددان و بچووککردنی نەتەوەکان لەسەر ئەو ئەساسە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەو لایەنانە دەیانەوێ حیزب و لایەنە سیاسییە دیار و شوێندانەرەکانی کورد کە دەتوانن پێش بە پاوانکردنی دەسەڵات لەلایەن ئەوانەوە بگرن، لە پانتایی سیاسەت دەربکەن و پەراوێزیان بخەن. بۆیە حیزبە کوردییەکانیش پێویستە ڕاشکاوانە بەرەورووی ئەو پرسە ببنەوە.

**فاکتەری سێهەم** بۆ ئاڵۆزتربوونی کێشەکان لەو ڕاستییەوە سەرچاوە دەگرێ کە پێکهاتنی گۆڕان لە دۆخی گەلی کورد بە گۆڕانی ڕێژیمەوە نەبەستراوەتەوە. گۆڕانی ڕێژیم لە کاتی ئێستادا دەکرێ پێشمەرج بێت بۆ گۆڕانکاری لە بەرژەوەندیی

ئێمە، بەڵام ئەوە مەرجی تەواوکەر یان شەرتی کافی نییە. لە ڕاستیدا پێوەندیی سەردەستی و ژێردەستیی نێوان نەتەوەکان گرێدراوی ڕێژیمی سیاسی نییە، بەڵکوو گرێدراوی ستەیت یان وڵات و شێوازی فۆرمگرتنی ئەو وڵاتەیە. ئەمە نەتەنیا دامەزراوە سیاسییەکان وەکوو دامەزراوە ئەمنیەتییەکان، پەروەردە، زمانی فەرمیی وڵات و هتد لەخۆ دەگرێت، بەڵکوو دامەزراوە ئەخلاقی و فیکرییەکانیش دەگرێتەوە کە واتابەخشی وڵاتن. هەربۆیە ئەو گۆڕانکارییەی ئێمە بەپێی دۆخی خۆمان مەبەستمانە، زۆر قووڵترە لە گۆڕانی ڕێژیمی سیاسی. بۆ ئەو مەبەستە ئێمە پێویستیمان بەوە هەیە بۆمان دەرکەوێ کە لایەنی ئۆپۆزیسیۆنی فارس لە ڕاستیدا و لە قووڵایی تێگەیشتنیاندا لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانە هەن. ڕاستییەکەشی ئەوەیە ئەوان پێچەوانەکەیان دەرخستووە و ئێمەش دەزانین کە ڕووخانی ڕێژیم بە واتای ڕووخانی وڵات یان ستەیت نیە. تەواوی دامەزراوە پۆلیسی، نیزامی، زمانی فەرمی، پەروەردە و هەموو ئەوانە بە ڕووخانی ڕێژیم دەمێننەوە و دەکەونە دەست هەر ڕەوتێکی فارس کە دوای ڕووخانی ڕژێم بتوانێت بزماری خۆی لە تاران زووتر دابکوتێت. پاشان تاران، بە هەبوونی ناوەندی سیاسی و ڕێژیمی سیاسی و بە لەدەستدابوونی هەموو دامەزراوە نەرم و سەختەکانی سەرکوت دیسانەوە دێتەوە بۆ سەرکوتی کوردستان و قەوانە کۆنەکە لێ دەداتەوە.

لە دۆخەدا بابەتێک کە دەبێ پێش لە هەرشتێک وەکوو پرەنسیپ لەبەرچاوی بگرین ئەوەیە کە یەکەمین و گرینگترین شت بۆ حیزبێکی سیاسی پێگەی کۆمەڵایەتیی ئەو حیزبەیە. ئۆپۆزسیۆنی فارس زۆری بۆ گرینگە کورد - بەتایبەت بە وەرگرتنی مەرجەکانی ئەوان - بەشێک لەو هاوپەیمانییە بێت، نەک لەبەر ئەوەی پێیان وایە هاوڕایی و هاوخەباتیی کورد زووتر ڕێژیم دەڕووخێنێت. ئەوان باشتر لە هەموو کەس دەزانن ئێمە لە سەرەتاوە و بێ ئەوانیش لەدژی ئەم ڕێژیمە خەباتمان کردووە و هەروەها باش دەزانن کە گرینگترین فاکتەر بۆ ڕووخانی ڕێژیم هەر فارسەکان و تارانە. ئەوان بە مەبەستی جیاکردنەوەی حیزبە کوردییەکان لە بستێنە کۆمەڵایەتییەکەیان بە دوای هاوڕێکردنی ئێمەن. ئەوان پێیان وایە ئەوەی کیشەی کورد نوێنەرایەتیی دەکات ئەوە حیزبەکانن و ئەگەر ئەو حیزبانە پێگەی کۆمەڵایەتیی خۆیان لەدەست بدەن و نەتوانن نوێنەرایەتیی گەلەکەیان بکەن ئەوە سەرکوتکردنی کورد دوای گۆڕینی ڕێژیم زۆر ئاسانتر دەبێت. هەربۆیە پێیان وایە ئەگەر حیزبە کوردییەکان ناچار بکەن گرینگی نەدەن بە بەدەنەی کۆمەڵایەتیی خۆیان و بەبێ مولاحێزاتی ئەو بەدەنەیە بڕیار بدەن، ئەوا بەدەنەکەش پشت لە حیزبەکانیان دەکەن. بۆیە دەتوانم بڵێم کە یەکەمین و دیمەکراتیکترین ئەسڵ کە پێویستە ئێمە لەو پێوەندییەدا لەبەرچاوی بگرین مانەوەیە لەگەڵ بەدەنە و پێگەی کۆمەڵایەتیمان. بەبێ بەدەنە ئێمە وەکوو حیزبەکانی فارسمان لێ دێت و دەبین بە چەند کاڵتی جیا لە کۆمەڵگەکەمان.

بابەتی دووهەم کە دەبێ لە بەرچاوی بگرین شەفافییەتە لە بەرانبەر بەدەنەی خۆمان. ئێمە داخوازەکانمان دیارن و ئەگەر بەپێی هەر ئێستێدلالێک گەیشتینە ئەو قەناعەتە کە تێکەڵ بە هاوپەیمانییەک بین یان نەبین، ئەوا پێویستە

بەتەواوەتی و بە شەفافی بە لەبەرچاوگرتنی سەرنجە ئەمنیەتییەکان، خەڵکی خۆمان لە میکانیزمی گەیشتن بەو بڕیارە ئاگادار بکەینەوە.

پرەنسیپی سێهەم کە پێویستە لەم پێوەندییە لەبەرچاوی بگرین ئەوەیە ئێستا کاتی ئەوەیە لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی فارسدا ژێرییەکی تەواومان هەبێت و ئەو ڕوانگەیەش لەسەر ئەساسی بەرژەوەندی دامەزراوە. دۆستایەتی و دوژمنایەتی هیچ لایەنێک بۆ ئێمە زاتی و ئەزەلی و ئەبەدی نیە. ئەوەی کە فاکتەری سەرەکییە بۆ ئێمە بەراوردی دەسکەوت و تێچوویە لە پێوەندی لەگەڵ بەرژەوەندیەکانی حیزب و ڕۆژهەڵات. واتە ئێمە دەتوانین لەگەڵ هەموو کەس بسازێین مادام لە بەرژەوەندیی ئێمەدا بن.

پرەنسیپی دوایی و گرینگ دۆزی گەلەکەمانە. فەلسەفەی وجوودی ئێمەی گەلی کورد و بەرنامەکەمانە بۆ چارەسەری کێشەی کورد. هەر هەنگاوێک کە ئەو بابەتە پشتگوێ بخات فەلسەفەی وجوودیی ئێمە دەباتە ژێر پرسیار. ئەگەرچی ئێمە دەتوانین هەندێک کاری هاوبەش لەگەڵ هەندێک لایەن بکەین، بەڵام ناتوانین تێکەڵ بە پێوەندییەک بین کە ئێمە دەروەست بە بابەتێک بکات کە لەدژی فەلسەفەی بوونی ئێمەیە. واتە ئێمە ناتوانین تێکەڵ بە هاوپەیمانییەک بین کە نەتوانێت لانی کەم پلۆرالیزمی ئێتنیکی وەکوو ئەسڵێک قەبووڵ نەکات. بەکارهێنانی دەستەواژەی پلۆرالیزمی ئێتنیکی ئەگەرچی دەستەواژەیەکە کە هەڵگری هەموو چوارچێوەی فیکریی ئێمە نییە، بەڵام ئەو دەستەواژەیە ئەو ئیمکانە بە لایەنی بەرامبەرمان دەدات کە بتوانن ئاسانتر لەبەرانبەر خواستەکانی ئێمەدا کۆتا بێن و لە ئاکامدا ئەو کۆتاهاتنە هەمان کاریگەریی دەبێت کە قبووڵکردنی ویژمانی ئێمەیە. ئەوەش بە واتا دەستهەڵگرتن و کشانەوە لە هەندێک لە پرەنسیپەکانی ئەدەبیاتی سیاسیی خۆمان نییە، بەڵکوو بەو واتایەیە کە چەمکێک بە لایەنی بەرانبەرمان پێشنیار دەکەین کە قبووڵکردنی بۆ ئەوان ئاسانتر بێت و لە ئاکامدا ئێمە لە بەرنامەکەی خۆمان کە ئیدارەی خۆمان بە دەستی خۆمان و دابینبوونی مافەکانی گەلی کوردە لە چوارچێوەی ئێراندا نزیک دەکاتەوە.

**پوختەی مەبەست**: نەچوونە نێو هاوپەیمانییەک کە پێچەوانەی بنەما هزرییەکانی خۆت بێت، لەدەستدانی هەلێکی سەیروسەمەرە نییە. ئەزموون نیشانی داوە ئەگەری ئەوەی هاوپەیمانییەکی ئەوتۆ سەرکەوتوو بێت زۆر کەمە و پێناچێ هاوپەیمانییەکی وا ئاکامێکی ئەوتۆی هەبێت و بتوانێت پێگەی کۆمەڵایەتی بۆخۆی بدۆزێتەوە. دووهەم دوای ڕووخانی ڕێژیم ئەو هاوپەیمانییانەش زۆر ناتوانن بمێننەوە و هاوکێشەکان بەتەواوەتی دەگۆڕێت و ئەوجار لایەنەکان بە دوای یارگیری و هاوپەیمانیی جیددیتردا دەگەڕێن. سێهەم، چ ئەو هاوپەیمانییە سەرکەوتوو بێت و چ سەرکەوتوو نەبێت، ئەگەری زۆرە ئێمە وەکوو گەلی کورد لەدوای ڕووخانی ڕێژیم ناچار بین بۆ بەرەوپێشبردنی بەرنامەکانمانان پشت بە هێز و پێگەی

کۆمەڵایەتیی خۆمـان ببەسـتین. هەربـۆیە پێویسـتە ئاگـادار بـین لە یـارییە سیاسـییەکانی ئێسـتادا بە بڕیـارێکی بەپەلە تێچوویەکی کۆمەڵایەتی بەسەر خۆماندا نەسەپێنین و نەچینە نێو یارییەکەوە کە نەک قازانج، بەڵکوو مایەکەشمان لەکیس بچێت.

ئەم بابەتە لە ژمارەی ٨٤٠ی ڕۆژنامەی کوردستان بڵاو کراوەتەوە.

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ١٩ی ڕێبەندانی ١٤٠١ی هەتاوی = ٨ی فێبریوێری ٢٠٢٣**

---

## گەڵاڵەی ڕیفراندۆم و دانی وەکالەت لە بەرانەرکێ لەگەڵ درێژەی ئاخیزێکی شۆڕشگێرانەدا

**سایتی پەیام**

لە هەمان ڕۆژەکانی سەرەتای دەستپێکی شۆڕسی ژینادا شیاوی پێش بینی بـوو کە لەگەڵ درێـژەی ئەم ئـاخیزە شۆڕشگێڕانەدا، گرایشـاتی سیاسـیلە تەیفـی ڕاسـت لەهەوڵـی داشـکاندنی خواسـت و ئامانجەکـانی ئەم شۆڕشـەدا دەبـن و هەوڵ ئەدەن تـا ئیمکاناتی خۆیان بۆ هاوتەریب کردنی لەگەڵ بەرژەوەندیە سیاسی کانییان بەکاربێنن. هەروەها شیاوی پێش بینـی بـوو کە ئیسلاح خوازانی حکومەتیش بێکار دانانیشن و بە تەرحگەلـی بە نـاوەرۆکی پاراستنی ڕژیمەوە دێنە مەیدان. ئەمڕۆ دوای ٥ مانگ لەم ئاخێزە، ئەم بێش بینیانە حاڵەتی کرداریان بەخۆیانەوە گرتـوە و شـاهیدی هەوڵەکـانی ئەم تەیفەیـن لە سکڵ و شێوازی جۆراو جۆردا.

ئەم دواییانە میر حسێن موسەوەی خوازیـاری ریفرانـدۆمی گۆڕانی یاسـای بنەڕەتـی بـووە. بەر لەویـش ڕیفراندۆمی ئیسلاحی قانەنی ئەساسی و کەمێک دواتر پێشنیار دانی وەکالەت لە لایەن تەیفی راستی ئوپوزسیۆن، بە یەک ئامـانج بەڵام لە شکڵ و شێوازی جۆراو جۆردا تەرح کرابوون. هەڵبەت گشت ئەم تەرحانە لە پێنج مانگی ڕابردودا بە هاوارەکـانی "بروخێ کۆمـاری ئیسلامی" یان "تا ئاخر ڕاوەستاوین" وڵامی وەرگرتۆتەوە و سەرنجێکی ئەوتۆ نەدراوەتە هیچکام لەو تەرحانە.

تا ئەو جێگایەی بە ئیسلاح خوازانی حکومەتی دەگەڕێتەوە ئەوان بە میسداقی "چەقۆ دەسکی خۆی نابڕێت" نە توانیویانە و نە ویستویانە کە ببنە ڕەخنەگرێکی جیدی سیاسەتە نێوخۆیی و دەرەکیەکانی ڕژێم. لە ماوەیەکدا کە ناوێک لەوان لە ئارادا نەبوو بەردەوام ڕێگای دەرچوون لەم نەکبەت بارییەیان لە سندوقەکانی دەنگدان ئاوێتە بە فێڵ و گزیدا دەبینی و خۆشیان هەر بوونە قوربانی ئەو سیاسەتە. بەڵام "ئاوی ڕۆیشتو ناگەڕێتەوە بۆ جۆگەلەکەی" و دەنگدەرانی جێی سەرنجییان لە مانگی بەفرانباری ١٣٩٦ بەم لاوە بەسەر ئەم گومانە بازیاندا. ئێستا گۆیا ڕژێمێکی ستەمکاری وەک کۆماری ئیسلامی بۆ روخاندنی خۆی دەبێ ڕیفڕاندۆمێک بەڕێوەبەرێت، ئەگەر ئەمە حیلەگەری نەبێت، ساویلکەییەکی بێ ئەوپەڕە. لە ڕاستیدا گەڵاڵەی ڕیفڕاندۆم لە لایەن کەسانی وەک موسەویەوە بۆ گەیاندنی ئەم پەیامەیە کە "ڕوخاندن" دەردێک دەوا ناکات، هەر ئەوجۆرەی کە خاتەمیش" ڕوخاندنی" نە بە مومکین و نە بە باش زانیبوو.

تا ئەو جێگایەی بە ڕەوتی پڕۆ ڕۆژئاوایی دەگەڕێتەوە، ئەم ڕەوتەش ئیمتیحانی خۆی داوە و لەمرۆدا بەبێ ڕەخنەی جیدی لە سیاسەت و کردوەکانی دەورانی دەسەڵاتداری خۆیان دەیانەوێ بەناو "ئێران وەربگرنەوە" و بە خەیاڵی خۆیان مێژوو بگێڕنەوە بۆ دواوە و هەمان بەساتی ڕابردو جاریکیتر بەسەر خەڵکدا بسەپێننەوە.

ئەم جۆرە هەوڵانە کە لایەن تەیفی جۆراو جۆری گرایشی ڕاستەوە لە گۆڕەپانی سیاسی ئێراندا تەرح دەکرێن لەگەڵ ناوەرۆکی ڕاستەقینەی ئاخێزێکی شۆڕشگێڕانە کە خۆی لە دروشمی" ژن، ژیان، ئازادی" دا ناساندوە، ناکۆکن و هەر لەو ڕۆژەوە کە تەرح دەکرێن مۆری شکستیان پێوەیە. ئەگەر گەڵاڵەکانی ئیسلاح خوازانی حکومەتی پاراستنی چوارچێوەی ڕژێمی ئیسلامیە، بۆ سەڵتەنەت خوازەکانیش شتێکی زیاتر لەوەی بنەماڵەی پەهلەوی بە خەڵکیان دا، لە ئارادا نییە. بێجگە لە جیاوازیە ڕواڵەتیەکان، سەرجەمی ئەم تەرحانە خۆیان لە زەڕوەرەقی "دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ" دا ئیدامە دەری نایەکسانی و نادادپەروەری و بێمافی و ستەمگەریەکانی موجودن لە قاڵب و چوارچێوەی تردا.

لەم ڕووەوە بە جورئەت دەتوانین بڵێین کە ئیسلاح خوازان و باقی گرایشە سیاسیەکان لە تەیفی ڕاستدا بۆ کۆمەڵگای شۆڕشگێڕی ئەمڕۆی ئێران نەک "سەرمایەی سیاسی"، ئەو جۆرەی کە ئیدیعای دەکەن، بەڵکو بە سەرنج دان لە ئیمکاناتێک کە لەبەردەستیان دایە بارێکی ئیزافی و کۆسپێکی جیددین کە دەبێ وڵامێکی قایم و پتەوی" نا" یان لە لایەن ئاخێزی شۆڕشگێڕانەی خەڵکەوە پێبدرێتەوە. بە خۆشیەوە تا ئێستا لەوێوە کە نەیانتوانیوە سەرنجی کۆمەڵ بۆلای خۆیان ڕابکێشن ئەو وڵامەیان وەرگرتۆتەوە.

ئەگەر بۆ ئیسلاح خوازان بوونی ڕوخانی ڕژێمی ئیسلامی بە گۆڕانی قانونی ئەساسی لە چوارچێوەی ئەم ڕژێمەدایە، بۆ

ڕەوتی سەڵتەنەت تەڵەبەکانیش یان تەرحی تائەوپەڕ نا دیموکڕاتیکی" دانی وەکالەت" لە ڕاستیدا ئامانج گۆڕانی ئیقتیداری دینی بە ئیقتیداری سەڵتەنەتیە و دەست نەبردن بۆ مناسباتی زاڵمانەی ئیستایە، کە ئازادی و ڕیفاە و بەرابەری ئینسانەکان قەبوڵ ناکات.

لەمڕۆدا هەنووکەیی ترین بابەت بۆ خەڵکی زۆرلێکراوی ئێران، ڕوخاندنی ڕژێمی ئیسلامیە. لەم ڕوەوە هەر گوروپ و ڕەوتێک بە پێچەوەنانەی ئەم ئاراستەیە بڕوات، زووتر لەوەی کە بەزەینیدا دێت، لەنێو جەماوەری خەڵکی ڕاپەڕێودا پەراوێز دەکەوێت.

پاسایەکی کە خوازیاری ئەوەیە کە لە ئاکامی شۆڕشێکی گەورەدا لە گۆڕەپانی سیاسی ئێران وەدەر نراوە، یان ڕەوتی ئیسلاح خوازانی حکومەتی کە دوای تێپەڕ بوونی١٣ ساڵ لەمڕۆدا بەو ئاکامە گەیشتوە کە ئیسلاحی سیاسی لە کۆماری ئیسلامی ئێراندا ئیمکانی نییە، جۆن دەتوانن نوێنەر یان ڕێبەرانی بەرەیەکی ئازا و بوێری ئەمڕۆ بن؟ ڕەوتی ڕووداوەکان پیشانی ئەدات کە خەڵکی ناڕازی ئالای خۆیان نادەنە دەست ئەو ڕەوتە دواکەوتوانە. ئەوان لە مەسیری بەهێز کردنی بزوتنەوەکەیاندا بۆ ڕوخاندنی کۆماری ئیسلامی و دابین کردنی بارودۆخێک کە خۆیان زال بن بەسەر چارەنوسیاندا هەنگاو هەڵدێننەوە.

سەرچاوە: سایتی پەیام – ڕێکەوتی: ٩ی فێبریوێری ٢٠٢٣

## وتەی بەڕێزعەبدوڵا موهتەدی بۆ کۆبوونەوەی زانکۆی جۆرج تاون لە واشنتن دی.سی



**بە ناوی ژن ژیان ئازادی**

**ئەو ڕۆژەی کە ژینایان کوشت، کوردستان بێدەنگ نەبوو، نەترسا بەڵکوو بۆ ئیعتراز هەستا و حیجابی زۆرەملی ئاور تێ بەردا. خەیابانەکانی داگیر کرد و بەو کارەی بوو بە ئیلهامدەری شۆڕش لە پێناو ئازادی لە سەرتاسەری ئێراندا. بە دەیان ساڵ جمهووری ئیسلامی ڕەوایەتێکی درۆزنانەی سەبارەت بە کوردستان هەڵبەستبوو بە وەپاڵدانی تۆمەتی جۆر بە جۆرە جەوانانی ئێمەی ئێعدام دەکرد. بەڵام تەنیا لە ماوەی چەند حەوتوو دا بە شۆڕشی ژن ژیان ئازادی قەڵای درۆی ڕێژیم دارما و کوردستان بوو بە ڕەمزی هاوپێوەندی و هۆکاری یەکخەری هەمووئێران و چاو و چرای هەموان.**

**ئێمە بۆ ئەوەی سەرزەوییەکەمان لە چنگی جمهووری ئیسلامی دەربێنین لەزاهیدانەوە تا کوردستان تا تاران و شارەکانی برینداری دیکەی ئێران دەبێ هاوپێوەند و یەکگرتوو بمێنینەوە. هەموومان داوخوازی بەرابەری، نەمانی دووچاوکییەکان و دووپاتە نەبوونەوەی هەموو جۆرە ستەمێکین لە بەیانیی ئێراندا و بە قبووڵ کردنی جۆراوجۆری و فرە چەشنی، ڕێزگرتن لە ناسێنە جۆر بەجۆرەکان لە ئێرانی دێمۆکراتیکی بەیانیدا، ئەمڕۆ بە تەنیشت یەکەوە ڕادەوەستین. تەنیا دوژمنی هاوبەشی ئێمە و هێزێک کە لێبڕاوە هەموومان لە ناوبەرێ جمهووری ئیسلامی یە. ئێمە سەلماندمان کە شۆڕشەکەمان شۆڕشی هاودڵی و هاوپێوەندییە. و ئەوەی کە هەموومان دەمانەوێ دۆستایەتی، ئازادی و بەرابەرییە. لە پێناو سەرکەوتن دا دەبێ هاوپێوەند و هاودڵ بمێنینەوە. نووکی تیرەکان لە سەرتاسەری ئێران دەبێ تەنیا و تەنیا ڕووی لە جمهووری ئیسلامی بێ.**

**ژن ژیان ئازادی**

**تێبینی: وتەی بەڕێزعەبدوڵا موهتەدی بۆ کۆبوونەوەی زانکۆی جۆرج تاون لە واشنتن دی.سی. بە بەشداری ۸ کەس لە تاکوتەرای ئۆپۆزیسیۆنی جمهووری ئیسلامی ئێران لە زمانی فارسییەوە وەرگێڕدراوە و وەرگێراوی فەرمی نییە. بەڕێز موهتەدی لە کۆتاییدا دروشمی ژن ژیان ئازادی بە زمانی کوردی گوت.**

**سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی حەسەن قازی – ڕێکەوتی: ١٠ی فێبریوێری ٢٠٢٣**

---

## کورد لە نێوان کۆماریخوازیی موجاهیدین و سەڵتەنەت تەڵەبیی کوڕی شادا



**تاهیر قاسمی**

**جاری وایە باشترە بۆچوونەکان هەر لە کامێنتدا نەمێننەوە. ئەوەی خوارەوەم بۆ کاک کاوە (محەممەد) موهتەدی نووسی کە پێی وایە نیزیک بوونەوە لە موجاهیدین، بە هۆی باوەڕیان بە ئیسلامی سیاسی، دەبێتە هۆی نامەقبووڵییەت و سەر لە "ناکوجائاباد" دەردێنێ.**

من پێم وایە دەلیلی نیزیک نەبوونەوە لە موجاهیدین، ئیسلامە سیاسییەکەیان نییە. ئەوان بۆخۆشیان قسە لە سیستمی سیکۆلار و دێموکرات بۆ دوای کۆماری ئیسلامی دەکەن. وەک چۆن کوڕی شا هەمان قسە دەکا. سەبارەت بە حیجابی ژنە موجاهیدەکانیش ئەوەیان زیاتر وەک بەشێک لە یونیفۆرمە سازمانییەکەیان هێشتووەتەوە نەک بەشێک لە ئیدئۆلۆژییە سیاسییەکەیان. ئەندام و لاگرانیان لە دەرەوەی سازمان بێ حیجابن و لە میدیاکانیشیاندا هەر بە بێ حیجابی دەردەکەون. هۆی نیزیک نەبوونەوە لە موجاهیدین نیگەرانی لە لاوازیی ئاستی پێگەی کۆمەڵایەتییان لە ناو ئێران و ترس لە نامەقبووڵییەتیان لە ناو خەڵکە. ئەویش بە هۆی کردەوەکانیان لەو چەند دەیەی دواییدا بە تایبەت دوای ڕێککەوتن و پەنا بردنیان بۆ حکوومەتی عێراق. لە سەر ئەوە، ئەو بارە قورسە هێرشە مێدیاییەش زیاد بکەین کە هاوکات کۆماری ئیسلامی، سەڵتەنەت خوازەکان و لایەنەکانی دیکەی ئۆپۆزیسیۆن بە کوردیشەوە دژی موجاهیدین کردوویانە.

بەڵام من پێم وایە کورد دوای ڕووخانی کۆماری ئیسلامی پتر پێویستی بە موجاهیدینە تا سەڵتەنەت تەڵەبەکان. ئەویش بەو هۆیانەی خوارەوە:

١- وەک گوترا، موجاهیدین تاکە لایەنی ناوەندگەرایە کە داکۆکی لە مافی کورد دەکا. ئەوە نە هی ئێستا و نە هی ئەو ساتەوەختەشە کە حیزبی دێموکرات لەگەڵی چووە ناو شورای میللی موقاومەتەوە بەڵکو بۆ ئەو سەردەمە دەگەڕێتەوە کە ئەو هێزە هێشتا لە تاران و تەنانەت دەستێکیشی لە ناو حکوومەتدا بوو یان ئۆپۆزیسیۆنی ئاشکرای حکوومەتی کۆماری ئیسلامی بوو. ڤیدیۆی قسەکانی مەسعوود ڕەجەوی لە ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی لە زانستگای تاران سەبارەت بە پێویستیی دانانی بە مافەکانی کورد و پەسند کردنی خودموختاری بۆ کوردستان بەردەستە. هاوکات ئەوان هەموو ساڵێ یادی کۆماری کوردستانیان بە بەرزی کردۆتەوە و ڕێزیان گرتووە.

٢- بەرامبەر بە موجاهیدین، سەڵتەنەت تەڵەبەکانن کە تا ئێستا نیشانیان داوە نەک هیچ مەیلیان بە لای خواستەکانی گەلی کورد و گەلانی دیکەی ئێرانەوە نییە بەڵکو لە دژیشی ڕاوەستاون و هەر جۆرە مافخوازییەک بە تەجزیە تەڵەبی و مەترسی بۆ سەر "تمامیت ارضی"ی ئێران لێک دەدەنەوە.

٣- نەک هەر سەڵتەنەت تەڵەبەکان، بەڵکو ئیسلاح تەڵەبەکانیش کە ڕەنگە لەوە بە دوا زیاتر لە پشت مووسەوی کۆ ببنەوە و بەوەش دەبن بە هێزێکی گرینگ، دژی مافەکانی گەلی کوردن.

٤- کورد بۆ ئەوەی بالانسی خۆی لە نێوان لایەنەکاندا ڕابگرێ، نابێ بە هیچ جۆر کارتی موجاهیدین لە دەست خۆی بدا.

هاوکات پێویستیش ناکا پاڵ وە موجاهیدین بدا. لە ئەنجامی ڕاگرتنی بالآنس لە نێوان موجاهیدین و سەڵتەنەت تەڵەبەکاندا دەتوانین هەم هیوایەکی کزمان بە سەقامگیری دێموکراسی لە ئێرانی داهاتوودا هەبێ و هەمیش وەک پشتیوانەیەک بۆ مافەکانمان کەلک وەرگرین.

٥- ڕاگرتنی ئەو بالآنسە لە ئێرانی داهاتوودا ئەگەر سەقامگیر بوونی دێموکراسیشی لێ نەکەوێتەوە، هەبوونی موجاهیدین لەو بارەوە بۆ داهاتووی ئێران و بۆ ئێمەی کورد گرینگی خۆی دەردەخا کە لە حاند سەڵتەنەت تەڵەبەکاندا هۆی ململانێ و ناسەقامگیری لە ناوەند پێک دێنێ و لە وەها حاڵەتێکدا کورد ئەگەر یەکگرتووییەکی هەبێ، دەتوانێ چاری خۆی بکا.

بە کورتی موجاهیدین بۆ بە دەستەوە گرتنی دەسەڵاتی ئێران لە دوای ڕووخانی کۆماری ئیسلامی شانسی زۆری نییە بەڵام ئەگەری ئەوەش کە بە سانایی لە گۆڕەپانە سیاسیەکە دەر بکرێ و وەلا بنرێ، لاوازە. بۆیە وەک تاکە هێزێک کە دانی بە پێویستیی دەستەبەر بوونی مافەکانی کورددا ناوە و وەک هێزێک کە سەری ڕێککەوتنی لە گەڵ سەڵتەنەت خوازیدا نییە، بۆ داهاتووی کورد لە ئێراندا کارتێکی گرینگە کە نابێ لە دەستی بدەین.

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر – ڕێکەوتی: ١١ی فێبریوێری ٢٠٢٣

# کۆبونەوەی زانستگای جۆرج تاون




**مستەفا شلّماشی**

به ووردی گوێم له ووتار و هەڵسەنگاندنەکانی کۆبونەوەی زانستگای جۆرج تاون گرت. زۆربەی نیزیک بەتەواوی قسەکان یاریکردن به وشەی سیاسی بو. پێداگری لەسەر یەکگرتن تەنیا له پێناوی ئاڵ و گۆڕی دەسەڵات له ناوەند و له ژێر وشەکانی دیموکراسی، مافی مرۆڤ، یەکیەتی و ئازادی دا گرفته سەرەکیەکانی کۆمەڵگای ئێران شاردرانەوە. تەنانەت دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی"یش له ژێر "زن، زندگی، آزادی" دا شاردرابۆوە .له ووتاره کورتەکان دا تەنیا کاک عەبدوڵڵا ئیشارەی به جیاوازیەکان بەم جۆره کرد: "هەمومان داوخوازی بەرابەری، نەمانی دووچاوکییەکان و دووپاته نەبوونەوەی هەموو جۆره ستەمێکین له بەیانیی ئێراندا و به قبوولّ کردنی جۆراوجۆری و فره چەشنی، ڕێزگرتن له ناسێنه جۆر بەجۆرەکان له ئێرانی دێمۆکراتیکی بەیانیدا، ئەمڕۆ به تەنیشت یەکەوه ڕادەوەستین.."

تێبینی: ئەو بەشه له قسەکانی کاک عەبدوڵڵا له وەرگێڕانی کاک حەسەنی قازی له فەیسبوک وەرگیراوه.

که دیاره هەرچەند قسەکانی کاک عەبدوڵڵا به گشتی جوان بوون، بەڵام ئەو پێناسەی جەنابیشیان به جۆرێک داڕێژرابو که دڵی بەشدارانی دیکەی کۆبونەوەکه نەشکێ. دەناکوا "جۆراوجۆری و فرەچەشنی، ڕێزگرتن له ناسینه جۆربەجۆرەکان" دەتوانێ جێگای فرەنەتەوەبونی ئێران و مافی نەتەوەکان بگرێتەوە. دوو کەسی دیکەش ئیشارەیەکیان به ئەقوام کرد، یەکیان

شیرینی عیبادی و ئەوی دیکەشیان مەسیح عەلینـژاد بـوو. شیرینی عیبـادی باسی لەوە کـرد کە دەبـێ مـافی ئەقـوامیش لەبەر چاو بگیرێ و مەسیحی عەلی نژاد گوتی ناکرێ حیزبە کوردیەکان نادیدە بگرین کە چل سـاڵە دژی کۆمـاری ئیسلامی خەبـات دەکەن. لە باقی قسـەکانی دیکە دا و لە وەڵامی پرسیارەکانیش دا هیچ ئـامـاژەیەکی ئەوتـۆ بە فرەنەتەوە بـوونی ئێـران و مافی نەتەوەکان نەکرا.

ڕاستیەکەی لە هەموومـان ئاشکرایە کە بەشی هەرەزۆری چالاکـان و ڕووناکبیرانی نەتەوەی فەرمـانڕەوا دەیـانهەوێ جڵەوی شۆڕشی ژینا ڕاست بۆ ئەوە بەدەستەوە بگرن، کە پێش لە ووروژاندنی باسی مافی نەتەوەکان بگرن. بـۆ ئەو مەبەستەش دوو میکانیزم بە کار دێنی.

**یەکەمیان** ئەوەیە کە هەوڵدەدەن ڕێبەری و جڵەوی چالاکیەکانی دژی ڕژیم بکەوێتە دەست یەکگرتنێک، یا ئیئتئلافێک لە نێو کۆمەڵێک کەسایەتی جۆراوجۆر دا کە بە ڕواڵەت لە هەمو جیاوازیەکـانی تێـدا بـێ و ئیـددیعا بکەن کە فرەچەشنە. بـۆ ئەو مەبەستەش دەگەڕێن ئەفرادی گونجاو هەڵدەبژێرن.

**دووەم** هەوڵ دەدەن ئیئتیلاف تەنیا لە سەر ڕووخانی ڕژیم بکرێ و هەمو مافەکـان و کێشـەکانی دیکە بسپێرن بە مەجلیسی موئەسسەسان و قـانونی بنەڕەتیی داهاتو و بیدەن بە ڕەئێ سەراسەریی هەمو خەڵکی ئێران. چونکە ئـامانجی ئەوان بنیـات نـانەوەی ئێرانێکی جیـاواز کە مـافی هەموو نەتەوەکـان و چین و تـوێژە جۆراوجۆرەکـانی تێدا پەسند کرابێ، نییە. ئەوان دەیانهەوێ دەسەڵات لە ناوەند بگۆڕن و هێژەمۆنی نەتەوەی فەرمانڕەوا بپـارێزن و بە قەولـی خۆیـان تەزمینـی جیـانەبونەوە لە ئێران لە کەسایەتیەکانی نەتەوە ژێردەستەکان وەرگرن، یا بە قەولی خۆیان یەکپارچەیی خاکی ئێـران بپارێزن و پێشی تەجـزیەی ئێـران بگـرن. هەربـۆیەش قسـەکانیان لە تـوێکڵەوە دەپـێچن و لە جیـاتی سیسـتمی تەوافوقی کە گونجـاوترین سیستمە بـۆ چارەسەرکردنی کێشـەکانی وڵاتێکی فـرەنەتەوەی وەک ئێـران بـاس لە دێموکڕاسی و مـافی دەنگدان دەکەن، لە جیاتی دابەشکردنی دەسەڵات باس لە یەکگرتن بـۆ پاراستنی یەکیەتـی خـاکی ئێران دەکەن و لە جیـاتی ڕێککەوتـن لەسەر داهاتو و چۆنیەتی بەڕێوەبردنی ئێران لە دوای ڕژیمی کۆمـاری ئیسلامی، بـاس لە هیـدایەتی جوڵانەوە تەنیـا بـۆ گـوزەر لە کۆماری ئیسلامی دەکەن و داهاتوو بە داهاتوو دەسپێرن.

بۆ ئەو ئامانجەش دەیانهەوێ ئەحزاب وەلا نێن و کەسایەتی هەڵبژێرن، چونکە لە هەموو دنیای مۆدێرن دا ئەحزاب پێکەوە دادەنیشـن و لەسـەر بەرنـامە سیاسـیەکانیان ووت و وێـژ دەکەن و سـەنگ و سوکی دەکەن و ئیمتیـاز دەدەن بە یەکتـر تـا لە کۆتـایی دا بەرنامەیەکی هاوبەش کە ویستی هەموانی تێدا گونجـابێ داڕێـژن و لەسـەر ئەوە ئیئتیلاف بکەن. بە پێچەوانەوە

چالاکانی نەتەوەی فەرمانڕەوا لە ئێران دا نایانهەوێ باس لە ویستەکان و بەرنامەکانی حیزبەکان بکەن. بەڵکو دەیانهەوێ بێدەنگە لە هەمو مافەکان بکەن و شۆڕشی ژینا وەک پەیژە بەکار بێنن تا بەسەری دا سەرکەون و لە تاران ئاڵ و گۆڕی دەسەڵات بکەن.

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر – ڕێکەوتی: ١١ی فێبریوێری ٢٠٢٣

---

## شۆڕشی ژینا، ئاستەنگ و لەمپەرەکانی بەردەم پەرەسەندنی



مریەم عەلیپوور

بەر لەوەی ئاماژە بە ئاستەنگ و لەمپەرەکان بکەم، بۆ کرانەوەی باسەکە پێویستە بزانین ئایا ئەو ڕاپەرین و خۆپێشاندانانە دەچنە نێو قەوارەیەک بە ناوی شۆڕش، یان شۆڕشێک بە ناوی شۆڕشی ژینا؟ کەی و کێ شۆڕش دەکات؟ ئەو شۆڕشە لە ناو چ شێوە سیستمێکدا دەکرێت؟

### شۆڕش

شۆڕش پرۆسەیەکی گۆڕانکاریی بنەڕەتییە و لە ماوەیەکی زۆر کورتدا ڕوو دەدات. ئەو چەمکە بە تایبەتی بۆ هەڵچوونە

سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، زانستی، کولتوورییەکان و ... هتد بەکار دەهێنرێت. دەتوانین شۆڕش بە پرۆسەی گۆڕان پێناسە بکەین کە پێویستیی بە هێندێک پشتیوانیی جەماوەر هەیە.

گرینگترین شۆڕشە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی سەدەکانی ڕابردوو، شۆڕشی ١٧٨٩ی زایینیی فەڕانسە و شۆڕشی ١٩١٧ی ز. ڕووسیە بووە. لەو دواییانەشدا گرینگترین هەڵچوونە سیاسییەکان بریتی بوون لە شۆڕشی کۆمۆنیستی لە چین لە ساڵی ١٩٤٩ ز.، شۆڕشی سۆسیالیستی لە کوبا لە ١٩٥٩ ی ز. و شۆڕشی ئیسلامی لە ئێران لە ساڵی ١٩٧٩ی ز. ، کە ئاکامەکەی بوو بە سەرهەڵدانی ڕێژیمێکی توتالیتار و ئاپارتاید.

کەواتە بەپێی ئەو بۆچوونانە لە شۆڕش، دەتوانین بڵێین ئەو شۆڕشەی کە ئێستا لە ئێران و بە تایبەت لە کوردستانی ڕۆژهەڵات دەستی پێ کردوە وەک شۆڕشێکی سیاسی، ڕووناکبیری، زانستی و کولتوورییە کە توانیویەتی هەموو نەتەوەکانی ئێران بەهەموو توێژەکانیەوە لە دەوری خۆی کۆ کاتەوە. ئەو شۆڕشە لە دوای ڕژانی خوێنی ژینا لە تاران بەدەستی پۆلیسی "ئەخلاقییەوە" کە بۆ پاراستنی سەرەکیترین بەها سیاسی - ئایدیۆلۆژییەکانی ڕژێمی ئیسلامی ئێران دروست کراوە، لە کوردستان-سەقز دەستی پێ کرد. سەرەڕای ئەوەی زۆر ژیلەمووی دیکەش گەشانەوە بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتیەکان، ژینا بوو بە سیمبول و هەوێنی ئەو شۆڕشە.

شۆڕشی ژینا بەرزترین بەها مرۆییەکانی هێنایە سەر زاری میلیۆنان تێکۆشەری ئازادیخوازی کورد و غەیرە کورد، بوو بە سیمبولێکی جیهانی بۆ بەرگری لە "ژن ژیان ئازادی" خەباتێکی جیهانی دژی دیکتاتۆری و چەوسانەوەی مرۆڤەکان. ئەوە تەنیا شۆڕشێک بە ناوی ژینا نییە، بەڵکو پێداگری لە مافە نەتەوەییەکان و ئازادی تاک و گرووپەکان و مافی ژن لە پێگەی داهاتوو دایە. نابێ لە یاد بکرێن و دەبێ لە فورمی یاسا و نووسراوە و بە کردەوە جێبەجێ بکرێن.

ئەو دۆخەی کە بۆ مرۆڤایەتی لە ئێراندا بەگشتی و لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بەتایبەتی، لەلایەن ئەو ڕێژیمە توتالیتارە دروست کراوە، چی دیکە جێگای هەرسکردن و پەسەندی خەڵک نییە. لێرەدا ناکرێ ئاماژە بە شێرەژنان و لاوانی کورد کە مەشخەڵی ڕزگاریخوازی و ئازادین نەکرێت، ئەوان خاوەنی سەرەکین لە سەرهەڵدان و بەردەوامبوونی ئەو شۆڕشە. خۆیان بە بەشێک لە کۆمەڵگە دەزانن، ئەگەرچی بەپێی یاسا و ڕێساکانی ڕێژیمی توتالیتاری ئێران ئەو دوو توێژە لە کۆمەڵگەدا کەمترین ڕۆڵ و بایەخیان پێ دراوە و دەدرێت.

## سیستمی سیاسی و حکومەتداری لە ئێراندا

بە چاوخشاندنێکی خێرا بە کۆی پێکهاتەی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران، وێنایەک هزر و بیری مرۆڤ داگیر دەکات کە وێنای سیستمێکی توتالیتاریزم و ئاپارتایدە، بۆ؟

تۆتالیتاریزم یان ڕێژێمی تۆتالیتار چەمکێکە بۆ سیستمە سیاسییەکان کە دەسەڵات لە پرەنسیپدا، کۆنترۆڵی هەموو چالاکییەکانی کۆمەڵگە دەکات، تەنانەت ئەوەی لەنێو خێزانیشدا ڕوودەدات. بە واتایەکی دیکە دەتوانین بڵێین، تۆتالیتاریزم، شێوەیەک لە حکومەتدارییە کە ڕێگە بە هیچ ئازادییەکی تاک نادات و دەیەوێت هەموو بوارەکانی ژیانی تاک ملکەچی دەسەڵاتی دەوڵەت بکات. تۆتالیتاریزم بە چڕکردنەوەی دەسەڵات لە ناوەندێکی تاکدا، دەبێتە دیکتاتۆرێکی تاکەکەسی یان کۆمەڵێک لە خاوەن دەسەڵاتەکان وەک لیژنە یان سەرکردایەتیی حیزبێک. ئەو ناوەندە پشت بە هێز دەبەستێت بۆ سەرکوتکردن و سنوردارکردنی هەر پێشکەوتنێک لە بەرژەوەندی و دەسەڵاتی ئەواندا نەبێت و کەڵک لە هەموو کەرەسەیەکی ناڕەوا وەردەگرێت بۆ بێدەنگکردنی هەموو دەنگە نارازییەکان.

بە پێی ئەو پێناسە و ئەرگومێنتانەی لەسەر توتالیتاریزم هەیە بەو قەناعەتە دەگەین کە ئەو ڕێژیمە، ڕێژیمێکی توتالیتارە. کەواتە هەر خودی ئەو سیستمە گەورەترین لەمپەرە لە بەردەم پەرەسەندنی شۆڕشی ژینا، بۆ؟ لەبەر ئەوەی دەسەڵاتێکی توتالیتار بۆ مانەوە و بەرژەوەندی دەسەڵاتەکەی، نەک هەر هاووڵاتیان لە نێو دەبات، بەڵکو هەوڵ دەدات وڵاتیش وێران بکات.

**چەمکی«وێرانی» دەتوانین بە سێ فاکتەری سەرەکی ببستینەوە کە ڕێژیمی سەرەڕۆی ئێران بەڕێوەی دەبات وەکوو:**

١- توندوتیژی و تۆقاندن، بە مەبەستی لەنێوبردنی هەموو شێوە ئازادییەکی هاووڵاتیان.
٢- هەبوونی ئیدیۆلۆژیی چەقبەستوو.
٣- تەیارکردنی بەشێک لە جەماوەر لە دەوری ئەو ئیدیۆلۆژییە چەقبەستووە.

## هۆکارەکانی سەرهەڵدانی شۆڕشی ژینا

هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ئەو شۆڕشە یەکجار زۆرە بەڵام زۆر بەکورتی دەتوانم بڵێم: قەیرانی سیاسی، ئابووری،

کۆمەڵایەتی، ئەخلاقی، دیپلۆماسی، دروستبوونی کەلێنێکی گەورە لەنێوان دەوڵەت و نەتەوەکانی نیشتەجی لەو قەوارەیەدا، زۆڵم و زۆری، ئەشکەنجە، زیندان، سێدارە، سیستمی بانکیی ناکارا و گەندەڵ، گەندەڵیی ئابووری و یاسایی، نزمیی بەرهەمهێنان، وێرانکردنی ژینگە، لەنێوبردنی سامانی سروشتی، هەژاری، بێکاری، پەراوێز خستن و زیندانی کردنی نوخبەکان، لەدەستدانی شەرعییەتی سیاسی و دەسەڵاتداری، بە دیکتاتۆرکردنی سیستمی پەروەردە، پەرەدان بە برۆکراسیی دواکەوتوو و سوننەتی، خورافاتی و تەک مەزهەبی هەموو ئەوانە دڵۆپێک لە دەریایەک قەیرانن کە ئاماژم پێدان. هەموو ئەو قەیرانانە دەرئەنجامی چەندین کێشە و گرفتی (نێوخۆ و دەرەکی) پێکهاتەی نیزامە، بەدرێژایی مێژووی زیاتر لە چل ساڵی ئەو ڕێژیمەیە کە کەڵەکە بوون و ئێستا وەک ڕنووی بەفر بە سەریاندا دارماوە. لەباتی دۆزینەوەی چارەسەر بۆ ئەو کێشە و گرفتانە،

هاووڵاتیانیان بە سەر سێ گرووپدا پۆلێنبەندی کردووە.

**دەستەی یەکەم**: ئەو کەسانەن کە بە هەر هۆیەکەوە گرێدراوی دەسەڵاتن و بۆ مانەوەی ئەو دەسەڵاتە توندئاژۆییە لە هیچ بێ ئەخلاقییەک و کردەوەیەکی نامرۆڤانە ناسڵێنەوە.

**دەستەی دووهەم**: بەشێک لە نەوەی بەر لەو جیلی ئێستا کە بەداخەوە کولتوری بە کویلە بوون بەسەریاندا زاڵە و هەتا ئێستا کەم تا زۆر بێ دەنگیان هەڵبژاردووە. لەوانەیە هێندێک لەوانە بترسێن یان باوەڕیان بە چاکسازی لە لایەن ئەو ڕێژیمە توتالیتارە هەبێت، کە قەت شتێکی ئاوا لە ناو سیستمی توتالیتار ڕوو نادات.

**دەستەی سێهەم**: ئەو جیلەن کە پەروەردەی شۆڕشی ئەلکترونین و پاندیمی کۆرۆنان. کۆرۆنا بوو بە دەرفەتێک بۆیان بۆ ئەوەی کاتی زیاتریان بۆ بەرەخسێ بۆ چوونە ناو دونیای مەجازی هەتا بتوانن زیاتر ئاگاداری ژیان و دۆخی وڵاتانی پێشکەوتوو بن و لەگەڵ ژیان و دۆخی خۆیان هەڵسەنگاندنی بۆ بکەن. پرسیار لایان دروست بێت و بە دوای وەڵامەکانیاندا بگەڕێن. ئەوە و زۆر هۆکاری دیکەی نەرێنی ڕێژیمیان کە بە کردەوە هەست پێکردوە، وای لێکردوون و بەو ئاکامە گەیشتوون کە بۆ گەیشتن بە وەڵامی پرسیار و ئارەزووەکانیان دەنگ هەڵبڕن و ئێستا دەبینین چاو نەترسانە لەسەر شەقامەکانن و خەریکی شۆڕش و بەهیوای سیستم گۆڕینن.

## ئاستەنگ و لەمپەرەکان

ئاستەنگ و لەمپەرەکان یەکجار زۆرن و دوولایەنەشن، چ لەلایەن دەسەڵاتدارەوە و چ لە لایەن هاووڵاتیان. لەبەر دووریم لە شۆڕشی نێوخۆ (نیشتیمان) زۆر ئاگاداری هەموو ئاستەنگ و لەمپەرەکانی نێوخۆ نیم. بەڵام بەگشتی ئەوەندەی لە ڕێگای

تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان، خوێندنەوەکان و پەیوەندیەکی سنووردار لەگەڵ نێوخۆ ئاگادارم، وێڕای ئاماژەدان بەو کۆسپانە، بەکورتی باسی هەوڵەکانی دەرەوەش دەکەم.

گۆڕانکاریی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، رووناکبیری، زانست و زانیاری، پەروەردە و تەنانەت هونەر و تەکنولۆژیش کاریکی قورس و کاتخوازە، بەتایبەت لە وڵاتە توتالیتارەکاندا. من پێم وایە بۆ ئاسانکاری و زووتر گەیشتن بەو گۆڕانکاریانە پێویستە: بەهێزتربوونی پشتیوانیی شارەکان لە یەکتر، بەڕێکخراوتربوونی خەڵکی نێوخۆ، نەترستر بوون، بەسیاسیکردنی دروشمەکان، بەردەوامبوونیان، چۆکدانەدان لە بەرانبەر زۆری و زەختی مۆرە بەکرێگیراوەکانی ڕێژیم، هەموو ئەوانە کاریگەری ئەرێنی دەبێت بۆ ئەو گۆڕانکاریانە.

هەر وەک پێشتریش ئاماژەم پێدا هەر خودی ئەو سیستمە یەکێک لە بەربەستە گەورەکانە لەبەر ئەوەی خاوەنی هیچ ئەخلاق و مرۆڤایەتیەک نییە و لە هەموو کەرەسەیەک کەڵک وەردەگرێت بۆ توندوتیژی و سەرکوتکردن. بەڵام ئەوەی جێگای دڵخۆشی و هیوابەخشە ئەوەیە کە هێزی گەل بەهێزترە لە هێزی داگیرکەر. نەترسی و باوەڕبەخۆبوونی دایکان و باوکان و نزیکانی گیان بەخت کردووەکان، بریندارەکان، زیندانییەکان و زۆربەی خەڵک ئەوەمان پێ دەڵێت.

ئینتێرنێت یەکێک لەو کەرەسە گرینگانەیە بۆ پەیوەندی نێوان تاک و گروپەکانی کۆمەڵگە چ لەگەڵ خەڵکی ناوچەکە و شارەکانی دیکە و چ لەگەڵ تاراوگە و وڵاتانی دەرەوە بە تایبەت لە ئێستادا. هەر بۆیە ڕێژیم هەوڵی داوە و دەدات هەتا بۆی بکرێت ڕێگری لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بکات و هەموو کەرەسەیەک کە پەیوەندی بە ئینتێرنێتەوە هەیە کۆنترۆڵ و سنووردار بکات. تەنانەت وەک گەڵاڵەیەکی پاراستنی وڵات لە هەوڵدایە ئینتێرنێتی وڵات بکات بە ئینتێرانێت (پەیوەندییەکان نەک هەر تەنیا لە نێوخۆیی ئێراندا دەبێت بەڵکوو سنووردار و تەواو لەژێر کۆنترۆڵی ڕێژیمدا دەبێت). بەخۆشییەوە چالاکانی دەرەوەی وڵات لە ڕێگای پێوەندییەکانیانەوە توانیویانە سەرنجی ئورووپایی و ئەمریکییەکان ڕابکێشن بۆ دۆزینەوەی ڕێگا چارەی ئینتێرنێت بۆ خەڵکی نێوخۆ. لەو ڕاستایەدا ئەمریکا و ئورووپا بەو ئاکامە گەیشتوون کە هاوکاری خەڵک بکەن بۆ نەمانی ئەو کۆسپە. هەر بۆیە گروپێکی کارایان پێک هێناوە و هەموو وردەکارییەکانیان دەست نیشان کردوە هەم لە ئاستی ناوەوەو هەم دەرەوە.

بە کارهێنانی توندوتیژی، زیندان، ئەشکەنجە و کوشتن بە مەبەستی ترساندن، هەڕەشە و تۆقاندنی خەڵک بۆ ئەوەی واز لە خۆپێشاندان بێنن. بەداخەوە هاووڵاتیانێکی زۆر بە شێوازی جۆراوجۆر بوونە و دەبنە قوربانی. بەڵام دایکان، باوکان و لاوان بەهۆی هەڵوێستەکانیان لەبەرابەر ئەو توندوتیژییانەدا، ڕێژیمی بەچۆک داهێناوە و کاریگەرییە نەرێنییەکانی ئەو

گرفتەی زۆر لاواز کردووە.

**تاراوەگەشدا**: هەر بەهۆی ئەو توندوتیژییانەی ڕێژیم، ئەنجومەنی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان ستاڤێکی دەستنیشان کردوە بۆ لێکۆڵینەوە لە پێشێلکارییە ئاشکراکانی مافی مرۆڤ لە سەرکوتکردنی خۆپیشاندەرانی ئێران. هەروەها چەندین سزایان خستۆتە سەر بەرپرسانی ئێرانی و ئێرانیشیان لە کۆمیسیۆنی پێگەی ژنانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان دەرکرد. لەوانەشە لە داهاتوویەکی نزیکدا سزای زیاتریش بەسەر ڕێژیمدا بەسەپێنن. هەربۆیە بە دڵنیاییەوە دەتوانم بڵێم ئێران لە سەروبەندی گۆڕانکارییەکی گەورەدایە و بەهیچ شێوەیەک ناتوانێت بگەڕێتەوە بۆ ڕۆژانی بەر لە سەرهەڵدانی شۆڕشی ژینا.
بە پێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی ڕوونکاری نێونەتەوەیی، ئێران لە بواری گەندەڵی و قەیرانی ئابوورییەوە لە پلەی بەرزدایە. هەر بۆیە بارودۆخی ئابووری و گوزەرانی سەختی ژیانی زۆربەی خەڵک دەتوانێت تا ڕادەیەکی زۆر کاریگەری لەسەر ئەو شۆڕشە هەبێت یان وەک بەربەستێک بێتە ئەژمار کە خەڵک ماندوو بکات. بە خۆشییەوە چالاکانی دەرەوە لە هەوڵی دۆزینەوەی ڕێگا چارەیەکن بۆ ئەو بەشە. هەوڵی دانانی سندوقێکن بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو زیانانەی کە بە هۆی خۆپێشاندانەکان وەبەر هاوڵاتیان دەکەوێ. ئەگەر حیزبەکان لەگەڵ کەسایەتییە سەربەخۆکان حکومەتێکی کاتی پێک بهێنن، ئەو گیروگرفتە لە ڕێگای دیپلۆماسیی ئەوانەوە دەتوانێ بە ئاسانی جێبەجێ بکرێ.

نەبوونی ڕێکخراو یان پەیوەندییەکی پتەو لەنێوان جیلەکانی ئێستا و ڕابردوو و نەتەوەکانی ئێراندا دەتوانێ کۆسپێک بێ. بەداخەوە لەوانەشە ئەوە هۆیەک بێ کە خۆپێشاندانەکان گشتگیر نەبێ و دەبێ کاری زیاتری بۆ بکرێت بۆ ئەوەی تێگەیشتنی لایەنەکان بە ئاستێکی بەرز بگات.

زۆربەی خەڵک بە فکر و ئەندیشە لەگەڵ شۆڕشی ژینان، بەڵام لە کردەوەدا خەڵکێکی بەر چاو لە فارس و تورک لە گەڵ شۆڕش نەکەوتوون. ئەوەش دەزانین کە لە هیچ شۆڕشێک لە سەرەتادا هەموو خەڵک بەشدار و چالاک نابن بەڵام لە کۆتاییدا زۆربەی خەڵک لەگەڵیدا هاودەنگ دەبن و سەردەکەوێ.

دەتوانین ئەو گروپە بە ٣ دەستە دابەش بکەیین:

١- گروپێکی بەرچاو بەکۆیلە کراوان یان ترسەنۆکن یان داهاتووی ڕوونیان لە پێش چاو نییە لە دوای ڕووخانی ڕێژیم. ئەو گرووپە کە ترسیان شکا هەتمەن لەگەڵ شۆڕش دەکەون. من پێم وایە ئەوەش بە هەبوونی ئەڵترناتیوێکی بەهێز بۆ جێگرەوەی ئەو ڕێژیمە و بەردەوام بوونی خۆپێشاندانەکان ترسیان دەشکێت و لەگەڵ شۆڕش دەکەون.

٢- گرووپێکی کەم لەسەر ئیدئولوژیی سەر بە ڕێژیمن و بەتەواوی هێزی خۆیان پشتیوانی لە ڕێژیم دەکەن. هەر وەک دەستەی یەکەم ئەو گرووپە بە بەردەوامبوونی خۆپێشاندانەکان و بوونی ئەڵتەرناتیوێکی بەهێز بۆ جێگرەوەی ئەو ڕێژیمە ئیرادە و هیوا و باوەڕیان لاواز دەبێ و دەبێتە هۆی لێکترازان و هەڵاتنیان.

٣- توێژی دەوڵەمەند یان پوڵداری بەرژەوەندیخواز. ئەوانە کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لەسەر ئابووری ڕێژیم هەیە. زۆربەیان لەلایەن ڕێژیم هاریکاری دەکرێن و بەشێوەیەک لە شێوەکان لە گەندەڵییەکان گەلاون و دەستیان لەگەڵ مافیاکان تێکەڵ کردوە. ئەگەر ئەو توێژە واز لە دەسەڵات بێنێت و بە کێشانەوەی پۆڵەکانیان لە بانکەکان و وەستاندنی جومگەکانی بەرهەمهێنان، ئەوە دەتوانن گورزێکی جەرگبڕ لە ڕێژیم بدەن. هەر وەک دەستەی یەکەم پێم وایە حکومەتێکی بنکە فراوانی کاتی لە تاراوگە و بەردەوامبوونی خۆپێشاندانەکان کاریگەری ئەرێنی لەسەر ئەو چینەدا دەبێ. ئەو توێژە پێویستی بە ئاسایش ژینگەی تایبەت بەخۆیی هەییە بۆ گەشەکردنی سەرمایەکەی. ئەگەر ئەو ئاسایەشەی لێ بشێوێ ئەوە ناچار دەبێ سەرمایەکەی بەوەستێنێ یان بۆ شوێنێک ڕابگوێزێت کە ئەو ئاسایشەی تێدا بەدی دەکرێت.

هەبوونی پەیوەندیەکی لاواز لە نێوان ڕاسانی شار و شاخ و تاراوگە. دەبێ کار بکرێت بۆ گرێدانی ئەو سێ ڕاسانە پێکەوە بەشێوەیەکی چڕوپڕ. دەبێ هەرسێک پێکەوە لە یەک ڕەهەند و لە ڕاستای سەرکەوتنی شۆڕشی ژینا و دەستکەوتنی مافە نەتەوەیەکانی کورددا چالاکیان هەبێت. بەخۆشیەوە ئەوەندەی من ئاگادارم تا ڕادەیەکی باش چالاکانی تاراوگە بوونەتە دەنگ و ڕەنگی خەڵکەکەیان لە نێوخۆی وڵات و ئاکام و دەستکەوتی باشیشی هەبووە و دەبێ باشتریش بکرێت. بەڵام من پێم وایە ڕاسانی شاخ بەو شێوەیەی پێویستە بە پیری ڕاسانی شار نەچووە. من ناڵێم شان بە شانی خۆپێشاندەران شەڕی چەکداری بکرێ لەبەر ئەوەی ئەوە بە سیاسەتێکی خۆکوژی دەزانم. من پێم وایە دەتوانن زۆر کاری دیکە لە لاوە بکەن کە کاریگەری ئەرێنی ڕاستەوخۆی لەسەر خەڵکدا دەبێ. لە لایەک خەڵک هەست بە پشتیوانی دەکەن و دەبێتە بەرزبوونەوەی وەریان و لە هەمان کاتدا دەبێتە دابەزینی وەرەی دوژمن.

نەبوونی ئالترناتیڤێکی بەهێز لە بەرانبەر ئەو ڕێژیمە فاشیستە. هەربۆیە هەبوونی ئۆپۆزیسیۆنێکی بنکەفرەوانی ئێرانی زۆر پێویستە هەم بۆ کاری دیپلۆماتی لە ئاستی نێونەتەوەی و ناوچەدا و هەم ڕوو بە ناوخۆ. ئەو پێکهاتە دەتوانێ کاریگەری ئەرێنی هەبێ کە لە سەرەوە ئاماژەم پێدا بۆ هەموو ئەو توێژانەی کە هەتا ئێستا بە کەمی لەگەڵ خۆپێشاندانەکان کەوتوون و هەروەها هەڵوەرینی لایەنگران و دارمانی سیستیمی ولایەتی فەقی.

ئاستەنگ و لەمپەری دیکەش هەن و من پێم وایە کار کردن لەسەر ئەوانە دەتوانێت کاریگەری ئەرێنی زۆری هەبێت بۆ سەرکەوتنی ئەو شۆڕشە.

## کۆتا قسە

**ڕوو بە دەرەوە**: بەپێی شیکارییەک بۆ دۆخی ئێستای ئێران و کوردستانی ڕۆژهەڵات دەتوانم بڵێم: «جیهان لە ئاستێکدا وەستاوە کە هۆکاری شۆڕش و ڕزگاری نەتەوەیی گەلانی ئێران تەنیا خواست و ئاسۆیەک نییە بۆ داهاتوو، بەڵکوو گرفتێکە کە دەبێ چارەسەربکرێت.» بە خۆشیەوە من پێم وایە لە دەرەوە ئاسۆ ڕوونە و پشتیوانیی باش لەو شۆڕشە کراوە و دەکرێت. ڕێژیمی ئێران لەبواری دیپلۆماسیدا داڕماوە و نەک هەر جێگای باوەڕ نییە بەڵکوو زۆریش بێنرخ و لە پەراوێز خراوە.

**ڕوو بە نێوخۆ**: لەبەرانبەر هەموو ئەو توندوتیژییەی ڕێژیمە سەرەڕۆیەکەی ئێراندا، جیلێک بە ئیرادەیەکی پۆڵاینەوە وەستاوە. ئیرادە بۆ تێکۆشانێکی مەبەستدار، بۆ گەیشتن بە ماف و ئازادییەکان، بۆ نەهێشتنی دیکتاتۆر و بۆ هەڵبژاردنی ژیانێکی سەربەستانە لە ژێر دروشمی ژن، ژیان، ئازادیدا.

**ڕوو بە هێزە سیاسییەکان**: هێزە سیاسییەکان دەبێ بەو پەڕی بوێرییەوە و بە تەواوییەوە، پارێزگاری لە مافەکانی گەلی کورد بکەن. لەبەر ئەوەی گەلی کورد لە ئێراندا پاڵپشتی هێزەکانی خۆیەتی و پشتیوانیان لێ دەکەن. چ لە ئێستادا و چ لە داهاتوودا دەبێ جێ پەنجەیان دیار بێت، بە تیۆری و بەکردەوە لە گۆڕەپانی خەباتدا بن.

بۆ سەرکەوتنی ئەو شۆڕشە و ڕووخاندنی ئەو دەسەڵاتە توندئاژۆییەی ئێران، پێویستە وەک ئەرکێک بەردەوام لە گۆڕەپانەکانی ڕاپەڕین دابین. هەر سێ ڕاسانی شار و شاخ و تاراوگە بەردەوام لە جووڵە دابن و چالاکیەکانیان چڕتر و پتەوتر بکەنەوە. گومان لەوەدا نییە ئەم شۆڕشە سەردەکەوێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢٢ی ڕێبەندانی ١٤٠١ی هەتاوی = ١١ی فێبریوێری ٢٠٢٣

# جووڵانەوەی مافخوازانەی گەلی کورد و کاریگەریی لەسەر ڕاپەرینی ژینا



عومەر باڵەکی

زیاتر لە سەد ڕۆژە شەقامەکانی ئێران بوونەتە گۆڕەپانی ململانێی خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێران لە دەسەڵاتی ئاخوندی لەلایەک و لەلایەکی دیکەوە هێزی سەرکوتگەری کۆک وپۆشتەی ڕێژیم کە لە بەرانبەر دەستی بەتاڵی خەڵک دەست لە هیچ جینایەتێک ناپارێزن.

لەو ماوەیەدا گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هاوشان لەگەڵ گەلانی دیکەی ئێران لەو نارەزایەتییانەدا بەشداریی چالاکانەی هەبووە، بە چەشنێک کە دوور لە چاوەڕوانی دەسەڵاتدارانی تاران بووە. چونکە دەسەڵاتدارانی تاران لە ماوەی ٤٣ ساڵی ڕابردوودا بە هەموو ئیمکاناتی نیزامی، سیاسیی، ئابووری و فەرهەنگی هەوڵیان داوە گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەچۆک دابێنن و لە ویست و داخوازییەکانیان پاشگەزیان بکەنەوە و کەلین و درز باوێنە نێوان گەلی کورد و حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. بەڵام دیتمان دوای ئەوەی لە ڕۆژی ٢٥ی خەرمانان پۆلیسی بەناو ئەخلاقی کۆماری ئیسلامی بەناحەق کچە کوردی شاری سەقز، ژینا ئەمینییان لە تاران شەهید کرد و بەدوای بانگەوازی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بۆ مانگرتنی گشتی و داخستنی دوکان و بازار، کوردستان تێکڕا وەڵامی ئەو بانگەوازەی دایەوە.

کوردستان کە ماوەی ٤٣ ساڵە بە هەموو شێوازەکانی خەبات دژ بە سیاسەتەکانی نیزامی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە خەبات و بەربەرەکانیدا بووە و لەو ماوە دورودرێژەدا بە ڕووبار خوینی لە بەر ڕۆیشتووە، کەچی بۆ چرکەساتیکیش سیاسەتی سەرکوتکارانی ڕێژیم نەیتوانیوە گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە خەبات بۆ وەدەستخستنی مافەکانی سارد بکاتەوە. بۆیە لەو هەلومەرجەشدا چاوەڕوانکراو بوو کە خەڵکی کوردستان وەک ساڵانی پێشوو بەدەم بانگەوازی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێرانەوە بین و ئەو بەدەم بانگەوازهاتنە کە بۆ دەربرینی ناڕەزایەتی بە شەهیدکرانی ژینا ئەمینی بوو، سەرەتای ڕاپەرینێکی جەماوەریی بەربەرین بوو لەژێر دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" کە لە ماوەیەکی زەمەنیی کورتدا بە پێی ئامارەکان زیاتر لە ١٦٠ شار و شارۆچکەی ئێرانی گرتەوەهەر زوو دەنگی ئەو ڕاپەڕینە جەماوەرییە سنوورەکانی ئێرانی بڕی و دەنگی ناڕەزایەتیی گەلانی ئێران بە گوێی گەلانی دیکەی جیهان گەیشت و شەپۆلێکی بەربەرین لە هەست و سۆز و پشتیوانیی کۆمەڵگەی جیهانی لە خەڵکی ڕاپەریوی ئێران دروست بوو، و پێ بە پێی چوونە پێشی ناڕەزایەتییەکان سەرکوتی بێبەزەییانەی هێزە نیزامییەکانی ڕێژیم توندوتوندتر دەبوو و ئەوە بیجگە لە بەرحەقبوونی داواکاریی خەڵکی نارازیی سەرشەقام ئەو توندوتیژییانەی هێزەکانی ڕێژیم هۆکارێکی گرینگ بوون کە نیزامی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە کۆمەڵگەی جیهانیدا زیاتر لە جاران تەریک بکەوێتەوە و خەڵکی نارازی سوورتر بکا بۆ مانەوەیان لەسەر شەقامەکان و دەربرینی ناڕەزایەتی.

ڕەوتی ڕووداوەکان بە ڕادەیەک خیرا بوو کە دەسەڵاتدارانی تارانی بۆ ماوەیەک تاساند، چونکە قەت لە باوەڕیاندا نەبوو کە ڕووداویکی وەک شەهیدکردنی کچە کوردێک لە تاران ببێتە سەرەتای ڕاپەڕینێکی جەماوەریی بەربەرین کە سەرانسەری خاکی ئێران بگرێتەوە و پایەکانی دەسەڵاتداریەتی ئەو نیزامە وەلەرزە بخا.

دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی پێیان وابوو وەک ڕووداوەکانی ساڵی ڕابردوو لە ماوەی چەند ڕۆژ یا حەوتوودا بە هۆی دەستێوەردانی هێزە نیزامی و ئینتزامییەکانەوە دەتوانن ئەو ناڕەزایەتییانە کپ دەکرێنەوە و خەڵکی نارازی شەقامەکان چۆڵ دەکەن و دەگەڕێنەوە ماڵەکانی خۆیان و دنیای دەرەوەش لە بەر ساتوسەودای ئابووری و بەرژەوەندییەکانیان چاوپۆشی لە سەرکوتی خەڵک دەکەن. بەڵام ڕەوتی ڕووداوەکان و درێژەکیشانی ناڕەزایەتییەکان و مانەوەی خەڵک لەسەر شەقامەکان و هاتنەئارای دروشمە پێکهاتەشکێنەکان کە بنەما و بنچینەکانی نیزامی کۆماری ئیسلامی کردبووە ئامانج و نیشانە، پێچەوانەی ئەو بۆچوونەی دەسەڵاتدارنی ڕێژیمی سەلماند. چونکە ڕق و بیزاریی پەنگخواردووی گەلانی ئێران لە ماوەی ٤٣ ساڵی ڕابردوو بە چەشنیک بوو کە تەنیا پێویستی بە ڕووداویک بوو کە بە ڕووی دەسەڵاتدارانی تاراندا بتەقێتەوە. بە واتایەکی دیکە تەقینەوەی ئەوجارەی گەلانی ئێران بە ڕووی نیزامی کۆماری ئیسلامیدا کە ڕوخساری ڕاپەڕینێکی بەربەرین و هەمەلایەنەی بە خۆیەوە گرتووە، بەرهەمی کۆمەڵێک سیاسەتە کە سەرچاوەگرتووە لە بنەماکانی نیزامی کۆماری

ئیسلامییە. وەک ڕەچاونەکردنی مافی نەتەوایەتیی گەلانی ئێران، بەرتەسککردنەوەی بازنەی دەسەڵات لە تاقمێکی دیاریکراودا، هەوڵدان بۆ کۆمەڵگەیەکی یەکدەستی فەرهەنگی و تواندنەوەی هەموو فەرهەنگ و کولتوورەکان لە فەرهەنگ و کولتووری دەسەڵات، سیاسەتی دەرەکیی دوژمنساز و تەریککەوتنەوەی ئێران لە کۆمەڵگەی جیهانی، دەستێوەردان لە کاروباری وڵاتان (هەناردەکردنی شۆرش) و...، ئاکامی هەموو ئەو سیاسەتە چەوت و هەڵانە لە نێوخۆی ئێران ڕەنگی داوەتەوە و کۆمەڵگەیەکی هەژار لە بواری ئابووری و تینوو بە ئازادیی بەرهەم هێناوە، بۆیە ڕووداویکی وەک شەهیدبوونی "ژینا ئەمینی" توانی ببێتە چەغماخەی ڕاپەرینێکی سەرانسەری لە ئێراندا.

کاتێک دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی ئێران کەوتنە خۆ بۆ ئەوە پێش بەو ڕاپەرینە بەربەرینە بگرن، بە جیگای ئەوە داوای لێبوردن لە خەڵک بکەن و هەوڵ بدەن بکەرانی شەهیدکردنی ژینا ئەمینی بدەنە دادگایەکی دادپەروەر بۆ دەرخستنی ڕاستییەکان، وەک سیاسەتی هەمیشەییان دەستیان بۆ کەرەسەی سەرکوت برد و هێزە نیزامییەکانی خۆیان ڕژاندە سەر شەقامەکان و بێسڵەمینەوە دەستیان لە هیچ جینایەتێک نەپاراست؛ بە چەشنێک هەتا ئێستا بەپێی ئامارە زانراوەکان زیاتر لە پینجسەد کەس لە گەنج و لاوی ئێران و کوردستانیان لە شەقامەکان شەهید کردووە و زیاتر لە چەند هەزار کەس بریندار بوون و بە هەزارانیش دەستبەسەر و ڕاپێچی زیندانەکان کراون. هەر بۆ ئەوەی دەسەڵاتدارانی تاران بیسەلمێنن کە ژینا ئەمینی یان نەکوشتووە! لە هەمان کاتدا لە ماوەی ئەو سەد ڕۆژە ڕاپەریندا شیوازی سەرکوت و بەرەنگاری هێزەکانی دەسەڵات لەگەڵ خۆپێشاندەران لە کوردستان و بەلووچستان زۆر جیاوازتر بووە لەگەڵ شوێنەکانی دیکەی ئێران، ئامارەی شەهید و بریندار و دەستبەسەرکراوەکان لەو دوو ناوچەیە ئەو ڕاستییە دەردەخەن کە سەرکوت لە کوردستان و بەلووچستان زۆر بێبەزەییانە و دوور لە هەموو پرنسیپێکی ئینسانی و حکومەتداری بووە.

سەرکوت و زەبروزەنگ نواندنی دەسەڵاتدارانی تاران لە کوردستان شتێکی نوێ نییە و چونکە هەر لە سەرەتای بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات لە ئێران، ڕێبەری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی (خومەینی) فتوای جیهادی بە دژی گەلی کورد دەرکرد و شەڕێکی نەخوازراو و نابەرابەریان بە سەر گەلی کورددا سەپاند کە بەداخەوە هەتا ئێستاش ئەو شەڕە لە وێناوشکلی جیاوازدا درێژەی هەیە و ماوەی ئەو ٤٣ ساڵەی حوکمرانیی ئەو نیزامە سیاسییە، کوردستان بە چاوی ئەمنییەتییەوە سەیری کراوە. بەڵام بەپێچەوانەی ویستی ڕێژیم گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ماوەی ٤٣ ساڵی ڕابردوودا تەحەمولی هەموو سەرکوت و ئەزیەت و ئازارێکی کردووە و لە خەبات بۆ وەدەستخستنی مافەکانی هیچ جۆرە پاشەکشەیەکی نەکردووە و ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕاستییە کە گەلی کورد خاوەنی حیزبی ڕەسەن و بەئەزموونە بەو مانایە کە ویست و داخوازیەکانیان لە چوارچێوەی بەرنامەی حیزبەکاندا ڕێک خستووە و بە چەشنێک کە لە بواری سازماندەیی و ڕێکخستنەوە جیاوازییان لەگەڵ ناوچەکانی دیکەی ئێران هەیە، بۆیە دەسەڵاتدارانی تاران لەگەڵ ئەودا کە ماوەی ٤٣ ساڵە لە

دەزگاکانی تەبلیغی و ڕاگەیاندنەکانی خۆیاندا بە گوێی گەلانی ئێراندا دەچرپێنن کە توانیویانە حیزبەکانی کوردستان سەرکوت و لە مەیدان بەدەریان بکەن، بەڵام کردەوەکانی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی درحەق بە حیزبەکانی کوردستان ئەو ڕاستییە دەردەخەن کە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ماوەی ٤٣ ساڵی ڕابردوودا سەرەڕای دژواربوونی مەیدانی خەبات هەروا بە گوڕوتین لە مەیدانی خەباتی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان بە دژی نیزامی کۆماری ئیسلامی‌دان. بۆیە دەسەڵاتدارانی نیزام و بەتایبەتی فەرماندەرانی سپای پاسداران ئەو جاریش هەروەک جارەکانی دیکە بە بیانووی پروپوچی وەک بەشداریی هێزی پێشمەرگە لە ناڕەزایەتیەکانی خەڵکی کوردستان و بوونی بنکەی ئەمریکا و ئیسرائیل لەنێو بنکەوبارەگاکانی حیزبەکان، لە پێشنیوەڕۆی ٦ی ڕەزبەر، واتا تەنیا ٨ ڕۆژ دوای دەستپێکردنی ڕاپەرینی جەماوەریی خەڵکی کوردستان و ئێران سپای پاسداران بە دەیان مووشک و درۆنی خۆکوژ بنکەوشوێنی نیشتەجێبوونی بنەماڵەی کادر و پێشمەرگەی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی نیشتەجی لە باشووری کوردستان کردە ئامانج؛ بەو خەیاڵە کە بە سەرکوتی دڕندانەی خەڵکی کوردستان لەسەر شەقامەکان و مووشەکبارانکردنی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەتوانن پاشەکشە بە خەڵک و حیزبەکان و لە مەیدان بەدەریان بکەن و لە هەمان کاتدا پەیام بدەن بە گەلانی دیکەی ئێران کە نەکەن هاودەنگی کوردستان بن ئەوە کورد خەریکە تەواویەتی ئەرزی ئێران دەخاتە مەترسییەوە بۆیە هێزی نیزامی سپای پاسداران ئاوا خیرا دژ کردەوەی لە خۆی نیشان داوە و لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران ناوەندی کۆکردنەوە و سازماندەهی ئەو مەترسییە گەورەی لەسەر ئێران بە مووشک و درۆنی مووشکهاوێژ و خۆتەقێن کردۆتە ئامانج. پاساویکی بێبنەما بۆ سەرکوتی جووڵانەوەی مافخوازانەی گەلی کورد کە ماوەی ٤٣ ساڵە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی دەرخواردی کۆمەڵگەی ئێرانی دەدەن. ئەگەر لە سەردەمانێکدا بە هۆکاری جۆراوجۆر و جیاواز بێجگە لە کوردستان، بەشەکانی دیکەی ئێران بە چاوی گومانەوە دەیانڕوانییە جووڵانەوەی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان و لە بەرانبەر ئەو زوڵم و ناحەقیانەی لە گەلی کورد دەکرا و بە جۆرێک لە جۆرەکان بێدەنگییان هەڵبژاردبوو، بەڵام ئەو جارەیان لە دوای شەهیدبوونی ژینا ئەمینی، بە پێچەوانەی ڕابردوو کوردستان بوو بە پێشەنگی خەبات بەدژی دەسەڵاتدارانی ئێران و شوعاری ژن،ژیان،ئازادی بوو بە شوعاری سەرەکی هەموو ناڕەزایەتییەکانی سەرانسەری ئێران. بەو مانایە ئەو جار کوردستان بەتەنیا نەبوو، ئەوە نیشانەی ئەوە بوو کە خۆڕاگریی خەڵک و حیزبەکانی کوردستان لە ماوەی ئەو ٤٣ ساڵەدا لە بەرانبەر سیاسەتی هەڵە و چەوتەکانی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی ئەو حەقانییەتەی بە خەڵکی کوردستان داوە کە گەلانی دیکەی ئێران هەست بە ڕەوابوونی داواکارییەکانی گەلی کورد بکەن و بە پێچەوانەی چاوەڕوانی دەسەڵاتدارانی نیزام کوردستان بوو بە "چشم و چراغ ایران" و لە ماوەی زەمەنیی خۆپێشاندانەکاندا ئەو دروشمە بە هەزاران جار لەسەر زاری خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێران لە شوێنە جیاوازەکانی ئێران دووپات بووە.

بە دەنگەوە هاتنی خەڵکی کوردستان بە بانگەوازەکانی ناوەندی هاوکاری لە ماوەی ئەو سەد ڕۆژەدا و بەشداری و

پشتیوانیی گەلانی دیکەی ئێران لە ڕاپەڕینی "ژینا" و گشتگیربوونی دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" سەلمێنەری ئەو ڕاستییە بوون کە نیزامی کۆماری ئیسلامی لە تەواویەتیی خۆیدا تووشی شکان و داڕمان بووە و گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەروا پشتیوان و پشتگیری حیزبەکانی کوردستانن و حیزبەکان بە ئاڵاهەڵگری خەباتی نەتەوایەتی و مافخوازانەی خۆیان دەزانن.

سیاسەت و هەڵسوکەوتەکانی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی ٤٣ ساڵی ڕابردوودا نەیتوانیووە لە کوردستان جیگەوپێگەیەک بۆ ئەو نیزامە دەستەبەر بکا و خەڵک و حیزبە سیاسییەکانی گۆڕەپانی خەبات لێک داببڕێ. بەو مانایە کە ڕووداوەکانی ئەو سێ مانگە سەلمێنەری ئەوە بوون کە ئامانجی حیزب و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان جیا نین لە ویست و داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان. بۆیە دەتوانین بڵێین کە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لە بەربەرەکانی لەگەڵ خەباتی مافخوازانەی گەلی کورد دوای ٤٣ ساڵ هێشتا لە خاڵی سفر دان و نەیانتوانیوە هیچ سەرکەوتنێک بۆ ئامانجەکانی خۆیان چ لە بواری سیاسیی وچ لە بواری ئەمنییەتییەوە لە کوردستان دەستەبەر بکەن.

**پوختەی مەبەست:**

ڕاپەڕینی "ژینا" ڕوخساری ڕاستەقینەی داپۆشراوی نیزامی کۆماری ئیسلامی کە وا وێنا دەکرا کە سیستمێکی سیاسیی سەقامگیرە و گەلانی ئێران پشتیوان و پشتگیریی دەکەن بەتەواوی دەرخست، لە ماوەی ئەو سەد ڕۆژەدا کە لە مێژووی ئێراندا بە شۆڕشی ژینا دەنوسرێتەوە، سەلماندی کە سیستمی سیاسیی مەزهەبیی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە سەردەمی ئێستادا ناتوانی وەڵامدەری ویست و داخوازی و نیازەکانی کۆمەڵگەی ئێران بێ و لە هەمان کاتدا ئەو ڕاپەڕینە جەماوەرییە لە ماوەی ئەو سەد ڕۆژەدا ئاڵوگۆڕێکی ئەوەندە بەربەرینی لە پێوەندییە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکان لەنێو کۆمەڵگەی ئێران پێک هێناوە کە ڕەنگە لە هەلومەرجی ئاساییدا بە چەندین ساڵی پێویست بوایە کە ئەو هاوپێوەندییە لە گوتار و کرداری گەلانی ئێراندا پێک بێ، کە ئەوە دەسکەوتێکی گەورەیە بۆ کۆمەڵگەیەکی ناڕازی لە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی. لە هەمان کاتدا ڕاپەڕینی "ژینا" بە هۆی بەردەوامی و هاوپێوەندییەکی سەرانسەری لەنێو گەلانی ئێران لە ماوەی سەد ڕۆژی ڕابردوودا توانی سەنگ و قورسایی خۆی بە کۆمەڵگەی جیهانی نیشان بدا و هەتا ڕادەیەکی بەربەرین توانیویەتی پشتیوانی وپشتگیریی کۆمەڵگەی جیهانی و نێودەوڵەتی بۆخۆی دەستەبەر بکا.


ڕاپەڕینی ئەو جاری گەلانی ئێران بەدژی نیزامی دەسەڵاتداری تاران بە تێپەڕبوون لە ماوەی زەمەنی سەد ڕۆژە، پێی ناوەتە قۆناخێکی دیکەی خەبات و ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ لە نێوخۆی ئێران و دەرەوەی سنوورەکانی ئێران پشتگیری و پشتیوانی

زیاتر دەبێ و نیزامی کۆماری ئیسلامی ئێران تەریک و تەریکتر دەبێتەوە و دەبێ لە بیرمان بێ مێژوو سەلماندوویەتی کە زەبروزەنگ و توندوتیژی دەسەڵاتداران بەدژی خەڵکی نارازی لە دەسەڵات لە کۆتاییدا هەر بە ڕووی دەسەڵاتداراندا دەشکێتەوە و سەرکەوتن بۆ بەرەی خەڵکە.

ئەم وتارە لە کتێبی "سەد ڕۆژەی شۆڕشی ژینا"، چاپ و بڵاوکردنەوەی ناوەندی ڕاگەیاندنی حیزبدا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢٢ی ڕێبەندانی ١٤٠١ی هەتاوی = ١١ی فێبریوێری ٢٠٢٣

# پەیوەندیی نێوان دیموکڕاسی و مافی نەتەوەیی



**مستەفا شڵماشی**

**پوختەی باسێکم لە کلابهاوز ڕۆژی شەممە سەبارەت بە پەیوەندیی نێوان دیموکڕاسی و مافی نەتەوەیی، لە ژووری ناوەندی نەتەوەیی**

## داخۆ دیموکڕاسی چارەسەری کێشەی نەتەوایەتی دەکات؟

پێشەکی سڵاو دەنێرم دەنێرم بۆ ڕووحی پاکی ئەو قوربانیانەی کە لە بومەلەرزەماڵوێرانکەرەکەی باکور و ڕۆژئاوای کوردستان وتورکیە و سوریە بونە قوربانی تووڕەیی سرووشت و هیوادارم بریندارەکان بە زوویی چاک بنەوە.

ڕاستیەکەی ئەو تۆپیکە باسێکی زۆر بەربڵاو بە هێنانەوەی فاکتی مێژوویی، هەڵسەنگاندنی دوو تێرمی سیاسی واتە:

دێموکڕاسی و مافی دیاریکردنی چارەنووس دەکرێ بە تەواوی مافی خۆی پێ بدرێ وهەڵسەنگێنرێ. بەڵام لە دەرفەتێکی وەک ئەم ژوورەش دا باسکردنی بە کەڵکە. هەر دێموکڕاسی بۆخۆی زۆر قسەی لەسەرە و لە ڕوانگەی بەرژەوەندییەکانی هەر وڵات و هەر گروە و دەوڵەتێک دا پێناسەی جیاوازی پێ دەدرێ و بە گوێرەی قازانجەکانی ئەوان لێک دەدرێتەوە. تەنانەت

لە گەڵ سیستمی ئیداری جۆراوجۆریش دا لێک دەدرێ، یا دەگونجێنرێ. هەر لە دنیای مۆدێرن دا ئەگەر چاو لە سیستمەکان بکەین کە لەسەر بنەمای دێووکراسی دامەزراون، دەبینین کە سیستمی پاشایەتی مەشرووتە، سیستمی کۆماری، سیستمی فیدراڵی، سیستمی کۆنفیدراڵی و سیستمی کانتۆنی تێدایە.

دیارە دێموکراسی ئەگەر بە شێوە زانستیەکەی لێک بدرێتەوە، دەتوانێ یارمەتیدەر بێ بۆ جێ بەجێ کردنی مافی دیاریکردنی چارەنووس. واتە ئەگەر دێموکراسیەکە بە شێوەیەکی زانستی لە وڵاتەکە دا قەبوڵ کرابێ و هەمو بەشەکانی دێموکراسی وەک، مافی مرۆڤ، مافی گرووهی، مافی دیاریکردنی چارەنوس، مافی پێکهێنانی ڕیفراندۆم و مافی یەکسانی هەموو کەسەکان و گرووهەکانی تێدا سەلمێنرابێ، یارمەتیدەرێکی گرنگە بۆ جێ بەجێ کردنی مافی دیاریکردنی چارەنوسیش.

جگە لەو میکانیزمە پێشکەتوە کۆمەڵایەتیەش چۆنیەتی دروست بوون و پێناسەی هەر وەڵاتێکیش گرنگە. ئەو وەڵاتانە کە فرەنەتەوەن، ئەگەر لە دروستبونی سیستەمی وڵاتەکە و قانونی بنەڕەتیی وڵاتەکە دا نەهاتبێ کە پێکهاتەی نەتەوەیی ئەو وڵاتە چییە، زۆر ئاستەمە لە دوایی دا و بە پڕۆسەی دێموکراسی دا مافی دیاریکردنی چارەنوس جێ بە جێ بکرێ. بۆ وێنە لە وڵاتەکانی وەک ئێران و تورکیە و سوریە دا کە لە بناغەڕا لە سەر بنەمای یەک میللەت - یەک دەوڵەت دروست کراون تا قانونی بنەڕەتی نەگۆڕ درێ و بە شێوەی تەوافوقی لە بەینی نەتەوەکانی نێو چوارچێوەی ئەو وەڵاتانە دا پێناسەی وڵاتەکە نەگۆڕدرێ بۆ پێناسەی فرە نەتەوە بون، تەنانەت ئەگەر ڕێگا بە ڕیفراندۆمیش بدرێ وەک میکانیزمێکی دێموکراتیک، هێشتا ناتوانرێ بۆ مافی دیاریکردنی چارەنوس کەڵکی لێ وەربگیرێ. چونکە مادام بوونی گروهێکی ئیتنیکی بە ڕەسمی نەناسرێ، مافی هەڵژاردنی جیاش نادرێ بەو گروهە. تەنانەت ئەگەر بۆ وێنە باسی ڕیفراندۆم سەبارەت بە مەسەلەی کوردیش بکرێ لە چوارچێوەی ئێران دا، دەگوترێ کە ئەو ڕیفراندۆمە پێویستە لە نێو هەمو خەڵکی ئێران دا بکرێ، کە ئەوکاتە هەرگیز زۆرایەتی بەدەست ناهێنێ. کەواتە بەر لە بەکارهێنانی ئامڕازە دێموکراتیکەکە، پێویستە بە شێوەی تەوافوقی لە نێوان نەتەوەکانی نێو وڵاتەکە دا وەک وڵاتێکی فرەنەتەوە، سیستم دامەزرێ و پەیمانی پێکەوەژیان بە مافی یەکسانەوەو بە مافی دیاریکردنی چارەنوسیشەوە ببەسترێ. لە غەیری ئەوە دا نەتەوەی فەرمانڕەوا هیچ کاتێک ئامادە نابێ قەبوڵ بکا کە یەکێک لە نەتەوەکان بە مافی دیاریکردنی چارەنوسی خۆی بگا.

هەر وەک چۆن ئەو ڕۆژنامەکەسایەتیە سیاسیەکان و ڕووناکبیرانی ناوەندگەرای ئێرانیش تەنانەت تێرمی"مافی دیاریکردنی چارەنووس" تەنیا دەبەستنەوە بە سەردەمی یەکیەتیی سۆڤیەتەوەو دەیانهەوێ بانگەشەی ئەوە بکەن کە ئەو مافە ئیعتیباری نێونەتەوەیی نییە و لەگەڵ هەڵوەشانەوەی یەکیەتیی سۆڤیەت کۆتایی پێ هاتووە. ئەوە لە کاتێک دایە کە مافی دیاریکردنی چارەنووس بە تایبەت بۆ نەتەوەکان، یەکێک لە بناغەسەرەکیەکانی قانونی نێونەتەوەیی مۆدێرنە. بە گشتی

بەندێکی قانونی نێونەتەوەییە کە لە ژێر چاوەدێریی نەتەوەیەکگرتوەکان دادەبێ بەڕێوە بچێ. و لە ماددەی ۱ و ۲ی پێڕەوی نێوخۆیی نەتەوە یەکگرتووەکان دا، ڕێکخراوە.ئەو میکانیزمە دیاری دەکا کە بۆئەوەی مافی یەکسان بۆ هەمو نەتەوەکانی سەرزەوی بە شێوەیەکی عادڵانە بەڕێوە بچێ، پێویستە شانسی وەک یەک بۆ هەمو نەتەوەکان دەستەبەر بکرێ و هەمو نەتەوەکان بتوانن بۆ خۆیان چارەنوسی خۆیان دیاری بکەن و بە شێوەیەکی ئازاد ستاتوتی خۆیان بۆپەیوەندیە نێونەتەوەییەکان هەڵبژێرن. ئەو میکانیزمە لە ساڵی١٨٦٠ ەوە تاریف کراو دوای شەڕی جیهانی یەکەم لە لایەن لینین ڕێبەری یەکیەتیی سۆڤیەتەوە، ڕۆژی ٨ی ژانویەی ١٩١٨ لە چاردە خاڵ دا پێناسە کراو لەلایەن سەرۆکی ئامریکا (ویڵسن)یشەوە ڕۆژی ١٨ای ژانویەی ١٩١٨ بەڕەسمی ناسرا. کورتەی ئەو یاسایە ئەوەبو کە دەبێ ڕێز لە ویستی نەتەوەکان بگیرێ و ڕێگا بدرێ کە بۆخۆیان چارەنوسی خۆیان و شێوەی بەڕێوەبردنی وەڵاتی خۆیان دیاری بکەن.

نموونەی ئەو نەتەوانەی کە لە دەیەکانی ڕابردوو دا ئەو مافەیان بەکار هێناوە، ئەریتیریا، وڵاتەکانی باڵکان، وەڵاتەکانی یەکیەتیی سۆڤیەتی پێشوو. هەر وەها ناوچەی فەڕانسەوی زمان لە کانادا و سکاتلاند لە بەریتانیا ئەو مافەیان بەکار هێنا بۆ بەدەستهێنانی سەربەخۆیی، بەڵام زۆرایەتی ڕەئی بۆ مانەوە دا. هەروەها لە کاتالۆنیای ئیسپانیا و لە باشوری کوردستانیش ڕیفڕاندۆم بەڕێوە چو، بەڵام سەرەڕای سەرکەوتنی، بەکار نەهێنرا. کەواتە مافی دیاریکردنی چارەنووس ئەو وەڵاتانەش دەگرێتەوە کە بە پیادە کردنی ئەو، سنووری وەڵاتانی ئەندام لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان دەگۆڕدرێ. چونکە ئەو مافە لە سەربناغەی پێکهاتەی نەتەوەیی داڕێژراوەو بۆ هەر نەتەوەیەکە کە تایبەتمەندییەکانی یەک نەتەوەی تێدابێ. کە دیارە تایبەتمەندییەکانی نەتەوەش گرنگترینیان بریتین لە: **نیشتمانی هاوبەش، زمانی هاوبەش، کلتووری هاوبەش، مێژووی هاوبەش و ئابووریی لێک گرێدراو.** کە دیارە بە هاتنی گلۆبالیزم، ئابوریش ڕۆڵێکی ئەوتۆی نەماوە. لە هەمووشی گرنگتر ئەوەیە کە کۆمەڵە خەڵکێک خۆیان بە یەک بزانن. واتە خۆیان وەک یەک نەتەوە پێناسە بکەن وئێتنیکی خۆیان و هووییەتی خۆیان لەوێ دا بدۆزنەوە.

لە کوردستان ئامانجی دوارۆژی زۆربەی ڕێبەران و حیزبەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان بە پشت بەستن بە مافی دیاریکردنی چارەنووس دیاری کراوەو بەرنامەی خۆیان لەسەر ئەومافە داڕشتووە و لە چوارچێوەی وەڵاتانێک دا کە ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکان بوون، بە شێوەیەک لە شێوەکان ، خەباتیان بۆ مافی دیاریکردنی چارەنووس کردووە.

لە کاتی شەڕی جیهانیی دووەم دا و لە بڕیارنامەی ئاتلانتیک دا چاردەی ئاگۆستی ١٩٤١ گونجێنراو لە لایەن ڕۆزڤێلت سەرۆکی ئەوکاتی ئامریکا و چرچل سەرۆک وەزیرانی ئەوکاتی بەریتانیاوە، پشتی گیراو بو بە بڕیاری نەتەوەیەکگرتوەکان. دیارە مافی دیاریکردنی چارەنوس بۆخۆی سیستمی بەڕێوەبەری نییە، بەڵکو میکانیزمی دیاریکردنی سیستمی بەڕێوەبەریە. بە

تایبەت بە ڕێگای ڕیفڕاندۆم دا. نەتەوەیەک دەتوانێ بڕیار بدا بۆسەربەخۆیی، فیدڕاڵی، خودموختاری یا هەر سیستمێکی دیکە.

**بەڵام بۆ ئەوەی نەتەوەیەک پشتیوانیی جیهانی بۆ بەکارهێنانی ئەو مافە بەدەست بێنێ، دەبێ چەند بناغەیەک بۆ خۆی بینا بکا:**

١- پێویستە ناسیۆنالیزمی ئەو نەتەوەیە بە جۆرێک گەشەی کردبێ کە هەرتاکێکی ئەو نەتەوەیە، خەمی نیشتمان بە خەمی خۆی بزانێ.

٢- پێویستە لە باری فەرهەنگی و کلتوریەوە ئامادەیی هەبێ .

٣- پێویستە دیپلۆماسیەکی باشی نێونەتەوەیی بکا و نوێنەری ناسراوی نەتەوەیی هەبێ.

٤- پێویستە بناغەی ئابووری و فەرهەنگی بۆ بەڕێوەبردنی خۆی بنیات نابێ.

٥- پێویستە حیزبی نەتەوەیی هەبێ کە تەنیا دەغدەغەی بریتی بێ لە وەدەستهێنانی مافی نەتەوەیی.

٦- پێویستە کۆمەڵگایەکی مەدەنیی زیندوو پێک بێنێ.


٧- پێویستە خەباتەکەی بە جەماوەری بک

**ئەنجام:**

بە بڕوای من دێموکڕاسی دەتوانێ ڕێخۆشکەر بێ بۆ جێ بەجێ کردنی مافی دیاریکردنی چارەنووس، بەڵام خۆ بەخۆ ناتوانێ دابینی بکا. پێشتر دەبێ بە شێوەی تەوافوقی ددان بە بوونی نەتەوە جیاوازەکان دابنرێ و پاشان مافەکانیان لە قانونی بنەڕەتی دا بە ڕەسمی بناسرێ، میکانیزمی بەکارهێنانی ئەو مافانەش لە قانون دا بێ و پیادە بکرێ. ئەو کات دێموکڕاسی هەم بۆ چۆنیەتی ئیعمالی ئەو مافانە وهەم بۆ پاراستنیان سیستمێکی جێگای متمانە دەبێ.

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر: ڕێکەوتی: ١٢ی فێبریوێری ٢٠٢٣

# هێزە سیاسییەکانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کاری قورس و ئەرکی گرانیان لەسەر شانە




**کەماڵ گرویسی**

ئێمەی کورد کێشەکەمان زۆر تایبەتە. هیچ نەتەوەیەک لە دنیادا وەک ئێمەی لێ نەقەوماوە. تەنیا نەتەوەیەکین دەسەڵاتدار و ئۆپۆزیسیۆن وەک یەک دژمانن. تەنیا نەتەوەین لە دنیادا سێ نەتەوە دەوریان داوین کە هیچ مافێکمان پێ ڕەوا نابینن و بێ پسانەوە حەولی توانەوەمان دەدەن. تەنیا نەتەوەین لە دنیادا هیچ مافێکی نێونەتەوەیی نامانگرێتەوە و کەس لەسەرمان وەجواب نایە. تەنیا نەتەوەین لەدنیادا کۆنترین خەڵکی نیشەجێی شوێنی خۆمانین کەچی خەڵکی تازەهاتوو لەسەرمان حاکمن. تەنیا نەتەوەین لە دنیادا چەند سەدەیە کۆڵمان نەداوە و هەر جارەی لە لایەکی نیشتمانمان خەریکی بەربەرەکانی و خەباتین. تەنیا نەتەوەیەکن لە بازنەیەکدا دەخولێینەوە و دەشکێین و سەرلەنوێ هەڵەسوون دێنینەوە و دەست پێدەکەینەوە. تەنیا نەتەوەیەکین سەرەڕای ئەو مێژووە خوێناوییەمان هێشتا حازر نین یەکبگرین و هێزو گوڕمان یەکخەین و جارێک و بۆ هەمیشە لەو جەغزە دەرباز بین و وەک نەتەوەکانی دیکە ببینە خاوەن سەروەری و نیشتمانمان سەربەخۆ بکەین. تەنیا نەتەوەین هەموو ئیدەلۆژییەکمان لەسەر خۆمان تاقی کردووەتەوە و هیچیان خێریان بۆمان نەبووە، کەچی نەوە لە دوای نەوە ئەو ئیدەلۆژییانە دەسووینەوە و وەگرشەیان دەخەینەوە و ئەزموون وەرناگرین،کارکردن بە ئیدەلۆژی خەڵکیتر یانی داخستن و گاڵەدانی عەقڵی خۆت و کارکردن بە عەقەڵی خەڵکی دیکە!

لە هەلومەرجی ئێستای ئێراندا پێویستە لەسەر چەند خاڵی سەرەکی کۆک بین و لە گوتار و وتارماندا لە گەڵ لایەنەکانی بەرامبەرمان رەچاویان بکەین. بە بڕوای من یەکەم خاڵ کە دەبێ لەسەری سوور بین ئەوەیە کە پێیان بسەلمێنین:
ئێران وڵاتێکی چەند نەتەوەییە.

ئێرانی بوون بە مانای فارس بوون نییە و ئێران تەنیا جۆغرافیایە نەک نەتەوە.

زمانی فارسی زمانی پێوەندییە نەک زمانی نەتەوەیی و هەر نەتەوەیەی زمانی خۆی هەیە.

ئاڵای داهاتووی ئێران دەبێ هێمای هەموو نەتەوەکانی تێدا بێ و هەرنەتەوەیەش ئاڵای خۆی لە مەڵبەندی خۆی دەبێ.
ناوی ئێرانیش دەبێ ئەیالەتی یەکگرتووی ئێران بێ.(ممالک محروسە)

یەکپارچەیی ئێرانیش بەندە بە رەچاو کردنی مافی نەتەوەکانی پێکهێنەری ئێران.

شتێک بە ناوی دین و زمانی رەسمی نابێ بوونی هەبێ.

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر: ڕێکەوتی: ١٢ی فێبریوێری ٢٠٢٣

# بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانە و ئەو کۆسپانەی کە دەبێ بناسرێن

**سایتی پەیام**

شۆڕشی خەڵکی ئێران لە درێژەی خۆیدا گەلێک دەستکەوتی بەنرخی دستەبەر کردوە. یەکێک لەم دەستکەوتانە کە دەتوانێ ببێتە پێناسەی هەر بزوتنەوەیەکی جەماوەری دەکرێ لە هێڵەک دانی دۆستان و دوژمنەکانی بێت. لەمڕۆدا دوای ٥ مانگ شاهیدی پەلەقاژەی نەیارانی بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەین بە دوو ئاڕاستەی جیاوازدا. لە لایەکەوە هەوڵەکانی ڕژیمی ئیسلامی بۆ "ئاسایی کردنەوە" و لە لایەکی دیکەوە تێکۆشانی ئۆپوزسیۆنی بۆرژوایی بۆ دەستبەسەردا گرتنی شۆڕش.

ماجەرای "ئاسایی کردنەوە" دەکرێ لەم خاڵانەی خوارەوەدا ببینین. بێجگە لەوەی کە لە هەمان سەرەتاوە ئەویان بە"بشێوی" ژمارەیەکی کەم و "فریو خواردو" وە "کەسانی سەربە بێگانەکان" ناساند، لەم دواییەدا دوو پێشکەش کاری کاناڵی ئامریکایی ئێن پی ئاڕ، NPR، ئێوارەی رۆژی یەکشەممە ١٦ ی مانگی ڕێبەندان بە بڵاو کردنەوەی چەند پۆستێک لە تویتێردا، باسیان لە چوونی خۆیان بۆ تاران کرد بۆ ئامادە کردنی ڕاپۆرت. چوونی ئەم دوو پێشکەش کارەی شەبەکەیەکی ئامریکایی بۆ ئێران لە حاڵێکدایە کە کۆماری ئیسلامی لە کاتی کوشتنی ژیناوە و دەستپێکی شۆڕشی خەڵک گوشارەکانی بۆسەر رۆژنامە نووسانی ئێرانی زیاتر کردوە و هەوڵیداوە بە سانسۆڕ، سەرکوت، بڕینی ئینتێرنێت و فیتیرینگ و هەروەها بڵاو کردنەوەی هەواڵی درۆ و هەڵبەستراو، بەر بە ئاگادار بوونی خەڵکی دنیا لە ڕاستیەکانی نێو ئێران بگرێت. ئێستا پرسیار ئەوەیە کە چ ڕووداوێک لە ڕێدایە کە ئیزن بە هەواڵنێرانی ئامریکایی ئەدرێت تا لە نێو خاکی ئێراندا چالاکی بنوێنن؟ ئەویش لە بارودۆخێکدا کە هەر ئەم ڕاگەیەنەرە ڕۆژئاواییانە لە چەند مانگی ڕابردودا، زیاتر لە هەر کاتێکی تر بە پەیرەوی کردن لە دەوڵەتە ڕۆژئاواییەکان بە ئامانجی گوشار بۆسەر ڕژیمی ئیسلامی لەحنێکی توندتر و ڕوون تریان لە بەرانبەر کۆماری ئیسلامیدا سەبارەت بە سەرکوتی نارەزایەتیەکان و پێشێل کرانی بە ئاشکرای مافەکانی مرۆڤ هەڵبژرادبوو؟

ئەم ڕووداوە لەپاڵ سەر هەڵدانی جار جارەی ڕەوتی ئیسلاح خوازەکان و تەرحی بەڕێوەبردنی گشت پرسی و پێکهێنانی مەجلیسی موئەسسان، لە لایەن موسەویەوە، فەرمانی بەخشینی ژمارەیەک لە زیندانیانی نارەزایەتیەکانی ئەم دواییە لە لایەن خامنەییەوە و شەڕی زەرگەری ئەندامانی مەجلیس، هەمان ئەو کەسانەی کە تا دوێنێ خوازیاری ئێعدام کرانی بە کۆمەڵی دەستبەسەر کراوانی نارەزایەتیەکان بوون لە پاڵ بانگهێشتی وەزیری میراسی فەرهەنگی کە داوای لە گشت خەڵکی دنیا کردوە تا بچن بۆ ئێران، دابنێن تا کردارەکانی ڕژیمی ئیسلامی بۆ زەمینە خۆش کردن بۆ بوژاندنەوەی بەرجامی لێ

نەتیجە گیری بکرێت.

ڕاستیەکەی ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی هەستی کردوە کە ئەم ئاخێزە خەیاڵی هێور بوونەوەی نییە، لەم ڕووەوە لە پاڵ توند کردنەوەی سەرکوتەکان و پیشاندانی توانایی نیزامی، دەزانێت کە لەگەڵ ئابووریەکی دارماودا بەرەو ڕووە، بۆ دەرچوون لەم وەرشکست بوونە کە دەیانەوێ بیکەنە زەمینەی دەرچوون لەم بونبەستە سیاسیەی خۆیان، پێویستیان بە بوژاندنەوەی بەرجام هەیە. بەڵام بوژاندنەوەی بەرجام ئیمکانی نییە مەگەر بەر لە هەرشتێک ڕواڵەتی بێ نیهایەت دزێو و نەفرەت لێکراویان لای ڕای گشتی خەڵکی دنیا و پێگەی لاواز بوویان لە پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتەکاندا نۆژەن بکەنەوە. بێجگە لە هەوڵەکانی کۆماری ئیسلامی، نابێ لەبیرمان بچێتەوە کە ئامانجی دەوڵەتانی ڕۆژئاوایی هەر ئەو جۆرەی کە زۆر جار ڕایانگەیەندوە ئامانج لە گوشار خستنەت سەر کۆماری ئیسلامی ڕام کردنی حکومەت بووە نەک ڕوخاندنی. لەبەر ئەوەی دەوڵەتانی ڕۆژئاوایی تا ئێستاش کۆماری ئیسلامی لە ئەگەری ڕام بوونیدا بە بژاردەیەکی باشتر بۆ دەرێژەی سیاسەتەکانیان لە ناوچەی قەیران لێدراوی ڕۆژهەلاتی نێوەڕاستدا دەبینن. لەم ڕووەوە لە یەکەم هەنگاودا ئەوانیش مایل بە بوژاندنەوەی بەرجام و کۆنترۆڵ کردنی بەرنامە هەستەییەکانی کۆماری ئیسلامی و ئاڵوگۆڕ لە سیاسەتە ناوچەییەکانی ئەم ڕژیمەدا و لە هەنگاوی دووهەمدا ئازاد کرانی شارۆمەندانی زیندانی خۆیان و ئەو بە بارمەتە گیراوە دوو تابیعیەتیانەن لە زیندانە مەترسیدارەکانی ئێراندا. بەڵام بەرەو پێش بردنی ئەم سیاسەتە لە بارودۆخێکدا کە دنیا لە پێنج مانگی ڕابردودا سەبارەت بە بێ ڕەحمی و توندی سەرکوتی خوێناوی کۆماری ئیسلامی داچلکیوە و شەپۆلێکی بێوێنە لە هاودڵی و هاوپشتی لەگەڵ خەڵکی ئێران کەوتۆتە ڕێ، و لە حاڵێکدا کە شارۆمەندان و منداڵانی ئێرانی لە سەر شەقامەکان و لە زیندانەکاندا دەکوژرێن و ڕۆژانە ڕاپۆرتی هەژێنەر سەبارەت بە ئەشکەنجە و ئازاردانی جنسی دەستبەسەر کراوان بڵاو دەبێتەوە، هاسان نییە. بەرەو پێش بردنی وەها سیاسەتێک پێویستی بە دانی وێنایەکی جیاوازە لە ڕاستیەکانی ئەمڕۆی نێو ئێران. بەڵام هەر ئەو جۆرەی وترا بە کردەوە دەرهاتنی وەها ساز و سەودایەک تەنیا لە بارودۆخێکدا کە وەزعیەت و فەزای سیاسی ئێران" ئاسایی" پیشان بدرێت مومکینە. سایتی واشنگتۆن فری بیکێن، ڕۆژی چوار شەممە ١٢ ی مانگی ڕێبەندان، لە ڕاپۆرتێکدا باسی ئەوەی کرد کە گوروپەکانی لابی کۆماری ئیسلامی کەمپەینێکی شاراوەیان بۆ بوژاندنەوەی بەرجام وەڕێ خستوە. بەم پێیە لە دوای ئەم ڕوداوانە لە لایەنی جۆراو جۆرەوە هەوڵ ئەدرێت تا بارودۆخەکە" ئاسای" پێشانبدرێت.

بەڵام ئوپوزسیۆنی بۆرژواییش بە کردەوە بە هەر جیاوازی و پاساوێک کە هەیان بێت، بە هەوڵەوکانیان بۆ ئاڵترناتیو سازی لە ڕێگای تەرح کردنی گشت پرسی و وەکالەت دان و هیترەوە بە کردەوە ئاو دەکەنە ئاشی کۆماری ئیسلامیەوە، بەم جۆرە تەرح و گەڵاڵانە ئەوانیش بە نۆبەی خۆیان نیشانی ئەدەن کە نیگەرانی درێژەی ئاخێزی شۆڕشگێڕانەن. ئاخێزی شۆڕشگێڕانەی خەڵک ئەگەر قەرار بێت ببێتە هێزێک کە حکومەتی ئیسلامی بڕوخێنێ، مناسباتێک دابمەزرێنێ کە بەڕێچوون، ماف و کەرامەتی ئینسانی بپارێزێت، پێویستی بە ئاڵترناتیو سازی لە دەرەوە نییە. وەها هەوڵگەلێک سیاسەتی لە

چاوەروانیدا ڕاگرتن و دەستاو دەست کردنی دەسەڵات لە دەرەوە بۆ ناوەوە تاقیب دەکات، و بە کردەوە دەرێژەی ئەم ئاخێزە شۆڕشگێرانە دەخەنە مەترسیەوە. لەم ڕووەوە نە دەوڵەتانی ڕۆژئاوایی و نە ئوپوزسیۆنی بۆرژوایی، چ لە نێوخۆ و چ لە دەرەوەی وڵات درێژەی ئاخێزی شۆڕشگێڕانە و زاڵ بوونی جەماوەری ستەمدیتوو بەسەر چارەنووسی خۆیاندا بە قازانجی خۆیان نابینن و هەر کامە و بە شێوازێک بەربەستێکی بۆ دروست دەکەن.

ئێستا خەڵکی ئێران بۆ پاراستنی دەستکەوتەکانی شۆڕشەکەی کە بە دانی هەزینەیەکی زۆر و خوێناوی دەستەبەری کردوە، لە پێش هەموو شتێکدا هەر کەسە و دەبێ بە پشت بەستن و بە متمانە بەخۆیی ئیجازەی ئاسایی کردنەوەی بارودۆخەکە بە ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی نەدەن و هەوڵەکانی ئوپوزسیۆنی بۆرژوایی بۆ برگرتن لە درێژەی نارەزایەتی و مانگرتن و بەهێز و پتەوتر بوونی یەکێتی و هاوپشتی لە ڕیزەکانیاندا، بەرەو ڕووی ناکامی بکەنەوە.

سەرچاوە: سایتی پەیام – ڕێکەوتی: ١٢ی فێبریوێری ٢٠٢٣

# لە پێنج مانگەی شۆڕشی ژینادا




**ئەهوەن ڕۆژهەڵاتی**

"شۆڕشی ژینا" وەک شۆڕشێکی نوێ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە پاش کوژرانی "ژینا"ی تەمەن ٢٢ ساڵ لە شاری تارانی ناوەندی داگیرکاریی ئێرانی، بە دەستی پۆلیسی ئەخلاق لەپێناو پاراستنی ناوەندیترین بەهای سیاسی/ئایدیۆلۆژیکی دەسەڵاتی ئیسلامیی ئەو کۆمارە ئێرانییە، دەستی پێکرد و تا سەرکەوتنی گەلانی ئێران بەسەر دیکتاتۆریی کۆماری ئیسلامی‌دا درێژەی هەیە.

لە سەرەتای سەرهەڵدانی شۆڕشی ژینا لە ئێراندا تا ئێستا دروشمگەلێکی جۆراوجۆر پەرەیان سەندووە، زۆربەی ئەم دروشمانە گەر سرنجیان بدەین تا ڕادەیەک دەتوانن داخوازییەکان و ئاستی سیاسیی خەڵکی ئێران و کوردستانمان بۆ دەربخەن.

لەم نێوانەدا دروشمی ژن، ژیان، ئازادی سەرەکیترین دروشم و باشترین دروشمی شۆڕشی ژینا بوو.

لە ڕۆژی بەخاکسپاردنی خاتوو ژینا ئەمینی‌دا، هەزاران کەس لە خەڵکی شاری سەقز و دەوروبەری بۆ پێشوازی لە تەرمی

ژینا لە گۆڕستانی ئایچی ئامادە بوون، تا بە سەردەمدارانی کۆماری ئیسلامی نیشان بدەن کە بە کوشتنی کچێکی بێتاوانی کورد بە بیانووی حیجابەوە گەورەترین هەڵەی مێژوویی خۆیان کردووە، چونکە ژنان و کچان لای نەتەوەی کورد ڕێز و بایەخیان هەیە و نەتەوەی کورد، نەتەوەیەک نییە کە لەهەمبەر کوشتن و ئەشکەنجەکرانی ژنان و کچانی خۆیدا بێدەنگ و بێهەڵوێست بێت.

دروشمەکان لە گۆڕستانی ئایچی سرنجی هەموو بینەران و بیسەران، میدیاکان و ڕۆژنامەوانانی وڵاتانی جیهانیان بۆ خۆیان ڕاکێشا؛ نەتەوەیەک کە دەسەڵاتی داسەپاو ساڵە هاى ساڵەهای ساڵە بۆ لەناوبردنی لە هەموو ڕێگا و شێوازێک کەڵکی وەرگرتووە تاکوو لەنێو خۆیدا بیتوێنێتەوە زمان و کلتوور و داوا ڕەواکانی لێ بستێنێ، بە یەک چەخماخە، ئاگری ژێر خۆڵەمێشی ٤٣ ساڵی هەڵگیرساندەوە بەجۆرێک کە هەموو دەسەڵاتەکەی خستە مەترسییەوە.

ژنانی ئازادیخواز و مافویستی ڕۆژهەڵات بە وتنەوەی دروشمی ژن، ژیان، ئازادی ڕۆڵی سەرەکی ئەم شۆڕشەیان لەئەستۆ گرت، ڕۆڵێکی قارەمانانە کە بوو بە هۆی ئەوەی سرنجی هەموو ژنانی وڵاتانی جیهان بۆ لای خۆیان ڕابکێشن، هەروا کە هەموومان بینیمان لە ژنانی نەتەوەکانی تری ئێرانەوە بگرە تا پارلەمانتارە ئورووپایی و ئامریکاییەکان هەتا زۆربەی ژنانی وەرزشوان و ئەکتەرە بە ناوبانگەکان بۆ هاوسۆزی لەگەڵ ژنانی ڕۆژهەڵات پرچەکانی خۆیان بڕی تاکوو سرنجی دەسەڵاتداران و کاربەدەستانی وڵاتە ئورووپاییەکان و ئامریکا بۆ شۆڕشی ژنانی کورد لە ڕۆژهەڵات ڕابکێشن.
شۆڕشی ژینا زنجیرەیەک لە خۆپیشاندانەکانی هێنایە ئاراوە کە تەنیا تایبەت بە ڕۆژهەڵات نەبوو و هەموو شار و شارۆچکەکانی ئێرانی گرتەبەر.

ئاڵاهەڵگریی ژنانی کورد لەم شۆڕشەدا بووە هۆی ئەوەی تاکوو بۆ یەکەمجاریش بێ لە مێژووی ئێراندا ژنان بۆ داوا ڕەواکانیان دەنگ هەڵبڕن و پیاوان بە دڵ و گیانەوە پشتیوانییان لێ بکەن.

پاش ماوەیەک لە پەرەسەندنی شۆڕشەکە، لە زۆربەی شارەکانی ئێران بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە هاتنە نێو جەرگەی خەبات دژ بە کۆماری کۆنەپەرستی ئیسلامیی ئێرانەوە. لە تاران کە ناوەندی ئێرانە و یەکێ لە شارە گەورەکانی ئەم وڵاتە بەئەژمار دێت و حەشیمەتێکی ئێجگار زۆری هەیە و وەک کەلان شار دەناسرێت لەجیاتی پشتگیری لە کوردستان کە بە تەنیا نزیک بە یەک مانگ دژی داگیرکەرانی کۆماری ئیسلامی ڕاوەستابوو و دۆخی شارەکانیشی بەتەواوی مێلیتاریزە کرابوو و خەڵکەکیان دەکردە ئامانجی گولـلە و چەندین لاوی شۆڕشگێڕ و ئازا گیانی ئازیزیان لەم ڕێگایە پێشکەش بە بارەگای ئازادی کرد، تاران کە بۆ دیاریکردنی داهاتووی ئەم شۆڕشە و ڕووخانی

دەسەڵاتی مەلاکان، چاوی زۆرینەی وڵاتانی لەسەر بوو، خەڵکەکەی بە لابردنی سەرپۆش و باوەشی خوڕایی و دابەشکردنی شوکولات درێژەیان بەم ڕاپەڕینە دەدا؛ ئەڵبەت جێی ئاماژەیە کە بگوترێ چینی باڵادەست یا نەتەوەی فارس تەنیا کێشەیان لەگەڵ حیجاب و نەمانی گەشتی ئێرشاد بوو، کە بە مەرگی کچە کوردێکی بێتاوان لە تاران بە ئامانجەکەیان گەیشتن، ئیتر بۆیان گرینگ نییە کە لە کوردستان و بەلووچستان خەڵک بە گولـلەی کلاش و دۆشکا تەقەیان لێدەکرێ و لە زاهێدان گۆمی خوێن درووست دەبێت، فاشیسمی فارس تەنیا ئەوە بە ئەرکی سەرشانی خۆی دەزانێ کە لەسەر بانەوە و لە دەلاقەیماڵەکانەوە لە تاریکایی شەودا دروشمی "توپ تانک فشفشە، سەبزی پلو با ماهی، بسیجی جیرەخور" سەر بدەن.

لە دروشمەکانی تاران و ئێسفەهان و مەشهەد و شیراز و چەندین شاری تری فارس‌زمان زۆر بە باشی دەردەکەوێ کە ئاستی سیاسیی خەڵکی ئەم شارانە چەند لە خوارەوەیە و هیچ پۆزیشنێکی سیاسی بۆ داهاتووی ئێران لە لای ئەوانەوە پەرەی نەسەندووە.

گەر سرنجی دروشمەکانی ساڵی ۸۸ بدەین سرنجڕاکێشترین دروشمی نەتەوەی فارس "دەنگی من کوانێ؟" بوو، ئەمە دەیسەلمێنێ کە تا دوانزە ساڵ پێش، هێشتا خەڵکی فارس ئیمانیان بە ڕێژیمی ئێران هەبووە و شوێنکەوتووی حیزبە دەسکردەکانی ئەوان بوون و بڕوایان بە گۆڕانکاریی ڕێفۆرمخوازەکان هەبوو.

هەروا کە بینیمان زۆربەی ئەو کەسانەی کە ئێستا ئاڵای دژ بە کۆماری ئیسلامی بوونیان لەنێو نەتەوەی فارس بە دەستەوە گرتووە، تا دوانزە ساڵ پێش خۆیان لە بەرەی ڕێفۆرمخوازەکاندا بوون و هیچ بیرێکیان لە نەبوونی کۆماری ئیسلامی نەدەکردەوە، هەر ئەم کەسانە ساڵی ۹٦ دروشمی "تا ۱٤۰۰ با روحانی"یان دەوتەوە کەچی ئێستا بوونەتە ئۆپۆزسیون و بەرە ساز دەکەن بۆ ڕزگارکردنی ئێرانییەکان!

هەر ئەم چەن دێڕە دەیسەلمێنێ کە نەتەوەی فارس خواستەکانی لەگەڵ خواستەکانی نەتەوەکانی تری ئێران، وەک کورد و بەلووچ و تورک، تورکمان، عەرەب، گیلەک، مازەنی زۆر جیاوازترە. نەتەوەی فارس تەنیا بەرژەوەندیی خۆیان دەوێ لە پاڵ ئەوەشدا ئامادەن ماف و داوا ڕەواکانی نەتەوەکانی دیکە پشتگوێ بخەن و پێشێلی بکەن. هەر بۆیە ئەیانەوێ دەسەڵات لەم دیکتاتۆرەوە بگۆڕن بۆ دیکتاتۆرێکی تر، ئیتر گرینگ نییە شا بێت یان مەلا! تەنیا نەتەوەی باڵادەست ئەوان بن و بەرژەوەندی بۆ ئەوان بێت، ئەوە کەفایەت دەکات بۆ بێدەنگبوونی نەتەوەی فارس.

هەر بەم هۆیەوە دەتوانین ئاماژە بەوە بکەین کاتێ هەموو گەلانی ئێران پێکەوە هاواریان دەکرد ژن، ژیان، ئازادی، بەرژەوەندیخوازە فارسەکان هەستیان بە مەترسی کرد کە نابێ لەپێناو یەکڕیزی و هاوپشتیی خەڵک بۆ ڕۆژهەڵاتدا بێدەنگ بن، بۆیە هاتن و بۆ بەربەست سازکردن لەهەمبەر دروشمی ژن، ژیان، ئازادی دروشمی "مرد، میهن، آبادی"یان ساز کرد.
پیاویان لە بەرامبەر ژن دانا کە گوایە ژن لەو ئاستەدا نییە کە بتوانێ بڕیار بدات و حەتمەن دەبێ پیاوێک لە پەنایدا بێت، لە بەرامبەر ژیان هاتن، میهەنیان دانا و ئازادیان دیسان بەند کرد بە ئابادیەوە و ئاوەدانیی ئێرانیان کردە خاڵی بەرانبەری و بەتەواوی دروشمەکەیان گۆڕی.

ئامانجیان لە وتنەوەی دروشمی "مرد، میهن، آبادی" کە تێدا فاکتەری "مرد"، باس لە پیاوسالاری و زوڵمی پیاوان دەکات بەرانبەر بە ژنان، فاکتەری "میهن" کە شۆڤێنیزمی فارس نیشان دەدات و فاکتەری "آبادی" کە بە دڵی میهەنپەرەستان و سەرمایەدارە ئێرتێجاعییەکان بوو زەق کرانەوە کە بەداخەوە لە چەندین زانکۆدا ئەم دروشمە دووپات کرایەوە، بەداخەوە چینی خوێندەوار کە هەموو کات خوازیاری ئازادی و دەستەبەرکردنی ماف بوون، فریوی چینی ئێرتێجاعیوونی میهەنپەرەست و سەرمایەداریان خواردبوو. ئەم دروشمە بەتەواوی پیاوسالارانەیە و هەستێکی زۆری ناسیۆنالیستی دەگرێتە بەر کە دژی مافخوازیی نەتەوەکانی ئێران و ئازادیخوازی و مافویستیی هەموو گەلانی ئێرانە.

کۆمەڵگەی ئێران کە بەشێکی زۆری مێژووی خۆی لەژێر دەسەڵاتی دەرندەی پیاوسالاری، سەڵەتەنەت تەڵەبی و کۆماری ئیسلامیدا تێپەڕ کردووە، ئازادیخوازی و مافویستی و ئاڵاهەڵگریی ئەم شۆڕشەی لەلایەن ژنانەوە پێ قبووڵ ناکرێ، ناسیۆنالیستە وەتەن پەرەستەکان کە دژی ژنان و چینی کرێکار و دژی خەڵک و ئازادیخوازانن، تەواوی بیر و عەقڵی خۆیان بە کارهێناوە بۆ وەستانەوە لە بەرامبەر مافویستی و مافخوازیی خەڵکی ئازادیخوازی ئێران بۆیە لە دروشمی بۆگەنیوی مرد، میهن، آبادی کەڵک وەردەگرن.

پێیان قەبووڵ نەدەکرا دروشمی کوردیی ژن، ژیان، ئازادی کە چەندین ساڵە لە هەر چوار پارچەی کوردستان خەباتی بۆ کراوە پەرە بستێنێ و ببێتە دروشمی سەرەکیی ئەم شۆڕشە بەڵام لە تاران هەر دروشمی توپ تانک فشفشە و سبزی پلو با ماهی سەر بدەن.

لەم پێناوەدا دەستیان دایە سازکردنی بەرە و دروشمی تایبەت بە خۆیان، هەر بۆیە کەڵکێکی زۆریان لە میدیاکانیان لە لەندەن و سلێبریتییەکانیان لەنێو ئێران وەرگرت کە لە ماوەی ٤٣ تەمەنی کۆماری ئیسلامیدا بە ئازادانە چالاکییان دەکرد؛ ئەوان بە پەراوێزخستنی دروشمی نەتەوەکانی بەلووچ و کورد و بۆڵدکردنەوەی دروشمی "مرد، میهن، آبادی،

ولیعهد کجایی، به داد ما بیایی و رضاشاه روحت شاد" و سانسۆرکردنی ئاڵای کورد و بەلووچ و عەرەب لە برلین و ستراسبۆرگ هەوڵیان دا شۆڕشەکە لە ئاخێزگەکەی واتە لە کوردستان بدزن.

نەتەوەی فارس لەم شۆڕشەشدا وەک شۆڕشی گەلانی ساڵی ٥٧ کە خومەینی زۆر بە زیرەکی لە هەموو ئۆپۆزسیونی ئەوکاتەی دزی و بەناوی خۆیەوە تۆماری کرد و دەستی هەموو لایەنەکانی تری لێ بڕی، دیسان ئەیانەوێ شۆڕشەکە بۆ خۆیان بدزێن و بەناوی خۆیانەوە تۆماری بکەن. لە کوردستان و بەلووچستان لە کوشتنی خەڵک گۆمی خوێن دروست بکرێ و هەینیی خوێنێنی زاهێدان و کوشتاری بێبەزەییانە لە مەهاباد و بۆکان و جوانڕۆ و سنە ڕوو بدات تا تارانییەکان بە خەیاڵی ئاسوودە لە پشتی دەلاقە و لەسەر بانەوە خەبات بکەن و خۆیان بە خاوەنی شۆڕشەکە بزانن وکالەت بە کوڕی کۆنە دیکتاتۆرێک بدەن کە بێتەوە و دیسان دیکتاتۆرێکی تر ساز بکەن، تا ئەوان بێخەم بن کە تەمامییەتی ئەرزیی جوغرافیای ئێران نەکەوێتە مەترسییەوە و دیسان وەک هەموو ساڵانی پێشوو نەتەوەی بەرژەوەندیخوازی فارس لە باڵادەستیدا بن و نەتەوەکانی تر وەک ڕەعیەتی ئەوان لە کەمترین مافەکانی خۆیان بێبەش بن.

ئەم کردەوەش لە گۆڕینی دروشمەکانەوە تا بگاتە هێنانە مەیدانی کوڕی حەمەڕەزاشا بۆ سەرۆکایەتیی داهاتووی ئێران خۆی نیشان دەدات.

نەتەوەی فارس کاتێ دوای تێپەڕبوونی ماوەیەک لەم شۆڕشە بۆی دەرکەوت کە هەموو گەلانی ئێران یەکدەنگ هاوار دەکەن "ژن، ژیان، ئازادی" یا "کوردستان چشم و چراغ ایران" ترسێکی زۆر کەوتە دڵیانەوە کە نزیک بە چەندین ساڵە کە کوردستان لە هەموو ئێران دوور خراوەتەوە و تەنیا وەک مەرزنشینی غەیوور ناوی لێ دەبەن، خەڵکیان لە کورد و کوردستان ترساندووە کە گوایە نەتەوەی کورد سەر دەبڕن و لە کاتی شەڕی نێوان حیزبەکانی کوردستان و کۆماری ئیسلامیدا هەر کیلۆ گۆشتی خەڵەبانێک پێنسەد میلیون فرۆشراوە!.

ئێستا کاتێ دەیانبیست هەموو خەڵکی ئێران وێکڕا هاوار دەکەن کوردستان چشم و چراغ ایران، یا بە کوردی دەیانگوت ژن، ژیان، ئازادی، سەڵتەنەت تەڵەبەکان ئەو ترسەیانە زۆر بە باشی هەست پێکرد کە لەمە بەدوا ناتوانن گەلانی تری ئێران سەبارەت بە بارودۆخی کوردستان بێدەنگ بکەن. بۆیە هاتن و لە سەری ساڵی زایینیدا چەندین کەس وەک عەلی کەریمی (یاریزانی فووتباڵ)، مەسیح عەلینژاد(کۆنە ئیسڵاح تەڵەب کە زۆربەی زۆری دەغدەغەی مێکشی لابردنی ڕووسەرییە)، حامد ئیسماعیلیوون (لە بنەماڵەی قوربانییانی فڕۆکەی ئۆکراینی)، گوڵشیفتە فەراهانی (ئەکتەری فیلمە ئێرانییەکان)، کوڕی حەمەڕەزاشای پەهلەوی (کوڕی کۆنە دیکتاتۆری پێشووی ئێران) ئیئتلافیان ساز کرد و وکالەتیان بۆ دەورەی تێپەڕبوون

لە کۆماری ئیسلامی بە کوڕی حەمەڕەزای پالانی دا کە دوای چل ساڵ ژیان لە وڵاتە پێشکەوتووەکان هێشتا بیروڕای وەک باوباپیری کۆنە و خەڵک بە ڕەعیەتی خۆی ناو دەبات.

ئەم کارەساتە لەکاتێکدا ڕووی دا کە ئێمە لە سەدەی ٢١دا ژیان بەسەر دەبەین، جێی ئاماژەیە کە لە ١٥٠ وڵاتی جیهان زۆربەی ئەم وڵاتانە یا بە شێوەی کۆنفیێدراڵی یا فێدراڵی ئیدارە دەکرێن و کەمتر وڵاتێ هەیە کە دوای گۆڕانی دیکتاتۆرێک دیسان دیکتاتۆرێکی کۆن بێنێتەوە سەرکار.

ئەم ئێعتلاف و وکالەتدانە لە کاتێکدا ڕوو دەدا کە لە هەموو خۆپیشاندانەکانی شۆڕشی ژینادا خەڵک وێکڕا و یەکهەڵوێست هاواریان دەکرد نە سەڵتەنەت نە ڕێبەری، دیمۆکراسی و بەرابەری!

ئەم درۆشمەش مانای ئەوەیە کە دەوڵەتێکی دێموکراتیکمان دەوێ، حکوومەتێک کە فەردگەرا نەبێ، کەچی ئێستا خەڵکی دواکەوتووی فارس بۆ ئەوەی کە مافی نەتەوەکانی تری ئێران نەدەن و بە بیانووی تەمامییەتی ئەرزی و تەجزیەتەڵەبیی نەتەوەی کورد و بەلووچەوە، کاردانەوەیان لەم بوارەدا ئەوەیە کە لەگەڵ کوڕی ڕەزاشا بەیعەت بکەن وەک چۆن ١٤٠٠ ساڵ پێش خەڵک هیچ ئاگاهی و زانستێکی سیاسیان نەبوو و ناچار بوون بۆ پاراستنی گیان وماڵیان لەگەڵ گەورەی قەبیلەکان بەیعەت بکەن.

ئەمە تەنیا یەک هۆکاری هەیە، ئەویش نەبوونی ئاگاهی سیاسیی خەڵکی فارسزمانە، ئەو هۆکارانەش کە بوونەتە هۆی ئەم کاردانەوانە نەبوونی حیزب و بزووتنەوەیەکی سیاسیی باشە کە خەڵکەکەی لە بواری سیاسیدا بە باشی پەروەردە بکات و ئاگاهیی سیاسی و کۆمەڵایەتییان بەرەو پێش ببات.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢٦ی ڕێبەندانی ١٤٠١ی هەتاوی = ١٥ی فێبریوێری ٢٠٢٣

---

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

ڕەشەمەی ٢٧٢٢ی کوردی = فێبریوێری ٢٠٢٣ی زایینی